**ڕووداوەکانی مەریوان لە ساڵانی ١٣٥٧_ ١٣٥٨ و هەندێك تێبینی!**
**تاهیر خالیدی**

## پێشەکی

هەندێك لە رووداوە مێژوییەکان، دوای تێپەربوونی ساڵانێکی دوور و درێژ بە سەریاندا، بایەخی ئەوەیان هەیە کە مرۆڤ کاتی پێویستی بۆ دانێت و لایەنی جۆراوجۆری هەڵسەنگێنێ، تا نەوەی نوێ بتوانێت هەرچی زیاتر لە دەسکەوتەکانی کەڵک وەرگرێت و خۆی لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکانی ئەو مێژووە دوور بگرێت.

جێگای سەرنجە کە تا ئێستاش زۆرێک لە رووداوەکانی شۆرشی رۆژهەڵاتی کوردستان بایەخی ئەوتۆیان پێنەدراوە و هەنگاوێکی ئەوتۆ بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی زانستییانەیان نەنراوە. جگە لەمەش، کاتێك هەندێك لایەن ئاوەرێك لەو رووداوانەی داوەتەوە، لە بەر ئاستی لاوازیی تێگەیشتنیان لە دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، یا بە هۆی ئامانجی تایبەتی و شەخسی یا حیزبییان، بە ئارەزووی خۆیان چەواشەکاریان تێدا کردووە.
ئامانجی ئەم نوسراوەیە، راڤەکردن و روونکردنەوەی رووداوەکانی شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لە سەروبەندی کۆتایی حەفتاکان و دەسپێکی هەشتانکاندا رویاندا، بەڵام زۆر بە تایبەتی هەوڵێکە بۆ بەرپرچدانەوەی هەندێک لەو چەواشەکاریانە کە لەمەڕ ئەو رووداوانەوە کراون. جیاواز لە ئاستی زانست و تێگەیەشتنی مرۆڤ لە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی رووداوە مێژوییەکان، ئەو کەس و لایەنانەی کە لە کاتی رووداوەکاندا رۆڵیان بینیوە و پێگەی واقیعی خۆیان هەبووە و چاوەروانی زیاتریان نەبووە و نییە، پێویستیان بە چەواشەکاری نییە لە گێرانەوەی رووداوەکان. بەڵام ئەو کەسانەی کە لە کاتی خۆیدا لاواز بوون لە نیشاندانی رۆڵێکی ئەوتۆ، یان تامەزرۆی رۆڵی خەیاڵی بوون و قەت پێ نەگەیشتوون ، هەوڵ دەدەن لە گێرانەوەی رووداوەکاندا بە سازکردنی سیناریوی جۆراوجۆر و ناراستگۆیانە، ئەو رۆڵە خەیاڵییە بۆ خۆیان ساز بکەن.
بە رێکەوت ماوەیەک بەر لە ئێستا گوێبیستی وتووێژێکی "فاتیح شێخ" بووم. شێخ ئەندامی بەڕێوەبەرایەتی حیزبی حیکمەتیست و یەکێک لە بەشدارانی ئەو سەردەمەی شۆرشی رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لە وتوویێژێکدا لەگەل "محەمەد خاکی" و لە چوار بەرنامەدا لە ژێر ناوی، "مێژوویی زارەکی چەپ لە کوردستان"، کۆمەڵێك رووداوی مێژویی دەگێرێتەوە. دیارە واز لەوە دێنم کە ناوەرۆکی ئەو وتووێژە، "مێژوی چەپ" نییە بەڵکوو، دروستر وایە بڵێین ئەوە مێژوی رۆڵی کەسایەتی خۆیەتی کە دەیگێرێتەوە.
بەهەر حال بەشێکی ئەو مێژوو گێرانەوە، پەیوەندی بە ڕووداوەکانی مەریوانەوەیە، کە بەلای منەوە زۆر ناراستگۆیانەیە و هەوڵ و تەقەلایەکە بۆ گێرانی ئەو رۆڵە خەیاڵییە، کە ساڵانێك ئارەزووی کردوە ببینێ، بەڵام بە کردەوە قەت نەیبووە.
دوای بیستنی ئەو قسەو باسە هەندێك کۆمێنتی رەخنەگرانەم لە ژێر بابەتەکەیدا نوسی. سەرئەنجام لە کاتی بەشداریم لە پرۆگرامێکی تەلەفزیونیدا و لە ژێر ناوی "یادی کۆچی مەریوان"دا، ئاماژەم بەوە کرد کە "شێخ" لە ڕووداوەکانی مەریواندا رۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە کە باسیدەکەن و هەروەها ئاماژەم بە چەند نمونەیەک دا، کە جیاوازییە فیکریەکانی شێخ و فوئاد موستەفاسوڵتانی (یەك لە دامەزرێنەران و رێبەرە ناسراوەکانی ئەو دەمەی کۆمەڵە و بزوتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان) لەو سەردەمەدا کە لە چ شتگەلێك خۆی نیشان دەدا.
دیارە ئەو باسەی من چەند کەس لە حیکمەتیستەکانی ئازار داوە. هەندێکیان بە هەمان شێوەی شێخ، بە گێرانەوەی کۆمەڵێك خەیاڵاتی خۆیان و هەندێکیشیان بە کۆمەڵێك ئیهانە و بێ حورمەتی وەڵامی منیان داوەتەوە. بە دڵنیایەوە من وەڵامی هیچکام لەو ئیهانە و بێحورمەتیانە نادەمەوە. ئەمانە ئیهانەیان بە کێ نەکردوە لە کوردستاندا؟ مرۆڤ کاتێك قسەی بۆ وتن نەبێت و کاتێك کەوتە ژێر پرسیار و رەخنەوە، کاتێك کز و لاواز بوو لە موناقەشە و دیالۆگدا، بێگومان هەر ئەوە دەکات کە ئەوان دەیکەن. بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەم زۆر زیاتر و روونتر

باسی ناڕاستگۆیەکانی شێخ و ئەم چەند کەسە بکەم و وەڵامی هەندێك لەو شتانە بدەمەوە کە هاتوەتە ئاراوە. بە دڵنیایەوە مەبەستم لەم ڕوونکردنەوانە ئەوە نییە کە نیشان بدەم "شێخ" یان ئەو چەند کەسەی یاوەری ناراستگۆن؛ بەڵکوو دەمەوێت بڵێم کە ئەو مێژووە نە بەو شێوەیە بووە کە ئەوان دەیگێڕنەوە و نە بەو شێوەیە کە هەندێك خەڵکیتر باسی دەکەن. کەس ناتوانێت نکوڵی لە ڕۆڵی تایبەتی تاکێك یان لایەنێك لە ڕووداوێکی دیاریکراودا بکات بە بێ ئەوەی بتوانێت حەقانیەتی ئیدیعاکەی بسەلمێنێت.
بە پێچەوانەی میتۆدی شێخ و دۆستانی کە سەرچاوەی زانیارییەکانیان تەنیا ئیدیعا و خەیاڵاتی خۆیانە، من لەم ماوە کورتەدا و ئەوەندەی بۆم کراوە لەگەڵ کۆمەڵێك لەو بەڕێزانەی کە ئەو سەردەمە بەشداری شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەندێکیان بەشداری ڕووداوەکانی مەریوان بوون پەیوەندیم گردوە و هەروەها لە کۆمەڵێك وتووێژ و نووسراوە و کتێب سەبارەت بە ڕەوتی ئەو ڕووداوانە کەڵکم وەرگرتووە. زانیاری ئەو بەڕێزانە و نووسراوەکان و بیرەوەریەکانی خۆم سەرچاوەی ئەم نووسراوەیە.
دیارە کە بەرپرسیارەتی ئەم نووسراوەیە بە تەواوی لە ئەستۆی نووسەرە. هەر کام لەم بەڕێزانەی کە سەرچاوەی هەندێ زانیارین لەم نووسراوەدا، تەنیا لە وەڵامی خۆیان لە پرسیاری دیاریکراودا بەرپرسیارن، نەك هەموو نووسراوەکە.
ئەم نووسراوەیە لە پێنج بەش پێکهاتووە. **بەشی یەکەم** ئاوەردانەوەیەك کورت سەبارەت بە هەلوومەرجی ڕۆژهەلاتی کوردستان و شاری مەریوان لە سەروبەندی شۆڕش واتا کۆتایی حەفتاکان لە ئێراندا. **بەشی دووهەم** بەرپەرچدانەوەی نادروست گێرانەوە ڕووداوەکان کە لە لایەن "فاتیح شێخ"ـەوە چەواشە کراوە. **بەشی سێهەم** هەندێك ڕوونکردنەوە و وەڵام بۆ هاوبیرانی حیکمەتیستی شێخ. **بەشی چوارەم** بەشی کۆتایی نووسراوەکەیە. **بەشی پێنجەم** هەندێك ژێرنوس و بەڵگەنامە.
**بەشی یەکەم**
لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەك کورت بە وەزعی ئەو کاتەی مەریوان بکەم و جیاوازیی هەڵسەنگاندنمان لە وەزعی ئەو کاتەی کوردستان و مەریوان ڕوون بکەمەوە. مەبەستم لە ڕوونکردنەوە لەم بەشەدا ئەوەیە نیشان بدەم کە نە شێخ و گروپەکەیی بە تەنیا و لە ژێر تیشکی بیرۆکەی "کومونیستییە کاریگەری"یەکەیان خولقێنەری ڕووداوەکانی مەریوان بوون و نە فوئاد و گروپەکەی. بەڵکوو کۆمەڵێك فاکتەری مێژویی، هەلومەرجی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمە لە ئێران، کوردستان و مەریواندا لە دەرەوەی خواست و ئیرادەی هەر کام لە ئێمە هەبوون و بەستەر و لانکەیان بۆ هەموو لایەك پێك هێنابوو. لەو هەلومەرجەدا زۆر گروپ و لایەن و سەدان تاکە کەس بەشداری ئەو خەباتە بوون و ڕۆڵیان هەبووە. لە هەمان کاتدا ناکرێت حاشا بکەیت لە بەر هەندێك هۆکار و تایبەتمەندییەوە، ڕۆڵی هەندێك لایەن و کەسانێکی تایبەت زۆر گرینگ و کاریگەرتر و بەرچاوتر بووە لە خەڵکانی دیکە.
لە پێشدا وەزع گشتی کوردستان لەو سەردەمەدا. شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شار و دێهاتی کوردستانەوە دەستی پێ نەکرد. هێزی بزوێنەری ئەو شۆڕشە لە کوردستان چالاکی حیزب و ڕێکخراوە و گروپی کوردی نەبوو. شۆڕش لە شارە گەورەکانی ئێران دەستی پێکرد و تەشەنەی سەندە هەموو جێگایێک و کوردستانیشی گرتەوە. بەرە بەرە خەڵکی کورد بە شۆڕشی ئێرانەوە پەیوەست بوون. سەرەنجام ڕژیمی شایان ڕووخاند. خومەینی و دارودەستەی سواری شۆڕشی ئێران بوون. خومەینی و مەلاکان کە کۆمەڵێك لە ڕووناکبیران و کەسایەتی دیکەشیان لەگەڵ کەوتبوو، پێگەیەکی گەورەی ئاینیان هەبوو. بەشێکی زۆر لە خەڵك گەش بین بوون بەوەی کە وەزعیان باش دەبێت. هەڵبەت بۆ ماوەیەك بەشێکی دیکە لە خەڵك بە داخوازییە چاوەڕوان کراوەکەیان لە شۆڕشێك کە بەشداریان تێداکردبوو، لە مەیداندا بوون و ململانێیان دەکرد و بە هاسانی بێدەنگ نەدەبوون. کۆماری ئیسلامی سەرقاڵی دامەزراندنی خۆی و بێدەنگ کردنی ئازادیخوازان و ئەو خەڵکە بوو لە ناوەند و ئەوەی بۆ گرینگ بوو. لەو هەلومەرجەدا بۆشاییەکی سیاسی، دەسەڵاتداریی و دەرفەتێك بۆ کورد لە ڕۆژهەڵات کوردستاندا دروست بوو.

لە کوردستان مەسەلەیی نەتەوایەتی مێژوییەکی هەیە. خواست و داخوازی نەتەوەیی ساڵانێك بوو کە سەرکوت کرابوو. بەڵام وەك سکڵی ژێر خۆڵەمێش نەکوژابووەوە. کۆمەڵێك لە چالاکانی نەتەوەیی ساڵها لە زیندانەکانی رژیمی شادا بوون. ئەو کات و لەو سەردەمەدا هەلیان بۆ روخسابوو کە ببوژێنەوە و داخوازە نەتەوەییەکەیان بێننە ئاراوە. سیستەمی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا تێك شکابوو، بەڵام داب و نەریتی مابوو و، دەرەبەگەکان تێدەکۆشان کە کەڵك لەو هەلە وەربگرن و بە شتگەلێك بگەن؛ یان تەنانەت ئاگایان لە خۆیان بێت کە زیاتر زەرەرمەند نەبن. جوتیارانی خاوەن زەویی نیگەران بوون کە، نەوەك ئاغاکان دەسەڵات بگرنەوە و ئەوان زەرەر مەند ببن. کرێکارانی کوردستان بەو وەزعە زۆر دڵخۆش نەبوون. شوێن کاریان کە شارەکانی دەرەوەی کوردستان بوو کە ببونە شوێنی شەپۆلی شۆرش و نائارام ببوون. لە کوردستانیش کارێکی ئەوتۆ دەس نەدەکەوت. خەڵکانی بازار و کاسبکار زۆرتر لایەنگری سەقامگیری بوون بۆ کار و تیجارەتی خۆیان.
لە رووی ئایینیەوە خەڵکی کورد بە زۆرینە "سونی"ین . سیستەمی ئیمام و شوێن کەوتووی یەك تاکە کەس و حوکمی تاکە کەسی ئایینی، وەك لای شیعەکان باوە (ئایەتوڵا و ویلایەتی فەقیە)، لای سوننی باو نیە. بەشێك لە کوردانیش شیعەن و دین و ئاینی دیکەش لە رۆژهەلاتدا هەبوون. کەسایەتی چالاك و هەڵسوراوی ئاینی لەو سەردەمەدا سێ کەس بوون. یەکەم "مامۆستا شێخ عێزەدین حسینی" کە روانگەیەکی نەتەوەیی و دیموکراسی خوازانەی هەبوو. دووهەم "مامۆستا شێخ جەلال حسینی" کە لایەنی ئاینیەکەی قورستر بوو و لایەنی نەتەوەیشی هەبوو، هەڵبەت شێخ جەلال زۆرتر لە بانە و هەندێك ناوچەی دیکە دەناسرا. سێهەم "مەلا ئەحمەد موفتیزادە" کە کەسێکی ئایینی توند، دژی چەپ و خەڵکانی سکولار و، گەشبین بە خومەینی و شۆرشی ئێسلامی ئێران بوو.
هەر وەها زیاتر لە پانزە ساڵ پێش شۆرشی ئێران و بە تێکشاندن سیستەمی دەرەبەگایەتی، خوێندەواری لە کوردستان گەشەی کردبوو . سەرەرای کورە ئاغا و شێخ و دەوڵەمەند، نەوەیەك لە چینی ناوەراستی کۆمەڵگا لە خوێندکاران پێك هاتبوو. هەندێکیان چووبونە زانکۆ لە دەرەوەی کوردستان لەوێوە لە گەل سیاسەت ئاشنا بووبون و چالاکی سیاسیان هەبوو و بەشێکیان ساڵانێك دەسبەسەر کرابوون. بەشێکی بەرفراوانی ئەم خوێنکارانە لە دێهات و شارەکاندا ببونە مامۆستا و کارمەند و تامەزرۆی دیموکراسی ، مافی نەتەوەی، مافی مرۆڤ، و مافی خەڵکی زەحمەتکێش بوون. بەشێکیان چەپ بوون و پشتیوانی لە خەڵکی زەحمەتکێش و دژایەتی لە گەل دیکتاتۆری و دەرەبەگایەتی، داواکاری مافی یەکسانی ژن و پیاو، گرینگترین دروشمەکانیان بوو. ئەم نەوەیە لە گەل زەحمەتکێشانی شار و دێدا تێکەڵ بووبوون و پێگەیەکی بەرچاویان هەبوو. ژنانی کوردستان بە گشتی زۆر تێکەڵی سیاسەت نەبوون. لە خۆپیشاندانەکاندا ژنانی "کەیبانوو" و بە ئیستیلاح "خانەدار" دەرنەدەکەوتن ، بەڵام لە ناو چینی خوێندەوار و رووناکبیردا بە پێچەوانە ، رێژەی ژنانی خوێندەوار و خوێندکار لە جوڵانەوە سیاسی و جەماوەریەکاندا زۆر بەرچاو بوو. بەشێك لەو ژن و کچە خوێندکارە، ساڵها بوو، چووبوونە دێهاتەکان و لە ناو خەڵکی زەحمەتکێشدا پێگەی خۆیان هەبوو و بەشێکیان لە شارەکاندا چالاك بوون. بە گشتی و لەو سەردەمەدا ئەم نەوە گەنج و خوێندەوار و خوێندکارە، توێژی هەرە چالاکی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان بوون.
لە هەلومەرجێکی وەهادا لە لایەك "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" هاتەوە مەیدان و چالاکی خۆی دەسپێکردەوە. لە موکریان بە هۆی مێژوی خەباتی نەتەوەیی لەو بەشەدا بووە هێزێکی زۆر گەورە. لە لایەکی دیکەوە بەشی روناکبیری و چەپ و بەتایبەت لە باشووری رۆژهەڵات رێکخراوە مەدەنیەکان و بنکەکان و شوراکانیان پێك دەهێنا. کۆمەڵە لەم بەشەدا زۆرتر پێگەی هەبوو. بەرێوەبەرانی کۆمەڵە لەم نەوەیە بوون و خۆیان رێکخستەوە و چالاکیەکانیان فراوان کرد. مامۆستا شێخ عێزەدین و مەلا ئەحمەد موفتیزادە و شێخ جەلال هەر وەها دەستیان کرد بە خۆ رێخستن لەو مەیدانەدا. رێکخراوە ئێرانیەکان وەك

چریکەفیداییەکان، رێکخراوی پەیکار ، ئیتیحادیەی کومونیستەکان، رەزمەندەگان، تودە، موجاهیدین و راه کاریگەر لە کوردستانیش کەوتنە چالاکی سیاسیەوە.
کۆماری ئیسلامی دەیویست دەسەڵاتی خۆی بە سەر کوردستاندا داسەپێنێ. بۆ ئەو کارە پێویستی بە خەڵکانی خۆجێیی بوو لە کوردستاندا. ئامرازی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە کوردستاندا تەنیا پادەگانەکان بوو. پادەگان مەهاباد لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە، دەستی بە سەردا گیرابوو. بۆیە کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا لە کوردستاندا پێگە بۆ خۆی پەیدا بکات. دەرەبەگ و کۆنەپەرەستانی کوردستانیش لە پشتیوان دەگەران و یەکەم پەیوەندی لە وێرا و لە بەینیاندا ساز بوو. مەلا ئەحمەدی موفتیزادە بووە یەك لە لانکەکان و ئامرازی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان. لە هەمان کاتدا موفتیزادە داوای بەشی خۆی دەکرد. هەر دوو لایەن دەیانویست لە یەکدی کەڵك وەرگرن بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام لە نیهایەتدا کۆماری ئیسلامی سەرکەوتوو بوو. قیادە مەوەقەتە ( پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) و کۆماری ئیسلامیش هەر بەو شێوە کەوتنە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی یەکتر.لە ئاکامدا کۆماری ئیسلامی، موفتیزادە، قیادە مەوەقەت و هێزی دەرەبەگ و ئاغاکان لە بەرەیەکدا راوەستان.
لەم لاشەوە حیزبی دیموکرات، کۆمەڵە، مامۆستا شێخ عیزەدین و شێخ جەلال حسینی، چریکە فیداییەکان ، رێکخراوەکانی دیکە و تەنانەت خەڵکانێک کە سەر بە هیچ لایەنێك نەبوون بە پێگەیەکی بەرفراوانی جەماوەرییەوە، لە بەرەیەکدا بوون. یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانی عێراق وەك دۆستی ئەم بەرەیە هاتبووە مەیدانەوە و ببوە هێزێکی پشتیوانی ئەم بەرەیە و، زۆرتریش دۆستایەتی لە گەل کۆمەڵە بوو. گرفتی هەرە گەورەی ئەم بەرەیە ئەوە بوو کە هیچ ستراتیژ و پلانێکی گونجاو و هاوبەشیان نەبوو. هەر لایەنە زۆرتر سەرقاڵی خۆ رێکخستن و بەهێزکردنی خۆی بوو. بە بێ هاوئاهەنگی و هەندێکیان بە رکەبرکێ لە گەل لایەنی دیکە کاریان دەکرد. بەڵام هەندێك جار مەجبوور دەبوون پێکەوەش کاری هاوبەش بکەن.

## تایبەتمەندی مەریوان

١- بە گشتی هەستی نەتەوەیی لەو کاتەدا لە مەریوان بە بەراوەرد لەگەل موکریان زۆر لاواز بوو. لە سەروبەندی کۆماری کوردستاندا ئەو بزوتنەوە نەتەوەییە مەریوانی نەگرتەوە. زۆرینەی خەڵکی مەنتەقەی مەریوان نیشتەجێ دێهات بوون کە بە جوتیاری، باغداری و حەیوانداری دەژیان. بەشێك بەرچاو لە دانیشتوانی شاری مەریوان خەلکانێك بوون کە تەنها پێش چەند ساڵ لە دێهاتەکانەوە هاتبوونە مەریوان و نیشتەجێ بوون، بە واتایەکی دیکە تازە شاری بوون. ژیانی خەڵکی شار بازرگانی و کاری قاچاخ و کرێکاری لە بینا و ساختیماندا بوو. پلەی زانیاری و ئاگاداری ئەو خەڵکە بە مافی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیان لە خوارەوە بوو. بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی عێراق بێگومان کاریگەریی لە سەر خەڵکی مەریوان هەبوو، بەڵام زۆرتر ئەو کاریگەرییە لە سەر ڕۆشنبیران بوو، کە رێژەیان زۆر نەبوو. شکستی یەك لە دوای یەکی شۆرشی کوردستانی عێراق و ئاوارە بوونی خەڵکی باشووری کوردستان بۆ مەریوان، کاریگەری خراپی لە سەر خەڵك هەبوو. بەشێك لە خەڵکی مەریوان سەبارەت بە داهاتوی کوردان هەستیان بە بێ هیوایی دەکرد. بەتایبەت شەری خۆکوژی پارتی و یەکیەتی و پرۆپاگەندەیان دژی یەکتر، ئەو بێ هومێدیەی پەرە پێدەدا. حیزبی دیموکرات لە مەریوان پێگەیەکی ئەوتۆی نەبوو.
٢- لە مەریواندا کەسایەتی چالاکی سیاسی و خاوەن پێگەی ئایینی نەبوو. وەک دەزانرێت ئەگەر لە شورای یازدە نەفەرەی سنە دا هەشت کەس لە لیستی مەلا ئەحمەد موفتی زادە بوون لە شورای سێزدە نەفەری مەریواندا تەنیا یەك کەس لایەنگری موفتی زادە بوو.
٣- لە دێهاتی مریوان و لە چەند دێی دیاریکراودا ململانێ جوتیاران و دەرەبەگەکان خاوەن مێژویەکی تایبەتی بوو. وەک نمونە دێهاتەکانی داسێران، گوێزە کوێرە، سەر نژمار، گاگل، بێلوو و بندۆڵ. لە داسێران مەسەلەی زەوی ببوە شەری سەروماڵی بۆ جوتیارەکان.
سەرکەوتنیان دەبووە داهاتویەکی زۆر باش، چونکە زەویەکان لە نزیکەی شاری مەریواندا بوو (

بۆیە ئێستا ژمارێک داسێرانی بەشێك لە چینی زۆر دەوڵەمەندی مەریوانن)، تێکشکانیان دەبووە ئەوەی کە هەمویان ماڵوێران و بێکار و بێ داهات ببن. بەم دەلیلە ئەوان شەری سەروماڵیان کرد و سەرکەوتوش بوون. ڕاستە کە ئەمانە کۆمەڵێك ئەزمونی باشی تێدا بوو؛ بەڵام قەت نەبووە بزوتنەوەیەکی جوتیاری ناوچەیی. قەت نەبووە شۆرشێکی جوتیاری دژی دەوڵەت لە مەریواندا. بە هەر حاڵ ئەو خەبات و ململانێ پێشووە، لانکەیەکی لەبار بوو و کار ئاسانی دەکرد بۆ رێکخستن و بەرگری لە خۆ کردنی جوتیارانی مەریوان.
٤- ئاغا و دەرەبەگەکانی مەریوان زۆر زوو "شورای عەشایەریان" دروست کرد، سەندوقیان دانا و خۆیان چەکدار کرد و هەرەشە و گورەشەیان دەسپێکرد. ئەم دیاردەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی جوتیارانی مەریوان هەست بە ترس و خەتەر بکەن و ئامادەیی لە خۆ نیشان بدەن بۆ یەکگرتن و بەرگری لە خۆیان.
٥- نیشتەجێ بوونی بنکەی قیادە مەوەقەت( پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق) هەر دوای هەرەس هێنانی شورشی ١٩٧٥ ی کوردستانی عێراق لە "دزلی"ی مەریوان و. تێکەڵبیان لە گەڵ دەرەبەگەکان و دژایەتیان لە گەل جوتیاران و ئازادیخوازانی مەریوان، هۆکارێك بوو بۆ پێکهێنانی هەستی پێویستی بەرەو سازکردنی هێزێکی بەرگری لە خۆ لە ناو جوتیارانی مەریواندا.
٦- هەڵکەوتنی مەریوان لە مەرزی عێراقدا وای لە بەشێك لە خەڵك دەکرد کە لە روانگەی پەیدا کردنی پێداویستیەکانی ژیان و رۆژانی سەختیش، عێراق وەك سەرچاوە و پەناگایەك لە پێش چاو بگرن و زۆر خۆیان بە ملکەچی تاران نەزانن.
ساڵی ١٣٥٧ ئەو سەردمە لە مەریوان دەبینرا کە ئەو نەوە نوێیەی روناکبیران و چالاکانی سیاسی مەریوانیش کە ساڵانێك چالاکی سیاسی نهێنیان کردبوو، لە گروپی جیاوازدا لە جموجوڵێکی سیاسی بەرچاودان. هەرکام لەو گروپانە ئێستا چ مێژویەك بۆ خۆیان سازدەکەن گرینگ نییە، بەس ئەوەی روو بە دەرەوە دەبینرا ئەمە بوو: گروپێکی ئایینی بە لایەنگری لە مەلا ئەحمەدی موفتیزادە چالاکی سیاسیان دەکرد.گروپێك لە لایەنگرانی چریکە فیداییەکان سەرقاڵی چالاکی خۆیان بوون. کەسایەتی زۆر ناسراویان لە پێشدا، عەبدولرەزا کەریمی (خەڵکی دەڤەری کرماشان بوو کە ساڵانێک بوو لە مەریوان وەک مامۆستای قوتابخانە نیشتەجێ بوو) ناسراو بە ئەبو کەریمی بوو کە پێگەیەکی بەرچاوی لە ناو خوێنکاران و خەڵکی مەریواندا هەبوو، دواتر تەهمورسی ئەکبەری چالاکی ناو خوێنکاران بوو. چالاکی سیاسی حیزبی دیموکرات و بە ئاشکرا زۆر کەم بوو. توودە و رێکخراوە ئێرانیەکانی دیکە تاك و تۆك بوون. بەشی زۆری ڕووناکبیرانی دیکەی شار مەریوان لە دوو بەرەی جیاوازدا دابەش بوبوون. بەرەیەك لە دەوری فاتێح شێخ کۆبووبونەوە و بە "شیرین بەهارە" دەناسران( ئەوە ناوی خوازیاری خۆیان نەبوو، بەڵکوو بە تەنز پێیان دەوتن لە درێژەی ئەم نووسراوەدا بە گ١ ناویان دەبرێت). بۆ لیستەی ناوی ئەو بەرەیە بروانە ژێرنوس (ژ،١-).بەرەی دووهەم لە دەوری کەسێکی تایبەت نەبوون.مێژویەکی دیاریکراو نەبوو بۆ یەکگرتنیان. لە پێشدا دوو دوو و سێ سێ پەیوەندیان هەبوو، بۆ ناسینی ئەوانیش بروانە (ژ،٢). لێرەوە ئەو گروپەش بە گ٢ ناو دەبرێن.
شۆرشی ئێران لە پەرەسەندندا بوو و هەندێك ترسی خەڵك شکا بوو. لانکێکی بەرینی ڕووناکبیری کە بۆ خۆیان و ساڵانێك و بە بێ هیچ رێبەرییەك کاریان کردبوو و خاوەن پێگەیەکی بەرچاو بوون لە ناو خەڵکدا ، شور و شەوقێکی فراوانیان هەبوو ، کەم یان زۆر ئامادەی کار و خۆرێکخستنی زیاتر بوون. لە هەلومەرجێکی وەهادا و لە ناوەراستی ساڵی ١٣٥٧ فوئاد موستەفا سوڵتانی لە زیندان ئازاد کرا و گەرایەوە مەریوان. فوئاد خەڵکی مەریوان بوو و پێش دەسبەسەرکردنی لە مەریوان کاری سیاسی و رۆشنبیری کردبوو و بێگومان لەگەل کەسانێك پەیوەندی خۆی هەبوو. دوو برا و خوشکێکی لە چالاکانی گ٢ بوون. بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا خۆی تێکەڵ ئەم بەرەیە کرد. هەم ئەم بەرەیە پێویستی بە کەسێکی وەك فوئاد بوو و هەم فوئادیش ئیمکانێك و هەلومەرجێکی باشی بۆ روخسابوو کە تواناکانی خۆی

بەکار بێنێت. توانا و ئەزموون و لێهاتووی فوئاد، زۆر زوو، فوئادی کردە جێگای بروای ئەم بەرەیە، و بە بێ ئەوەی هیچ هەڵبژاردنێك ببێت، هەموو لایەك رێزێکی تایبەتی بۆ فوئاد هەبوو.
گرینگترین کاری فوئاد ئەوە بوو کە بریاری دابوو کە بە تەواوی لە خزمەت ئەو خەباتەدا بێت و هەموو هێز و توانا و کاتی بۆ ئەو خەباتە تەرخان کردبوو. هەر لە رۆژانی ئەوەلەوە هەوڵیدا ئەو گروپە یازدە کەسییە، کە بە خۆیەوە بوونە دوازدە کەس بکاتە گروپێکی رێکخراوتر.
کۆبوونەوەکان بەردەوام چرتر دەبوونەوە. دابەشکردنی کار و راپۆرتدان بووە باو و هەست بە رێکخراو بوون لامان بەهێزتر ببوو. بە کردەوە فوئاد ئەو گروپەی کردە بەشێك لە رێکخراوێك کە دوایی ناوی کۆمەڵەی لە سەر نرا. هەموو هەستمان دەکرد کە بەشێکین لە رێکخراوێك کە لە هەموو کوردستان و تەنانەت لە هەندێك لە شارەکانی ئێرانیشدا چالاکی هەیە. ئەو نوسراوانەی کە بە ناوی، "هاونیشتیمانانی تێکۆشەر"(هممیهنان مبارز)ـەوە بڵاو دەکراویەە، ئەو هەستەی لامان بە هێزتر دەکرد. بەتایبەت کاتێك کە هەندێك لەو نوسراوانە فوئاد بۆ خۆی دەینوسی و یەکێك لە ئێمە دەمانگەیاندە شوعەیب زەکەریایی (کەسایەتی دیکەی کاریگەر و بە توانای سەرکردایەتی کۆمەلە لە شاری سنە) کە ئەویش چاوی لێبکات و ئامادە بکرێت بۆ بڵاوکردنەوە. ( لە وردەکاری بیر و بۆچوونی ئەم گروپە و پێش رووخاندنی شا دەگەرێم).
لە خۆپیشاندانەکانی شار و لە سەروبەندی روخاندنی رژیمی شادا، هەموو لایەنەکان بەشدار بوون. لە بیرم نیە کە کێ دەسپێشخەری کام خۆپیشاندان بوو، بەڵام گومانم نیە کە لە کاتی ململانێ دژی رژیمی شا و لەو سەروبەندەدا هەموو لایەنەکان بەشدار بوون و رۆلی چاکیان هەبوو. سەرئەنجام رژیمی شا روخا. یەکەمین دەسپێشخەری فوئاد لەوکاتەدا، وروژاندنی خەڵکی مەریوان بوو بۆ هێنانە مەیدانی داخوازییەکانی خەڵك لە خومەینی، کە یەکەمین ململانێ لە گەل گروپی "مەکتەبی قورئان"ی لە مزگەوتی حاجی نەجیم لێکەوتەوە. فوئاد لەو کۆبوونەوەدا قسەی بۆ خەڵکی شار دەکرد و دەیگوت کە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین و داخوازیەکانمان روون بکەینەوە کە چیمان دەوێت. لایەنگرانی مەکتەبی قورئان ئەو باسانەیان بە ئاژاوە گێری پێناسە دەکرد.
لە چەککردنی شارەبانی مەریواندا کە بە بەشداری هەموو لایەنەکان و خەڵکی شار ئەنجام درا، فوئاد لە ریزی پێشەوەی خۆپشاندەران و لە پێش بینای شارەبانی مەریواندا دروشمی "چەك هی خەڵکە"ی،دا و شارەبانی لە لایەنی خۆپیشاندەرانەوە چەك کرا. بەدوای چەککردنی شارەبانی، دابینکردن ئەمن و ئاسایش خەڵك شار ببوە باس و ئەرکێکی گرینگ. بەرێوە بردن و دابینکردنی هێزی چەکدار بۆ پاراستنی شار، کاری هیچ لایەنێك نەبوو کە بە تەنها بتوانێت ئەنجامی بدات. هیچ لایەنێکیش لە شاردا ئەو پێگەی نەبوو کە دامەزراوەیەکی وەها رێکبخات و خەڵکی شار بچنە ژێر بەرنامە و بریاریەوە. بۆیە بە هاوکاری هەر سێ لایەنەکە و ستادی حیفازەتی شار بە سەرپەرەستی سێ کەس لەو سێ گروپە "عەتا رۆستەمی" ، "ئەبو کەریمی" و نووسەری ئەم دێرانە پێکهات. هیچ کەس رەئیسی ستاد نەبوو، ستادی ئینقلاب نەبوو، ستادی کومونیستەکان نەبوو. قەرار بوو ستاد بەس حیفازەت لە ماڵ و ژیانی خەڵکەوە بکات و هەر وەهاش کاری دەکرد. جیاواز لە ئەندامانی ئەو سێ گروپە بە دەیان کەس لە خەڵکانی دیکەش لەو ستادەدا بەشداریان دەکرد بە بێ ئەوەی لایەنگری لایەنێکی تایبەت بن. نە تەنها خەڵکانی چەپ و ئازادی خواز و دڵسۆزی شار، تەنانەت خەڵکانی خراپیش بەشداریان دەکرد و هەندێکیان رووداوی خراپیشیان قەوماند کە کێشەی بۆ شار ساز کرد ( بەنمونە، کوشتنی "رەشید محەمەد رەزا بەگ" کە جگە لە شتی شەخسی هیچ هۆکارێکی دیکەی نەبوو ). هەموو کار و زەحمەت و رەنجی خەڵك بە ناوی خۆ و یان گروپی خۆتەوە تۆمار کردن بێ ئەخلاقی، بێ ئینسافی و ئەو پەری ناعەداڵەتییە. بروانە ژێرنوسی ( ژ،٣) . لەو لیستەدا ناوی تەنیا بەشێك لەو کەسانەیە کە بەشداری کار و ئەرکی ستاد بوون. لەو لیستە دەردەکەوێت کە ستادی حیفازەت ستادی هیچ گروپێکی تایبەت نەبوو.
هەر وەها لەو سەردەمەدا پێکهێنانی شورای شاری مەریوان یەك لە کارە گرینگەکان بوو. فوئاد و چوار کەس لە دۆستانی نزیکی خۆی و گ٢، بوونە ئەندامی شورای سێزدە نەفەرەی

شار، بروانە ( ژ،٤). پێویستە بڵێم کە لەو کاتەدا ، وەك هەندێك کەس بە هەڵە باسیدەکەن، فوئاد نە رەیسی شورای شار بوو و نە وتەبێژی شورای شار و نە لەو کاتەدا ئەو پێگەی هەبوو کە لە شورادا بریاری ئەو بە تەنها بەرێوە بچێت. بەڵکو فوئاد بە کاری ماندوو نەناسانە و بەئەستۆ گردنی کار و ئەرکی زۆر، بە رێزدانان بۆ کەسایەتی هەموو ئەندامانی شوورا و گوێگرتن بۆیان، بە هاوکاری سەمیمانە لە گەل کەریمی( نوێنەری چریکەکان) ، بە وروژاندنی باس و پێشکەش کردنی پێشنیاری گونجاو و لە ماوەیەك کەمدا خۆی کردە جێگای متمانەی زۆرینەی هەرە زۆری ئەندامانی شورای شار. لەو پرۆسە کارییەدا بوو کە لە دواییدا فوئاد دەیتوانی لە بەشێك زۆر لە رووداوەکاندا سەرنجی زۆرینەی شورا بۆ لای خۆی راکێشیت. لەکۆچی مەریواندا و بە ئیبتیکاری خۆی، هەموو باسە پێویستەکانی وتووێژی بۆ خەڵکی دەگێراوە و هەر ئەو کارەشی لە لایەك قورساییەکی بە شورای شاردابوو و شورای شاری خۆشحاڵ دەکرد و لە لایەکی دیکەوە، فوئادی لای خەلکی مەریوان کردە جێگای باوەرێکی تایبەتی.

جیاواز لە شورای شار و سیتادی حیفازەت. رێکخراوە مەدەنیەکانی شار بەشێکی دیکە لە ئامرازی چالاکی سیاسی لایەنە سیاسیەکان بوو. بۆ نمونە "یەکیەتی ژنانی مەریوان" کە یەکێك لە هەرە چالاکترین رێکخراوە مەدەنیەکان بوو و تەنها بە شاریشەوە نەدەوەستان و رۆژانە روویان لە دێهاتەکان دەکرد و یارمەتی خەڵکی زەحمەتکێشیان دەدا، بروانە ( ژ،٥) ، رێکخراوی خوێندکاران (کانون دانش آموزان و دانشجویان) بروانە (ژ، ٦)، یەکیەتی داواکارانی مافی گەلی کورد، بروانە (ژ،٧)، رێکخراوی یەکیەتی کرێکاران( اتحادیە کارگران) بروانە (ژ، ٨) و رێکخراوی موعەلیمان، بەڵام ئەندامانی ئەم رێکخراوە و دوای شۆرشی ئێران لە رێکخراوەکانی دیکەدا چالاکیان دەکرد.
دیارە کە رۆڵی رێکخراو گەلێك گرینگە و هەر لایەنی سیاسی چالاك تێدەکۆشێت لە رێگای رێکخراوەکانەوە پەیوەندی لە گەل کۆمەڵگا بگرێت و بەو شێوە سیاسەت و ئامانجەکانی خۆی بەدیبێنێت. لە لایەکی دیکەوە ئەندام و بەرێوەبەرانی رێکخراوەکە و سیاسەتەکانی نیشاندەدەن کە رێکخراوەکە لە ژێر کاریگەری چ لایەنێکی سیاسیدایە.
بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی ئەو سەردەمەی لایەنە سیاسیەکان، بەداخەوە بەڵگە و نوسراوی ئەوتۆ لەبەردەستدانیە. بۆیە مرۆڤ ناچار دەبێت کە هەندێك جار پەنا بباتە لای بەشدارانی رووداوەکان. لەم نووسراوەدا من وەك یەکێک لە بەشدارانی رووداوەکان هەندێك لەو رووداوانە دەگێرمەوە و دیارە هاوکات لەگەل زانیاریەکانی خۆم هەوڵمداوە کە سەبارەت بە هەر رووداوێك و ئەوەندە ئێمکانم هەبوویێت، لەگەڵ کەسانێک کە ئەو کات بەشدار بوون، لە هەرکام لەو ڕووداوانە دا، پەیوەندی بگرم و لە زانیاریەکانی خۆم دڵنیا بم. هەر وەها دوای تەوابوونی نووسراوەکە، پێشنوسەکەیم بۆ هەندێك لەو دۆستانە ناردوە و ئەوەندەی کرایێت لە زانیارییەکانیان کەڵکم وەرگرتووە ( ژ،٩). لە هەر حالّدا خوێنەر دەبێت حیسابی چونەسەرەوەی تەمەنی هەموو ئێمە و گێرانەوەی رووداوی چل سال پێشتر لە لایەن هەموو ئێمەوە بکات کە سەرەرای هەر هەڵوێستێك دوورنیە زۆر دەقیق نەبێت.
لەو سەردەمەدا گروپی شێخ لە مەریوان گروپێکی لۆکاڵی بوون. هیچ کات لە هیچ کەس و لە خۆشیانم نەبیستووە کە بە هاوئاهەنگی لە گەل رێخراوێکی کوردستانی یان ئێرانی چالاکی بنوێنن. خۆیشیان لەو ژینگە ئازاد و کراوەی کوردستاندا قەت بەیان و نووسراوەیەیان سەبارەت بە بیرۆکەی خۆیان و بەرنامەیان بۆ داهاتوو، یان هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی سیاسی و دیاریکردنی هەندێك ئەرك و کار بەڵاو نەدەکردەوە، کە نیشاندەری پێناسەی سیاسی گروپەکەیان بێت. لەو کاتەدا زۆربەی گروپە نهێنی و چکۆلەکان بۆ بەشداری سیاسی یان خۆیان لەگەڵ رێکخراوی دیکە ڕێکدەخست یان خۆیان وەك رێکخراوێك بە لێکدانەوە و سیاسەتی سەربەخۆ رادەگەیاند. لەو شەش یان حەوت رێکخراوە دیموکراتییەی مەریواندا کە هەموو کارەکان لە رێگای ئەو رێکخراوانەوە بەرێوە دەچوو، بێجگە لە عەتا رۆستەمی کە ئەندامی چالاکی سیتادی حیفازەت و یەکیەتی کرێکاران بوو، هیچ کام لە ئەندامانی دیکەی

گروپی شێخ ئەندامی بەڕێوەبردنی هیچ کام لە ڕێکخراوەکان نەبوون. لیستی ڕێکخراوەکان لە ژێرنوسەکاندا هەیە. وەك کار و چالاکی سیاسی ڕۆژانەش جگە لە بەشداری لە خەبات و تێکوشانی مامۆستایان، لە خۆپیشاندانە گشتیەکان، و بەشداری هەندێکیان لە کاری ڕۆژانەی ستادی حیفازەت و پارێزگاری لە خەلکی شار و کاری سیاسی و ڕۆشنبیری خۆیان لە شار یان لەو پێنج گوندەی کە کاری ماۆستایەتیان دەکرد، هیچ ڕووداوێکی تایبەتیم بیر نایەتەوە کە ئەوان هاندەر و بەڕێوەبەری بووبن،جگە لە ڕێکخستنی مانگرتنێکی مامۆستایان بە بۆنەی دورخستنەوەی مامۆستایەك، بە ناوی "مەجلیسی" کە پێش ڕووخانی ڕژیمی شای ئێران لە مەریوان بوو. کاتێك کە ئەو گروپە بۆ خۆی هیچ هەڵسەنگاندنێك و ئەرکێکی لە پێش خەڵك دانەدەنا و لە گەل هیچ ڕێکخراوێکی کوردستانی یان ئێرانی نەبوو بۆ پەرەپێدان یان بەرگری لە دەسکەوتەکانی شۆرش لە کوردستاندا، بەکردەوە وەها دەردەکەوت کە ئەم گروپە دوای ڕووخاندنی ڕژیمی شای ئێران، بە پاساوی ئەوە خەڵك ئێران بە خەباتی مەدەنی ڕژێمی شای ئێرانیان ڕووخاندوە و هەر وەهاش دەسکەوتەکانی دەپارێزن، لایەنگری ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی سیاسی و ژیانێکی ئارامن. ئەم بۆچوونە کرداریەی ئەوان کاتێك زیاتر دەردەکەوت کە ئەوان و لە گەل بەشێکی زۆر لە سیاسەت و کرداری گ٢ بە پاساوی جۆراوجۆر دەکەوتنە دژایەتی و بەربەرەکانێ.

لەو لاشەوە هەر وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، گ٢، لە مەریوان و لە ڕێگای فوئادەوە ببوە بەشێك لە ڕێکخراوێکی کوردستانی. لە بەڕێوە بردنی هەر حەوت ڕێکخراوەکەدا ئەندام و لایەنگری چالاکی هەبوو و هەوڵیدەدا لە ڕێگای ئەندامان و دۆستانی لەو ڕێکخراوانەدە سیاسەتەکانی خۆی پێش ببات. جیاوازیە سیاسی و کرداریەکانی ئەو دوو گروپەش لەم ڕووداوانەدا بە ڕوونی خۆی نیشاندەدا.

**یەکەم،** ماوەیەك پێش ڕووخاندنی شای ئێران، جوتیارانی گوندی "بێلو" لە ململانی و خەباتدا بوون دژی دەرەبەگەکان. ئەو ململانێ گەیشتە مانگرتن و تەنانەت مانگرتن لە خواردن. گ٢ شانبەشانی جووتیارانی بێلو لە هەموو خەباتەکەیاندا چالاکانە بەشداریان کرد و لەوەش گرینگتر و لە کۆتایی مانگرتنە سەرکەوتوانەکەیاندا بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی مەریوان و گوندەکانی ئەو ناوچەیان لە بێلو کۆکردەوە و لە کۆبوونەوەیکدا سەرکەوتنی ئەو خەباتەیان لە بەیانێکدا کە "سەید حسەین پیرخزری" چالاکی ناسراو و خۆشەویستی خەڵکی مەریوان و ئەندامی گ٢ خوێندیەوە ، وەك دەسکەوتی خەباتی هاوبەشی شار و دێهاتی مەریوان پێناسە دەکرد. ئەم سەرکەوتنە سەرنجی زۆربەی ڕووناکبیران و خەڵکی شار و گوندەکانی مەریوانی بۆ ئەو شێوازە لە خەبات ڕاکێشابوو. زۆرینەی گ١، لەو خەباتەدا بەشدار نەبوون و تا دوا ڕۆژەکانیش موخالەفەتیان دەکرد.

**دووهەم**، لە دوای ڕوخاندنی ڕژیمی شا و دوای ڕێکخستنی شورای شار و لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ڕووناکبیرانی مەریواندا،کە بەدەسپێشخەری گ٢ ڕێکخرابوو، لە لایەن گ٢ ـەوە پێشنیار کرا کە بۆ جێ خستنی دەسەڵاتداری خەڵك و شورای شاری مەریوان، بەشێك لە کاربەدەستانی سەرەوەی ڕژیمی شای ئێران دەسبەسەر بکرێن، فوئاد لەو کۆبوونەوەدا ببوە وتەبێژی ئەو بیرۆکەیە بەڵام شێخ ئەو کارەی بە تێکدانی ئەمن و ئاسایشی خەڵك پێناسە دەکرد و تا کۆتایی کۆبوونەوەکە دژی ئەو بیرۆکەیە وەستایەوە.

**سێهەم**، لە شەری نەورۆزی ١٣٥٨ ی شاری سنەدا، لە لایەن فوئادەوە و لە سنەوە داوای تەقەمەنی لە ستادی حیفازەتی مەریوان کرا. شێخ ئەو شەرەی بە ماجەراجویی دەزانی و بە موخالیفەتی شێخ و لە ڕێگای دۆستانییەوە پێش بە ناردنی فیشەك و تەقەمەنی بۆ شاری سنە گیرا.

**چوارەم،** دوای شەری نەورۆزی ١٣٥٨ی سنە ، ئەو باوەرە لای گ٢ بە تەواوی جێکەوتبوو کە ئەو بۆشایی دەسەڵاتە لە کوردستاندا بەردەوام نابێت. لە هەمان کاتیشدا خۆیشیان نە بە خولقێنەر و هێزی بزوێنەری شۆرش دەزانی و نە پێیان وابوو کە بە هێزی خۆیان توانای ململانێیان لە گەل هەموو کۆنەپەرەستان و دەسەڵاتدارانی ناوچەکە و ئێران هەیە. هەروەها پێیان وانەبوو کە بە هەڵوێست وەرگرتن و دروشمی زەرق وبەرقدار دەکرێت بەرگری لە خۆیەك

لای خەڵك ساز بكریت. لە كتێبەكانیشدا نەدەگەران كە فەتوایەك بدۆزنەوە كە چی بكەن دروستە یان چی نایێت بكەن. بەڵكوو سیاسەتیان ئەوە بوو كە هەوڵبدرێت و ئەوەندەی كە دەكرێت لە شار و دێهاتەكاندا و لە سەر بنەمای داخواز و هەستی چین و توێژی جەماوەر و رادەی ئامادەگیان بە شێوازی جۆراوجۆر خەلك رێكبخرێت بۆ بەرگری لە مافەكانی خۆیان، لە مافی چینایەتی ، مرۆیی و نەتەوایەتیان. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، بەردەوام لەوە دەگەران كە ئامرازەكانی رێكخستنی خەڵك و ئەو بەربەرەكانێیە و لە هەر بوارێكدا ببیننەوە و بەكاری بێنن. ( لە هەمانكاتدا و بە تێروانینی ئەمرۆی نووسەر لە بەر ئەوەی كە كۆمەڵە تا ئەندازەیەك لە ژێر كاریگەری یەكیەتی نیشتیمانی و بە تایبەت "كۆمەڵەی رەنجدەران"دا بوو، بیرۆكەی رێكخستنی بزوتنەوەیەكی چەكداری لە رۆژهەڵاتی كوردستاندا و لە كۆمەڵەدا لە ئارادە بوو، گەرچی ئەو بیرۆكەیە بە روونی باسنەدەكرا. بێگومان یەكیەتی نیشتیمانی رێكخستنی ئەو شێوازەی لە خەبات و لە رێگای كۆمەلەوە بە قازانجی خۆی دەزانی و كاری بۆ دەكرد.)
سازكردنی یەكیەتی جووتیاران، دەسبەسەراگرتنی چەك و تەقەمەنی هەندێك لە پاسگاكان بۆ چەكدار كردنی جووتیاران سازكردن هێزی پێشمەرگەی جووتیاران، بە یەك لە ئامرازە گونجاوكانی ئەو سەردەمە لە مەریواندا  بەراوەرد دەكرا.
ئەوان هەستیان دەكرد و پێیان وابوو كە لە لایەك هەموو كۆنەپەرستان خۆ یەكدەخەن و بە پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن خەڵكی زەحمەتكێش، لە خەیاڵی ئەوەدان كە دەسەڵاتی رەشیان بە سەر ناوچەكەدا داسەپێنن و هەموو دەنگێكی ئازادیخوازی كپ بكەن. لە لایەكی دیكەش مێژویەیكی گونجاو و لانكەیەكی لەباری نارەزایەتی لە ناو جووتیاران و زەحمەتكێشاندا هەیە و بۆیە ئەوان بێدەنگی رووناكبیرانیان بە لەدەستدانی دەرفەتێكی گرینگ بۆ ئامادەكردن و بارهێنانی خەڵكی خەباتكار دەزانی. بۆیە پێیان وابوو كە دەبێت هەوڵبدەن كە لە لایەك خەڵكی جووتیار و زەحمەتكێشی نارازی و دژی دەرەبەگ و كۆنەپەرستان رێكبخەن و  بە هێزی خۆیان بەرگری لە مافەكانی خۆیان بكەن و ژینگەی بەرگری لە ئازادی خوازی و عەداڵەتخوازی لە ناوچەكە بپارێزن و پەرەی پێ بدەن و لە لایەكی دیكەشەوە و ئەوەندەی دەكرێت خەڵكی زەحمەتكێش وریاكەنەوە و رێكیانبخەن بۆ خەبات و ململانی، بۆ بەدەست هێنانی هەموو مافەكانیان لەوانە مافی نەتەوەییان.
بێگومان بەرێوەبردنی ئەم سیاسەتە نە تەنها ئاسایی كردنەوەی ناوچەی لێ چاوەروان نەدەكرا بەڵكوو بە پێچەوانە قووڵبوونەوە و ململانێ خەباتی سیاسی و چەكداری لێ چاوەروان دەكرا . بۆیە شێخ  و گروپەكەی و ئەو كاتە و ئەوەندی توانایان هەبوو  دژایەتیان كرد. ئەوان ئەو كات و ئێستاش هەر دەڵێن شار سەنتەری دەسەڵاتە، بە بێ ئەوەی لە خۆشیان روون بێت و بە كردەوە كارێكی تایبەتیان لە شاردا كردبێت. بەڵام بەلای گ٢ ـەوە، كردەوە گرینگ بوو و بەو كارانەی خۆیان و نزیكەی دوو مانگ هاوكات كە بەشێكیان بەشداری كاروباری شار بوون،بەشێكی دیكەیان زۆربەی هەرە زۆری دێهاتی مەریوان گەران. بە رۆژ لە سەر مەزرای خەڵكی زەحمەتكێش سەرقاڵی كار لەگەلیان بوون. بە شەو بەشێك لە ماڵان و بەشێك لە مزگەوتەكان خەلكی زەحمەتكێشیان لە هۆكاری ژیانی مەینەتباریان ئاگادار دەكردەوە و پێیان دەوتن كە رێگا چارە تەنها یەكگرتن و خەبات و ململانێیە.
جێ سەرەنجە كە ئەوكات و بە بێ ئەوەی كە گ٢، لە تاكە كۆبوونەوەیەكدا یان لە نوسراوەیەكدا باسی ئایدۆلۆژیای خۆیان بكەن، هەموو كۆنەپەرەستان ئەوانیان وەك كومونیست و دژی دین، ئایین، كەلتوور، داب و نەریت پێناسە دەكرد و بەو شێوەیە  خەڵكی زەحمەتكێشی ناشارەزایان لێ هاندەدان. بەڵام ئەوان بەوپەری وریاییەوە لەو پیلانە ئاگاداربوون و بە بێ ئەوەی گومانێكیان لە چەپ و كومونیست بوونی خۆیان هەبێت، بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانە بە بێ ئەوەی درۆ لەگەل خەڵك بكەن و بە درۆ پەنا بۆ دین ببەن، هەروەها بە بێ ئەوەی خۆیان توشی ململانێ ئایدۆلۆژیەك و لەو سەردەمەدا و لەگەل خەڵكی زەحمەتكێش بكەن، تەواوی باسەكانی خۆیان دەبردەوە سەر وەزعی ژیانی مەینەتباری خەڵكی زەحمەتكێش و زوڵم و زۆری دەسەڵاتداران و كۆنەپەرستان و دەوڵەتانی دیكتاتۆر و داگیركەر. هەوڵیاندەدا باسی مافەكانی خەڵك بكەن و بڵێن ئەمانە قسەی ئێمەن و

بۆیە کۆنەپەرەستان لێمان توورەن. لە خەڵکیان دەپرسی کە کامە لەم قسانە خراپە؟ ئەو کات خەڵکی ئاگاداری پیلانی کۆنەپەرستان دەبوونەوە و روویان لە پێشمەرگەکان دەکرد. ئەم شێوازە لە هەڵوێست گردن لە خەباتی سیاسیدا تەنها شێوازی خەباتیان لە دێهاتەکاندا نەبوو، بەڵکوو لە شاریشدا هەوڵی تەواییاندەدا کە خۆیان بە دروشمی ئایدۆلۆژیەك و زەرق و بەرقدار بە خەڵك نەناسێنن، بەڵکوو بە تێکەڵ بوون و بەشداری چالاکانە لە خەباتی واقیعی و رۆژانەدا بە رێنوێنی گونجاو بەرەیەکی هەرچی فراوانتر لە کۆمەلانی خەڵك بۆ پێشەوەچوونی خەبات و ململانێ سیاسی رێکبخەن و لەو رێگاوە بیروبروای خۆیان بناسێنن و لایەنگرانی زیاتر لە سیاسەتەکانی خۆیان کۆکەنەوە.
نە تەنها بە کار و ماندوو بوونی بێوچان لە وریا کردنەوە و رێکخستنی خەڵکی ناوچەکە، بەڵکوو بە جەولە و نیشاندانی هێز و بەرەنگار بوونەوەی دەرەبەگەکان، ژینگەیەکی وەهایان لە ناوچەکە سازکرد کە نە تەنها کۆنەپەرەستان توانای ترس و تۆقاندنیان نەما، بەڵکوو لە هەندێك شوێن ئامادە دەبوون گوێیان بۆ راگرن و ملکەچی خەڵکی زەحمەتکێش بن. ئەو ژینگە و ئەو پێگەی کە ئەم بەرەیە پەیدای کرد، نەك لە ناوچەکە و هەموو کوردستان بەڵکو لە هەندێك شوێن و لە دەرەوەی کوردستانیش باسی لێدەکرا. دیارە ئەوان نە خۆیان بە رێکخراوێکی شاری مەریوان دەزانی و نە پێیان وابوو کە دەکرێت بزوتنەوەیەکی جوتیاری رێکبخرەیت و بە یارمەتی جووتیارانی مەریوان بەربەرکانێ لە گەل کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێت. بەڵکوو خۆیان بە بەشێك لە رێکخراوێکی کوردستانی دەزانی کە لە هەموو کوردستان و بە پێ توانا و ئێمکان پرووژەیەکی هاوبەشی کوردستانی بەرێوە دەبەن. لەو پەیوەندیەدا مرۆڤ دەیتوانی تێبگات کە بۆ فوئاد لە مەریوانە، لە پاوەیە، لە سنەیە، لە سەقزە، لە شەری کەرەفتووی سەقزە، لە بانەیە، لە بۆکان و لە مەهابادە؟ ئەگەرچی و بە لە بەر چاوگرتنی هەموو تایبەتمەندی شارەکانیش پرۆژەکە لە هەموو شارەکان بە باشی بەرێوە نەدەچوو و کەموکوری و لێنەهاتووی رێبەرانی کۆمەڵە، بە نمونە لە موکریان زۆر بەرچاوو بوو. ( بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە، بروانە رەخنەکانی فوئاد لە هاوریانی موکریانی، لە لاپەرەی ٣٤٧-تا ٣٥٠ لە کتێبی کاك فوئاد کێ بوو).
هەروەها نە تەنها هاوئاهەنگی و هاو خەباتی خەڵکی شار و دێهاتی مەریوان، خەلکی ناوچەی مەریوان و شارەکانی کوردستان بەڵکوو هاوئاهەنگی و هاوخەباتی کوردی رۆژهەڵات و باشووری کوردستانیش پرۆژە و بیرۆکەی ئەو کاتی گ٢ بوو. هەر بۆیە پەیوەندیان لەگەل یەکیەتی نیشتیمانی کوردستانی عێراق چووە ئاستێکی زۆر باشەوە و یەکیەتی نیشتیمانی وەك دۆست و پشتیوان ئەوان لە ناوچەی مەریوانیش خۆی دەناساند.
ئەو چوار خاڵەی باسکرا ئاماژەیەکی روونە بە جیاوازی سیاسەت و کرداری ئەو دوو گروپە سیاسیە کە لە رووداوەکانی مەریواندا ڕەنگدانەوەی بووە. گروپێك بە سیاسەتێکی پاسیڤ و موحافیزەکارانە، لایەنگری ئاسایی کردنەوەی ژیانی رۆژانەیە و بە پاساوی جۆراوجۆر دژی قوڵکردنەوە و ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان دەوەستێتەوە و، گروپێکی دیکە کە دەیهەوێت خەڵکی زەحمەتکێش و خەباتکار رێکبخات و لەگەلیان بەردەوام بێت بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان و درێژەدان بە خەبات و ململانێی سیاسی و چینایەتی و نەتەوەیی تا گەیشتن بە ئامانجەکانیان.
دواپین رووداوی گرینگی ئەو سەردەمە رووداوەکەی بیست و سێ تیری ١٣٥٨ ـە کە کۆچی خەڵکی مەریوانی لێکەوتەوە. لەو رووداوەدا و هەموو لایەنەکان، بێجگە لە حیزبی دیموکرات بەشدار بوون. لە رواڵەتدا و ئەوکاتە ناکۆکیکیە سیاسییەکان زۆر کاڵ بووبوونەوە. یەك لە هۆکارە سەرەکیەکانێ کاڵ بوونەوەی ناکۆکییەکان ئەوە بوو کە شەرخوازی و پیلانی کۆماری ئیسلامی بۆ هێرش بۆ کوردستان زۆر روونتر و چاوەروان کراوبوو. هەموو لایەنێك دەبوو خۆ ساغ کەنەوە کە بەشداری بەرگری لە خۆ و لە مافەکانی گەلی کورد دەکەن یان نە؟ بەرگری لە خۆ و شەر لەگەل کۆماری ئیسلامیش بە هیچ لایەنێك بە تەنها نەدەکرا و بۆیە هەست بە پێویستی بە خۆرێکخستن لەگەل یەکتر بەرچاوو بوو. بەڵام لە گێرانەوەی ئەو رووداوەدا

کۆمەڵێك ناراستگۆیی دەبینرێت. بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم بەکورتی ئاماژەیەکیش بەو رووداوە بکەم.
بۆ بەرپەرچدانەوەی پرۆپاگەندەی کۆماری ئێسلامی هەموو رێکخراوە مەدەنیەکانی مەریوان و هەموو لایەنە سیاسیەکان، (بێجگە لە حیزبی دیموکرات) بریاری رێکخستنی خۆپیشاندانێکی سیاسی و مەدەنی دەدەن لە ۲۳ ی تیری ۱۳۵۸ دا و بەشدار دەبن لە رێکخستنەکەیدا. داوا لە هێزی چەکداری یەکیەتی جووتیارانی مەریوان دەکرێت کە بگەرێتەوە شار و بەرپرسی دابینکردنی باری ئەمنی خۆپیشاندەران بێت. فوئاد کە بەرپرسی گشتی ئەو هێزە بوو چووبووە سەفەر. لە کاتی ئەو سەفەرەی فوئاددا نوسەر بەرپرسی نیزامی ئەو هێزەی یەکیەتی جووتیاران بووم تا گەراندنەوەی فوئاد. سەرلەبەیانی ۲۳ ی تیر هێزی یەکیەتی جووتیاران گەیشتنە ناو شار. لەوێش داوایان لێکردین کە چەکدارانی ستادی حیفازەتیش تێکەڵ هێزەکەی خۆمان بکەین، بۆ ئەوەی رێك و پێکتر ئەرکەکان بەرێوە بچێت. هیچ کەس لای ئێمە وەك هێزی چەکداری یەکیەتی جووتیاران ئاماژەی بە چەککردنی مەقەری مەکتەبی قورئان کە لەو مەسیرەدا و تازە دانرا بوو نەکردووە. خۆشمان و بە پێ هەڵسەنگاندنی  ئەو کاتەمان بە فیکر و خەیالماندا نەدەهات کە مەقەری ئەوان چەك دەکەین و هیچ جۆرە بەرنامەیەکمان بۆ کاری وەها نەبوو. کاتێك خۆپیشاندەران گەیشتنە پێش مەکتەبی قورئان ئەوان لە سەربانی مەقەرەکەیان لە سەنگەردا بوون. ئەو ڕەفتاری ئەوان خەڵکی خۆپیشاندەری زۆر تووره و بێزار کرد و بۆیە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە کۆمەڵێك دروشمی توندیان ئاراستە کرا، بەڵام خۆپیشاندەران درێژەیان بە خۆ پیشاندانی خۆیان دا تا پێش بینای رادیو و تەلڤیزیون و لەوێ بەیانی خۆیان خوێندەوە. لە کاتی گەراندنەوەیان دروشمەکانیان توندتر بوو و کۆمەڵێك لەو خەڵکە روو بە مەقەرەکە و بە دروشمدان رۆشتن. لەو کاتەدا لەگەل دەسرێژی چەکدارانی مەکتەبی قورئان رووبەرو بووین و سێ کەسمان لێ شەهید بوو. بە شەهید بوونی ئەو سێ کەسە شەرێك بەسەرماندا سەپێندرا و ئێمەش ناچار بووین دەوری مەقەرەکەیان بدین و دوای شەرێکی دوو کاتژمێری و دوای کوشتنی چەند کەسێکیان دەستمان بە سەر مەقەرەکەدا گرت.
کۆماری ئیسلامی ئەو رووداوەی کردە بەهانە و بە هێنانی هێز بۆ مەریوان و ترس و تۆقاندنی خەڵك، پیلانی خۆی بۆ داسەپاندن دەسەڵاتی رەشی بە سەر مەریواندا، کە ماوەیەك بوو بەرنامەی بۆ دەرشت دەسپێکرد. شورای شاری مەریوان کەوتە وتووێژلەگەڵ کۆماری ئیسلامی، کە بەڵکوو پێش بە رووداوی خراپ بگرێت. فوئاد دوو رۆژ دوای ئەو رووداوە خۆی گەیاندەوە مەریوان. وتووێژی شورای شار لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە ئاکامێك نەدەگەیشت. ترس و دڵەراوکێ لە ناو شاردا بڵاو ببوەوە و هەندێك لە خەڵکی شار چووبوونە دێهاتەکان. ئێمەش وەك هێزی چەکدار بۆ پاراستن شاری مەریوان و بەرگری لە خەڵکی شار، قەت ژمارەمان لە سەد کەس تێ نەدەپەری. کۆمەڵێك لەم ژمارە چەکدارش، تەنها ئامادەگی ئەوەیان هەبوو کە لە دابینکردنی باری ئەمنی ناوشاردا بەشدار بن و ئامادەگی ئەوەیان نەبوو کە بەشداری شەر لەگەل هێزی کۆماری ئیسلامی بکەن. لەو کاتەدا رۆڵی فوئاد زۆر بەرچاوتر بوو لە هەموو کاتەکانیتر. لە رێبەری گروپێك و لایەنێکەوە ئەوکات بەکردەوە وەك رێبەر و نوێنەری شار و وتەبێژی شورای شار دەردەکەوت. کاتێکی زۆر هەستیار بوو، لێکدانەوە و سیاسەتی گونجاوی کرداری و زۆر بە پەلەی دەویست، بۆیە قسە زلکەرەکان لەو رۆژانەدا رۆڵێکیان لە دابینکردنی سیاسەتەکاندا نەبوو و مەودای هیچ بۆلەبۆلێکیشیان نەبوو.
فوئاد پێوابوو کە هێزی شەرمان نییە و ئەو شەرەمان لەگەل کۆماری ئیسلامی و لە مەریواندا پێناکرێت، بۆیە ئەگەر کاتژمێرێکیش دوای بخەین بە قازانجمانە. ئەو بۆچوونەشی کردبووە بۆچوونی گشتی. پێشنیار چۆڵکردن شار و کۆچ کرا و خەڵکی شار پێشوازیان لێکرد. کۆچی شاری مەریوان لە کۆتایی مانگی تیر(پووشپەڕ) بە ماوەی دوو حەفتە لە "کانیمیران" بەردەوام بوو. رێپێوان خەلکی سنە و بانە و سەقز و بۆکان بۆ مەریوان و بۆ پشتیوانی لە کۆچی مەریوان هاتە ئاراوە. رووداوەکە تا رادەیەکی زۆر کرایە کوردستانی و تەنانەت هەندێك لە روناکبیرانی شارەکانی دەرەوەی کوردستانیش بەشداری بوون. لەو کاتەدا و لە کۆچی مەریواندا

هاوکاریەکی چروپری لایەن و گروپەکان و ڕێکخراوە مەدەنیەکان بە باشی بەرێوە دەچوو. خەتەری هێرشی کۆماری ئیسلامی، یەکیەتیەکی چاکی لە بین لایەنەکاندا پێك هێنابوو.
بەڵام سەرەرای بەشداری بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی شار و دێهاتەکانی مەریوان و ماندووبوون و تێکۆشانی بێوچانی هەموو لایەنەکان و پشتیوانی شارەکانی دیکە لە مەریوان، سەرئەنجام کۆچەکە کە لە بنەرەتدا بە مەبەستی پێشگرتن لە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی بوو بە سەر شاری مەریواندا بە ئاکامی خۆی نەگەیشت و بە تەوافقی ناچاری شورای شاری مەریوان لەگەل نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتداریی شار درایە کۆماری ئیسلامی و ماوەی دەسەڵاتداری خەڵکی ئازادیخواز لەو دەورەیەدا کۆتایی پێهات.
بەڵام لە هەمانکاتدا، ئەو رووداوە و ئەو کۆچە کۆمەڵێك دەسکەوتی هەبوو کە فوئاد وەك نوێنەر شورا و خەڵکی مەریوان دەسکەوتەکانی لە کۆبوونەوەی کانیمیراندا پێناسە دەکات. بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بروانە لاپەرەی ٣٧٩ ی کتێبی کاك فوئاد کێ بوو. جیاواز لەو دەسکەوتانەی فوئاد بۆ خۆی ئاماژەیان پێدەکات، زۆر گرینگە بزانرێت کە فوئاد چەندە بە وردی گرینگی دەداتە هێز و توانای خەڵك لە خەباتێکی دیاریکراودا. بە روونی دەڵێت کە توانای خەڵکی لەم رۆدا هەر ئەوەندەیە و فریوی کۆمەڵێك دروشمی نەگونجاو ناخوات. لە کاتی خۆیدا بە هەموو تواناوە بەشداری لە رێکخستن کۆچ دەکات و بە بێ ترس و لە کاتی دیاریکراویشدا دەڵێت، دەبێت کۆتایی پێ بێنین. سەبارەت بە هێزی چەکداریش بە هەمان شێوە و سەرەرای بەشداری چالاکانەی خۆی لە رێکخستنی هێزی چەکداری یەکیەتی جووتیاران و بەشداری لە شەرەکاندا، وریایانە دەڵێت، بەم هێزەوە کە هەمانە توانای شەرمان لەگەل هێزی کۆماری ئیسلامی لەمرۆدا نییە. پێویستە هێزەکەمان بە فیرۆ نەدەین. ئەو بریارانە و لەو کاتانەدا بە هەموو کەس نادرێت، تێگەیشتن، هەست بە بەرپرسیارەتی، بروابەخۆ، سەداقەت و راستگۆیی تەواوی دەوێت.
ئەو هەموو خۆ ماندوو کردنە، ئەو هەموو تێکۆشانەی دەیان و دواتریش سەدان تێکۆشەری کچ و کور، ئەو هەموو تێکەڵاوییە لەگەل خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز و لە پرۆسەی خەباتێکی واقیعی و زیندوودا، ئەو بەشە لە رێکخراوی کۆمەڵە و لە ماوەیەك کورتدا و بە رێبەرایەتی فوئاد زۆر زیاتر لە، دەیان ساڵ کاری نهێنی لە ناوچەکەدا بردەپێش. راستە کە ناوی کۆمەلە نەدەبرا، بەڵام هەرکات و لە هەر جێگایەك باسی زۆلم و دەسدرێژی دەکرا، ناوی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران سیمای دژایەتی لەگەل زاڵم ،هێمای عەداڵەتخوازی دەکەوتە بەر باس و گفتووگۆوە. لە هەر لایەك دەرەبەگێك یان کۆنەپەرەستێك دەنگی بەرز کرابایەتەوە، پیاوێك دەسدرێژی لە ژنێك کردبایە، هەرەشەی یەکیەتی جووتیارانی لێدەکرا. ئەو بەرەیە وەها جێگا و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی پەیداکرد کە رەخنەگرانیشی، لەوانە گروپی شێخ توانای بەرگری لە خۆیان نەما و داوایان کرد کە رێگەیان پێبدرێت کە هەڵەکانیان ڕاست کەنەوە و رێگایان پێ بدرێت کە بێنە ڕیزەکانی کۆمەڵەوە.
ئاشکرایە قوت کردنەوەی هەموو ئەو دەسکەوتانە بە مانای چاوپۆشی لە کەموکوری و خۆ لادان لە هەڵەکان نییە. لە هەڵسەنگاندنێکی ورددا، دەکرێت بە روونی باسی کەموکوری و سیاسەتە هەڵە و نەگونجاوەکان بکرێت. لە تێروانینێکی ساکاردا دەردەکەوێت کە ئەو کات تێروانینی هەموو ئێمە سەبارەت بە پێگە و رۆڵی ژنان چەندە هەڵە بوو. ژنان بە کردوە ئامادەی هەموو چالاکی و خەباتێك بوون، بەڵام هەموو گرووپ و رێکخراوەکان، جگە لە رێکخراوی ژنان هەر هەمویان پیاوانە بوون. نە ئەندامی بەرێوەبەری گروپەکان ژنێکی تێدا بوو و نە هەولێکمان دەدا لە لە بەرێوەبەری رێکخراوەکانی دیکەشدا ژنان بەشدار بن. زۆر رەخنەی دیکەش کە دەکرێت لە فرسەتێکی دیکەدا باس بکرێت.
زۆر بەداخەوە و دوای چەند ساڵێك نە تەنها رێبەری کۆمەڵە نەیتوانی ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە بە هێزتر بکات و گەشەی پێبدات بەڵکوو پارێزگاری لەوەش کە هەیبوو پێنەکرا. بۆچوونێك پێوایە کە لە لایەك زەخت و زۆری کۆماری ئیسلامی لە سەر بزوتنەوەی کوردستان زیاتر دەبوو و هاوسەنگی هێز لە قازانجی کۆمەڵەدا نەدەما، لە لایەکی دیکەش و لای رێبەریی کۆمەڵە هەست و سۆز بۆ هەندێك بۆچوونی ئایدۆلۆژیك و سیاسی، کە لە پێشیشدا و لای هەندێك

له ڕێبەرانی کۆمەڵە هەبوو، گەشەی کرد کە سالانێك بوو ئەو بۆچوونە لە قەیرانێکی قوڵی تیوری و سیاسی و عەمەلیدا بوو و ناکارامەیی خۆی لە زۆر شوێنی دونیا نیشاندابوو. بە پێ ئەو بۆچوونانە و بەرەبەرە گرینگیدان بە کار لە ناو زەحمەتکێشان و ژیان لەگەل زەحمەتکێشان و ڕێکخستنیان کاڵتر دەبوەوە. بۆچوونێك کە پێوابوو کە تازە کۆمەڵە ڕێبەری سیاسی بەشێکی هەرە زۆری کۆمەلانی زەحمەتکێشی کوردستانە و ئەگەر بەردەوامیێت لە پێناسەکردنی خواست و داخوازییەکانیان و بانگەشەی بکات، خەڵکی بە بەردەوامی گوێ لەمشتی دەبن. لە ناو ڕێکخراوەکەشدا پەیوەندی ڕێبەری کۆمەڵە لەگەل کادرەکانی کەمتر دەبووەوە. دابینکەر و بریاردەری هەموو سیاسەتەکان لە دەستی چەند کەسێکدا بوون. چالاکانی ناسراو و کارامە و خۆشەویست، بەنمونە کەسانێك وەك "سەید ئەیوب نەبەوی" نە تەنها گرینگی نەدەما بەڵکوو پەراوێز دەخران. لەو لاشەوە قسە زلکەران و خەڵکانی بێ کردەوە دەهاتنە پێشەوە. ئەو هەست و مەیلەی ڕێبەرایەتی کۆمەڵە لە ناوەخۆیدا، کۆمەڵەی بەرەو یەکگرتن و ڕێکخستن لەگەل گروپێکی ئێرانی بردە پێش کە، جگە لە کۆمەڵێك قسەی گشتی و زمانێکی پاراو، نە خۆیان خاوەنی هیچ کردەوە و ئەزموونێك بوون و نە پێشنیارێکی دیاریکراو و کرداریان بۆ کۆمەڵە هەبوو. هەر بەو قسە گشتیانەش بوونە دابینکەری سیاسەتی کۆمەڵە و دەسەلاتداری سەرەکی کۆمەڵە و ئاکامی ئەو پرۆسەیەش شاراوە نییە. لە هاتنی ئەوانەوە بۆ کوردستان نە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان و نە کۆمەڵە بۆ خۆشی هیچ گەشەیەکی بە خۆیەوە بینی، بەڵکوو بە پێچەوانە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو پاشەکشێ و شکستی شۆڕشی چەکداری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕۆشت و لەوەش خراپتر کۆمەڵە و ئەو گروپەش لە یەك ترازان و دواتریش هەر کامەیان بۆ خۆیان تووشی کۆمەڵێك لە یەکترازانی دیکەش بوون.

هەر بۆیە زۆر جار کۆمەڵێك پرسیاری بێ وەلام لای هەموو دڵسۆزانی ئەو بزوتنەوە قوت دەبێتەوە. لەوانە کە هۆکاری ئەو هەرەس هێنان و شکستانە چی بوون؟ بۆ بزوتنەوەی ڕۆژهەلات کوردستان و کۆمەڵەش توشی چارەنوسێکی وەها بوون؟ ئایا و هەر لە دەسپێکدا و هەڵسەنگاندنەکانی کۆمەڵە بۆ ڕێکخستن خەباتی چەکداری دروست بوو؟ ئایا ڕێبازی سیاسیی کۆمەڵە دوای فوئاد، کۆمەڵەی تووشی ئەو وەزعە کرد؟ سیاسەت و تەکتیکەکانی کۆمەڵە دروست نەبوون؟ ڕێبەرانی کۆمەڵە توانایی و لێهاتویی پێویستیان نەبوو؟ هەڵە و کەموکوریەکان کامانە بوو؟

هەموو ئەمانە و زۆر پرسیاری دیکە لای زۆر مرۆڤی دڵسۆز لە ئارادایە و پێویستیان بە وەلامە.

**بەشی دووهەم،**

**بەرپەرچدانەوەی گێرانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن "فاتیح شێخ"ـەوە.**

گێرانەوەی مێژوو!

پێش ئەوەی کە سەرنجی خۆم سەبارەت بە شیخ باسبکەم، بە پێویستی دەزانم بڵێم کە لە کەیەوە و چۆن شیخ م ناسیوە. بە هۆی هاوشاری بوونم و هەندێك خزمایەتییەوە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە شیخ م ناسیوە. کاتێک چوومە دەبیرستان( پۆلی حەوت) شیخ مامۆستام بوو. مامۆستایەکی زانا و بە توانا لە بواری دەرس وتندا. مامۆستایەك میهرەبان و ڕوو خۆش و موحتەرەم. مامۆستایەك کە لەو کاتەدا دژی لێدان و زەبروزەنگ بوو لە خوێندکار و هەر بۆیە لای خوێندکارەکان زۆر خۆشەویست بوو. مامۆستایەك کە هاندەری خوێندکاران بوو بۆ خوێندنەوەی کتێب. لەو کاتەدا یەکەم کتێب کە لە شیخ م وەرگرتووە و لە ڕوانگەی سیاسیەوە کاریگەری لە سەرم هەبوو (کتێبی دوژمنی گەل، هینریك ئیبسەن.) بوو. شیخ یەك لەو شاعیرە کوردانەیە کە شیعرەکانی ئەو کاتی کاریگەری زۆری لە سەر نەوەی خوێندکار و ڕووناکبیری ئەو سەردەمە هەبوو. شیعری شەوە، شیعری بەفر ئەباری، سالانێك لە مێشکی مندا و ڕۆژانە لە سەر زبانم بوون.شیخ لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی ئێراندا، لە کۆڕە خوێندکارییەکانی تاراندا چالاك بووە و یەك لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوێك بوو (سالی ١٣٤٨) کە دوای شۆڕشی ئێران ناوی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی

ئێرانی لە سەر خۆی دانا. شیخ  چەند جار زیندان کراوە و لە کۆتایشدا لە کاری مامۆستایەتی و کاری حکومەتی لابراوە. سەرەڕای بێ بەش بوونی لە کاری حکومەتی شیخ بە کاری شەخسی درێژەی بە ژیانی خۆی دا و وەك سیمبولی تەسلیم نەبوون بەرانبەر رژیمی پاشایەتی و وەك نارازی لەو حکومەتە لە مەریواندا دەناسرا و جێگای رێز و حورمەت بوو. هەر وەها وهەتا هەرەس هێنانی رژیمی پاشایەتی و هەندێك دواتریش بە بەردەوامی گروپێکی کە زۆرتریان خوێندکار خۆی بوون لە دەوری خۆی کۆکردبوەوە و بە شێوازی خۆیان چالاکی سیاسی و رووناکبیریان دەکرد. گروپەکەشی (وەک لە سەرەتادا ئیشارەم پێکرد) بە گروپی "شیرین بەهارە" دەناسرا. جیاواز لەو گروپە نۆ کەسییەی خۆیان چەندە لە مەریوان خەڵك لایەنگریان لێ دەکرد هیچ کەس ناتوانێ رێژەیەکی زۆر بڵێ و ئەو رێژەیە پشتڕاست بکاتەوە وە نە رێژەیەکی کەم بڵێت و ئینکاری نفوزیان بکات. هیچ هەڵبژاردنێك لەو کاتەدا لە مەریوان نەکراوە کە ئەوان بە لیستی خۆیانەوە بەشداری بکەن. تا سەروبەندی شۆرشی ئێران هیچ بزوتنەوەیەکی جەماوەری لە مەریواندا نەبووە کە ئەوان رێبەری بن. لە ململانێی خەڵکی داسێراندا  چ ئەو کاتە و ئەیستاش کۆمەڵێك لە داسێرانیەکان دەڵێن کە ئەو گروپە هیچ یارمەتیەکیان نەکردوین. لە ململانێی جووتیارانی سەرنژمار و بێلو هەروەها لە مانگرتن کرێکارانی کۆمپانیای مام سەنگەردا، کە من خۆم ماوەیەك لەوێدا کارم دەکرد و یەك لە بەشدارانی ئەو مانگرتنە و یەك لە دەرکراواکانی ئەو مانگرتنە بووم، بەشدار نەبوون. بەڵام هیچ کەس ناتوانێت ئینکاری ئەوە بکات کە بە پەرەسەندنی شۆرشی ئێران و تەشەنی بۆ شارەکانی کوردستان لەوانەش بۆ مەریوان؛ ئەم گروپەش لە خەبات و ململانێی شار و ئاگاداری لە شاردا بەشدار بوون. هەر وەها پێویستە ئەوەش بڵێم کە ڕاستە وەك سیمبوڵ ئەم گروپە بە ناوی شیخ ەوە بوو بەڵام کەسایەتی دیار و ناسراوی رووبە دەرەوەی ئەم گروپە و چالاك لە خەباتی شاری مەریواندا "عەتا رۆستەمی" بوو. رۆستەمی لە چەند رووەوە زۆر ناسراوتر بوو. یەکەم لە بنەماڵەیەکی گەورەی شاری مەریوان بوو، ٢٧ خوشك و برا بوون، جگە لە خزم و کەسی دیکە، هەڵبەت جگە لە رۆستەمی بۆ خۆی هیچکام لە برا و خوشکەکانی بە لایەنگری ئەو گروپە نەدەناسران. دووهەم، رۆستەمی کەسێکی راستگۆ و زۆر کراوە بوو. پەیوەندیەکی زۆری لە گەڵ چینە جۆراوجۆرەکانی شاری مەریوان هەبوو. سێهەم لە هەموو گرینگتر و لە کاتی خەباتی جوتیارانی داسێران دژی دەرەبەگی مەریوان کە لە واقیعدا دژایەتی بوو لە گەڵ باوك و مامی رۆستەمی، عەتا زۆر راشکاوانە رایگەیاندبوو کە بە هیچ شێوازێك پشتیوانی لە بنەماڵەی خۆێ ناکات و بەو شێوەیە دەناسرا کە سیمایەکی دژی زوڵم و زۆری دەرەبەگایەتییە، لەوەش گرینگتر دۆستایەتی گەنجانی داسێرانی دەکرد. ئەو هەڵوێستەی رۆستەمی بووە بنەما بۆ هەڵوێستی بەشێك زۆر لە خوشك و براکانی وەك دەلیلە رۆستەمی و ناسر رۆستەمی و ئەوانیتر. چوارەم لە خەباتی سیاسی شاری مەریواندا رۆستەمی بە کردەوە ببوە یەك لە سیما ناسراوەکانی شاری مەریوان.
ئێستا هەندێك روونکردنەوە و تێبینییەکانم سەبارەت بە وتووێژەکەی شێخ لەگەڵ محەمەدی خاکی!
کاتێك گوێبیستی وتووێژەی محەمەد خاکی لەگەڵ شیخ  بووم یەکجار زۆر سەرم سورما. هەندێکجار بروام نەدەکرد کە چۆن کەسایەتییەکی ئاوەها و لەو تەمەنەدا و بەو هەموو خوێندەوارییەوە دەتوانێ ئەوەندە پێچەوانە رووداوەکان بگێرێتەوە. هەندێك لە بۆچوونەکانی ئەوەندە ساکار و رووکەشن کە ماتت دەکات. جار و بار دەبینیت کە شیخ  بە خەیاڵ بیرۆکەکانی ئەمرۆی دەباتەوە ناو ئەو رووداوانە و بە هیوایە نیشانی بدات کە هەر لەو کاتانەوە بیرۆکەی کومونیستی کرێکاری هەبووە و بە خەیاڵیش خۆی دەکاتە "سوپرمان"ێکی ئەو رووداوانە. جار جار لە خۆمم دەپرسی کە ئایا مەوقعییەت پەرەستی وادەکات کە مرۆڤ تا ئەو رادەیە و نابەرپرسیارانە قسە بکات؟ بە هەر حاڵ لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونە لەو قسانەی شیخ  دەکەم.

**١-شیخ  و دروستکردنی تەشکیلاتی کومونیستی کاریگەری لە ساڵی ١٣٤٧**

شیخ سەبارەت بە پرۆسەی دروستکردنی تەشکیلاتێك و لە ساڵی ١٣٤٧ دا لەو وتووێژەدا دەڵێت: ( ... حەقیقەتی ئەوەیە کە ئەم چەن ساڵە کە من سەر و کارم لە سەر مەسەلەی تەشکیلات بووە، فوکوسەکە هەر لە سەر مەسەلەی مەنتەقەی کوردستان بوو. لە بەر ئەوە من شتێکم نووسی، نامیلکەیەک بەحسی ئەوەی کە ئەلئان ئێران چۆنە و کە ئاوایە و ئاوایە و زەروورەتی تەشکیلی حیزبێکی کومونیستی زۆر ئاشکرایە. بەڵام لە باری عەمەلیۆ دروسکردنی تەشکیلاتێکی کومونیستی لە پرۆسەی تەشکیلی حیزبی کومونیستی کاریگەریا، ئەمە ئەتوانێ ڕێگایەکی عەمەلی بێت... ).

لێرەدا شیخ ئەیەوێت بیرۆکەی ئەمرۆی خۆی بباتەوە ساڵی ١٣٤٧ و نیشانی بدات کە هەر لەو کاتەوە (ساڵی ١٣٤٧)، بیرۆکی دروستکردنی حیزبی کومونیستی کاریگەری بووە. لە بیری دەچێتەوە کە مەنسوری حیکمەتیش لە دروستکردن حیزبی کومۆنیستی ئێرانیشدا وشەی کاریگەری بە حیزبی کومونیستەوە نەنابوو. دوایی و لە کاتی کێشەی لەگەل کۆمەڵەدا فراکسیونی کومونیستی کاریگەری ساز کرد. داخۆ ئەگەر لە شیخ بپرسیت بۆ بە بیرۆکەی کومونیستی کاریگەریەوە بەرەو شوێنی کرێکارانی سەنعەتی نەرۆشتی؟ بۆ روت لە کارخانەی تاواندنەوەی ئاسنی ئەسفەهان نەکرد و بۆ لە تارانەوە گەڕایتەوە مەریوان و لە "کانی باوەی"مەریوان خەریکی فەلاحەت و کشتوکاڵ بویی چ وەڵامێك دەداتەوە؟

**٢-شیخ و دروست کردنی شورای ئیجتیماعی لە مەریوان**

سەبارەت بە پرۆسەی دروستکردنی شورای شاری مەریوان دەڵێت: (... بێجگە لە ئیدارات، شورای اجتیماعیەکیشمان لە شارا لە ڕێگای ئینتیخاباتەوە لە ناو بە ئیستێڵاح خەڵکانی جیاواز و جۆر بە جۆر، لە کرێکار و لە هەرچی سینفە دروس کرد. و ئەم شورا ی اجتماعیە ئیتر ئەم جار لە ناو خۆیا هەیئەتێکی هەڵبژارد وەکوو مەسەلەن ئەنجومەنی شورای شار، ناوی شورای شار بوو...).

لێرەش شیخ دەیەوێت نیشان بدات کە هەر لە ساڵی ١٣٥٨ـەوە و لە مەریواندا بۆخۆی بیرۆکەی "مەجمەعی عوموم‌ی" ڕێکخراوی سەهەندی هەبووە و تەنیا ناوەکەی دەگۆڕێت و دەڵێت شورایەکی ئیجتیماعی!

هەر لێرەدا پێویستە بڵێم کە تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم قەت هەڵبژاردن بۆ شورای شار لە مەریواندا نەکراوە. جگە لە شیخ لە هیچ کەسی دیکەم نەبیستووە کە لە پێشدا شورایەکی ئیجتیماعی هەڵبژێردرابێت. شورای شاری مەریوان لە مزگەوتی جامیعەی مەریواندا دروست کرا. خەڵکانێك پێشنیار دەکران و ئەوانیش قەبولیان دەکرد یان نە. لە یەك کەسیشم نەبیستووە کە تاکە کەسێك شیخ پێشنیار بکات و یەك رۆژیش شیخ ئەندامی شۆرای شاری مەریوان نەبووە ( هەندێك کەس سەبارەت بە ڕووداوەکانی مەریوان نووسراوە و کتێبیان نووسیوە بە هەڵە شیخ یان وەك ئەندامی شورای شاری مەریوان ناساندوە، کە بە تەواوی دووره لە راستی). بۆ زانیاری لەو بارەوە پەیوەنیم بە سێ ئەندامی شورای شاری ئەو کاتەی مەریوانەوە گرت. هەر سێکیان، شێخ عوسمان خالیدی، بابەعەلی میهرپەروەر و مەحمود ئاشتیانی ئەو زانیارییەی منیان پشتراست کردوە و هاوڕان کە شێخ یەك ڕۆژیش شورای شاری مەریوان نەبووە. ئەم زانیاریانە بۆ خەڵکانی دیکەش گرینگە کە لەم لاو لەو لا ناوی شورای شاری مەریوانیان بە هەڵە نووسیوە.بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئەندامانی شورای شاری مەریوان بڕوانە (ژ، ٤).

هەروەها و بە پێی زانیارییەکانی ئەو سێ ئەندامەی شورای شار، قەت شیخ لە مەریواندا، ئەندامی هەیئەتی وتووێژ لەگەل چەمران و ئوستاندار و فەرماندەی پادیگان نەبووە. پێویستە خەلکانێك کە شارەزای مەریوان نین بزانن کە جگە لە "حاجی ئەمین بەگی رۆستەمی" کە باوکی عەتا رۆستەمی بوو و زۆر ئاسایی بوو کە عەتای وەك کوری خۆی خۆش ویستبێت، هیچکام لە ئەندامانی دیکەی ئەم شورایە بە لایەنگری گروپی شیخ نەدەناسران.

**٣- وەلانانی شیخ لە تەشکیلات**

شیخ سەبارەت بە وەلانانی خۆی لە تەشکیلات (کۆمەڵە) دەڵێت: (... دوایی اختلافێ لە بین من و موشەخەسەن فوئاد بە وجود هات... من هاتمەوە و لەگەل فوئاد و عەبدوڵا دانیشتین و

لە بیرمە لە کافەتریایەک لە بەهارستانا دانیشتین و وتم ... پێشنهادی ئەوە ئەکەم کە ئەم تەشکیلاتی ئەم هەستەی، سێ کەس سێ کەسە، بیگۆڕین بە خەتی. یەک کەس، یەک کەس بێت بۆ ئەوەی کە زەربەپەزیریەکەی کەمتر بێت. لەۆ کۆبوونەوا هیچ بەحسێ نەکرا لە بارەی ئەوە کە ئەمە نازەرووریە.بەڵام دواتر من بیستمەوە کە فواد وتویەتی ئەمە
ئینحلالتەلەبیە... دواتر شتێک قۆماو لە زۆر جێگە باسیان کردووە. ئەویش ئەوەیە کە من لە دەبیرستانی فەرۆخی کارم دەکرد. یەکێک لە دەبیرەکان کە سەرو کاری بوو لە سەر تەهیەی تراکت و ئەوانە بۆ شەشی بەهمەن بوو، شتێکی دروست کردبوو و، هێنای نیشانی منی داو و وتی ئەمە چۆنە؟ منیش تەماشایەکم کرد و وتم باشە. نەفەرێک لەوێ بوو کە پەیوەندی بە فوئادەوە هەبوو و ئەیشیزانی فوئاد فەعالیەتی بووە لەگەل من ، نوسخەیەک لەۆ تراکتیە هەڵ گرتبوو و دابوی بە فوئاد و وتبووی ئەمە هی فڵانە کەسە. بەداخەوە فوئادیش بە بێ ئەوە کە بە من موراجعە بکات بردبووی لە ناۆ تارانا گێرابووی بە بێ ئەوە بڵێ کە ئەمە هی کییە؟ وتبووی کە ئەگەر کەسێک شتێکی وای نووسیبێ لە سەر شەشی بەهمەن و ، ئێوە دەڵین چی؟ تەبعەن جوابەکە مەنفیە ئیتر. بەو بۆنەوە ئەوان تەسمیم ئەگرن کە لەگەل ئەم کەسە کە ناویشی نابرێ، قەتعی رابتە بکرێ! موسلیح لە گەلیان بوو عەتا لە گەلیان بوو. دوایی کە ئەوان زانیبوویان شتێکی وا هەیە، ئیعترازیان کردبوو؟ بەۆ بۆنەوە ئەوانیشیان نابووە لاوە. بەڵام ئەو وەختە ئەۆنە ئەم مەسەلەی ئەسراری تەشکیلاتیە قەوی بوو، موسلیح و عەتا بە منیان نەدەوت. نەیانزانیبوو کە ئەمە هی منە یان نە؟ کەس مەراجعەی نەکرد از جوملە خۆدی فوئاد و بڵێ ئەمە هی تۆیە؟ ... من و موسلیح چوینە تاران دیدارێکمان بوو لەگەل عەبدۆڵای مۆهتەدی. موسلیح وتی من بەر لەوەی سێ نەفەری یەک ببینین کارم پێیەتی. دوایی نیو سەعاتێ کە گەرانۆ هەردووکیان برافروختە بوون. منیش نەمئەزانی چیە. موسلیح ئیعترازی کردبوو، باسی کردبوو و دوایی ئەوەی کە هاتن و، ئیتر بەرمەلا بوو ئەم مەسەلە. منیش لەوێ وتم چون ئەبێت شتی وا؟ ئەمە چیە؟ هەر فەورەن وتم ئەمە
تەوتێئەیە. ئەمە پێی ئەڵێن تەوتیئە. ئەمە هیچ شتێکی تری تیا نیە غەیری تەۆتیئە و من ئەوە تەعقیب ئەکەم. کە گەراینەوە مەریوان. ئەو وەختە فوئاد لە ئیدارەی بەرق کاری ئەکرد. ئەم ماجەرامە بۆی گێراوە کە ساڵ و نیوێکە شتێکە، مەوزووعێکە کە شاردراوەتەوە لە من و بەڵام ئەلعان دەرکەۆتووە ئیتر. و ئەمە تەۆتیئەیە و من داوا ئەکەم لە تۆ، کە ئێمە ئەم چەن کەسە دانیشین لە حوزووری یەکا. ئەم کەسانە مەجیدە، عەتای رۆستەمیە، رەئوفی کۆنەپۆشیە، موسای برام و موسلیح. بەڵام دوو رۆژ یا سێ رۆژی پێ نەچوو ئەۆ گیرانە وەسێعە دەسی پێکرد ولە مەریوان فوادیش گیرا، ...)
کاتێك مرۆڤ گوێ ئەداتە ئەم ریوایەتە سەری سوڕ دەمێنێت. بۆ گروپێك وەها و لە
شەرایەتێکی وەها دژواردا کە ئارەزویان ئەوەیە دۆستێك و یارمەتیدەرێکیان هەبێت و لە هیچ و خۆڕایی بە تایبەت لە کەسێك کە بە قەولی خۆی مانیفیستی گروپەکەی نووسیوە، تەوتیئە دەکەن! لەو کاتەدا جگە لە چاوەروانی دەسبەسەر بوون و کەوتنە ژێر ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتن، چ شتێکی دیکە بوو کە تەوتیئە لە یەك بکەن؟ ئەگەر ناوی کەسەکە ناوترێت بۆ شیخ وەلادەنرێ؟ بێگومان من ئەو کاتە لە گەلیان نەبووم و ئاگاداری ئەو باسە نیم. بەڵام تەنیا شتێك کە دەزانم و لێم روونە ئەوەیە کە شیخ ڕاست ناکات کە دەڵێت، دوای دوو سێ رۆژ فواد لە مەریوان گیرا. فوئاد ئەسڵەن لە مەریوان نەگیرا. دوای ماوەیەك لە مەریوان
گوێزرایەوە بۆ بروجرد. لە بروجرد دەورەی ئەفسەر وەزیفەی تەواو کرد. دوایی گەڕایەوە سنە و لە وێ بوو بە مامۆستا و دوای ماوەیەکی کورتی مامۆستایەتی لە سنە دەسگیر کرا. بەڵام با چاوێك بەو دیکۆمیتانەدا بخشێنین و بزانین ڕێبەرانی کۆمەڵە چۆن باسی ئەو رووداوە دەکەن. لە کتێبی دەسنوسەکانی کونگەرەی یەکی کۆمەلەدا (مباحث کنگره اول کومەله) بە روونی دەردەکەوێت کە هەموو بەشدارانی ئەو بە ناو کونگەرەیە هاوران لە سەر هەڵەکان و
کەسایەتی شیخ. هەر کاتی کە باسی شیخ و لاوازییەکانی دەکرێت، کەس نییە کە بەرگری لێبکات. چەند نمونە: لە لاپەڕی ٣١ دا هاتوە کە: (دوای ئازاد بوونی موسلیح ناوبراو لە گەل فاتیح پێشنیاری پاشەکشی یەکساڵە و سوتاندنی کتێبخانەیان کرد. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو

پێشنیاره هەستەیەك (مەبەست، دەستەیەکە) لە هەواڵانی دژی ئینحیلال تەلەبی فاتیح و موسلیح پێکهات و دەستی بە چالاکی کرد لە ناو هەواڵانی بەینابەینیدا.) لە لاپەرەی ٧٨ دا هاتووە: (...بەڵام لەگەل فاتیح شێخ الاسلامی جیاوازی هەیە، یەکەم ناراستگۆیی نەکردووە.) لە لاپەرەی ٧٩ دا هاتووە: ( فاتێح شیخ الاسلامی لەگەل رژیم هاوکاری کردوە بەڵێ). لە لاپەرەی ٢٤٠ دا هاتووە:( هەر کاتێك لەگەل فاتیح قسەم کردوە، فەوری مەسایلی تیوریکی باسکردوە و بۆ مرۆڤی ناشارەزا ئەو جۆرە دەردەکەوێت کە ئەو وەك لینین وایە. ئەمە تایبتمەندی تەواوی ئەو کەسانەیە کە کردەوەیان نییە). لە لاپەرەی ٢٤٤ دا هاتووە: ( زەمانێك کە فاتیح و موسلیح دروشمی چالاکی نەکردنیان دا، ئێمە موقاوەمەتمان کرد). هەموو ئەم نمونانە نیشان دەدەن کە هەموو بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە، شیخ بە ناراستگۆ و موحافیزەکار و بەزیو لە خەباتی سیاسی لە سەردەمی دیکتاتۆری شای ئێراندا زانیوە و بروایەکیان پێ نەماوە، بۆیە نیشان دەدات کە کێشەکە تەئیدی تراکتی کەسێکی دیکە نەبووە و لەوە قوڵترە کە شیخ باسیدەکات.
شوعەیب زەکەریایی لە کتێبی، <u>تاریخ بازندە</u>، زۆر بە روونی هۆکاری وەلانانی فاتیح شیخ و موسلیح برای باسدەکات کە زۆر دوورە لەو ریوایەتەی کە شیخ دەیگێرێتەوە. زەکەریایی لە لاپەرەی ٦٩ دا دەنوسێت: لە بارەی موسلیح ( کە ماوەیەك دوای مەسەلەی فاتیح پێش هات) لێکدانەوەی هاورێیان کە لە پەیوەندی راستەوخۆ لە گەل ئەودا بوون، ئەوە بوو کە بە دەسبەسەرکردنی دوبارەی مومکینە توانای موقاوەمەتی لە بەرانبەر ئەشکەنجە و پاراستنی نهێنیەکانی تەشکیلاتدا نەبێت. بەڵام لە مەوردی فاتیح مەسەلەکە برێك قورستر بوو. فاتیح بە هۆکاری ئەو تەرحەی ( پێشنیاری پاشەکشی و زەنجیرەیی کردنی پەیوەندی) لە تەشکیلات وەلا نەنرا، بەڵکوو بەو هۆکارە بوو کە بە دەستووری ساواك لە وەسفی انقلابی سپی، (یا انقلاب شاه و مردم ) وتارێکی لە ژێر ناونیشانی ( و آنك سپیده دمید) بڵاو کردەوە، یەکەمین کەسیش کە لەو رووداوە ئاگادار بوو وە کاردانەوەی نیشاندا موسلیح بوو. بۆ روونبوونەوە زیاتر و لە کاتی ئەم نووسینەدا چەند پرسیارێکم ئاراستەی شوعەیب زەکەریایی کرد، لەوانە : ئایا موسلیح ئاگادار نەبوو کە فاتیح شتی وەهای نووسیوە، آنك سپیدە دەمید؟ بۆ خۆی لەو بارەوە رەخنەی لە فاتیح نەبوو؟ ئایا موسلیح و عەتا بە هۆکاری ئیعتراز بە وەلانانی فاتیح وەلا نران؟ زەکەریایی لە وەڵامدا دەڵێت: موسلیح بۆ خۆی نووسراوەکەی شێخی هێناویە بۆ تاران و لەوێ نیشانی هاوریانی لە تاراندا داوە و رەخنەگری کارەکەی شێخیش بووە. هەروەها دەڵێت کە وەلانانی موسلیح و عەتا پەیوەندی بە وەڵانانی شێخ ەوە نەبووە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر وەڵامەکەی زەکەریایی بروانە ( ژ،١٠)
یەدوڵا بیگلەری لە وتووێژیکدا و لە کتێبی <u>کاك فواد کێ بوو</u> و لە لاپەرەی ٢٩٥ دا باسی کۆبونەوەی بەهمەنی ساڵی ١٣٤٩ دەکات و دەڵێت: ...کاك فاتیح لە گۆڤاری فەرهەنگی مەریواندا وتارێك ئەنووسێت بە ناوی ، (آنك سپیده دەمید، وا بەری بەیانە). ئیتر بە مەجبوری بوویێت یان هەرچی، بە هەر حاڵ ئەو وەختە ئێمە ئەوەمان پێ کارێکی زۆر خراپ بوو، کارێکی ناشیرین بوو. دیفاعی لە شەشی بەهمەن کردبوو و شۆرشی سپی شا لە ئێران... کاك فوئاد وتارەکەی کاك فاتیحی پێبوو، بە تەما بوو کە کاك فاتیح خۆی باسی بکا، ئەو خۆی باسی نەکرد، ئیتر کاك فوئاد هیچی نەوت، ...کاك فوئاد وتی کاك فاتیح سەمیمانە بەرخوردی نەکردووە، خۆی باسی ئەو زەعفەی نەکردوە، خۆی باسی ئەو نووسراوەیەی نەکردوە، ...
ساعید وەتەندوست لە وتوێژێکدا و لە کتێبی <u>کاك فوئاد کێ بوو</u>، لە لاپەرەی ١٢٣ دا، دەڵێت: ...کاك فاتیح یش بێگومان یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم تەشکیلاتە بوو و رۆڵی موسبەتی بوو لە پێکهاتنیدا. مەجموعەیەك نەزەراتی پەیدا کرد چون ئەو زۆرتر جەنبەی نەزەری قەزیەکە بوو، کە لە گەل بیر و بۆچوونی ئەو وەختەی ئەو جەمعە نەدەگونجا. بێجگە لەوە نووسراوەیەکی کاك فاتیح بوو، ناوی ، آنك سپیدە دەمید، بوو. دیار بوو ساواك فشاری بۆ هێنابوو تەبعەن بە دڵی خۆی نەبوو ئەو کارە بکا، بەڵام زۆر کەسیش بوون کە ساواك فشاری هێنا بۆیان و هەر مقاوەمەتیان کرد. ئەگەر لە ژێر فشاردا بوو، ئیتوانی خەبەر بدات بە رەفێقەکانی بڵێت من مەجبوور کراوم بەوە شتێك بنوسم... بریار درا کە ئیتر ناتوانین لە گەڵی بمێنین و پێشنیارم

کرد کە بیخەینە لاوە. وتمان کە ئێمە ئیتر فەعالیەتی سیاسی ناکەین و لە نەتیجەدا پەیوەندی خۆمان لە گەل ئەودا برێ.
هەروەها لە کاتی نوسینی ئەم نوسراوەدا، ئەم سێ پرسیارەشم ئاراستەی وەتەندوست کرد کە: ئایا موسلیح ئاگادار نەبوو کە شێخ شتی وەهای نووسیوە، آنك سپیدە دەمید؟ بۆ خۆی لەو بارەوە رەخنەی لە شێخ نەبوو؟ ئایا موسلیح و عەتا بە هۆکاری ئیعتراز بە وەلانانی شێخ وەلا نران؟
وەتەندوست زۆر بە روونی دەڵێت: نووسراوەکەی شێخ، لە رێگای موسلیحەوە گەیشتە هاورێیانی تاران. موسلیح بۆ خۆی رەخنەگری زۆر توندی شێخ بوو. وەلانانی عەتا و موسلیح یش هیچ پەیوەندی بە وەلانانی شێخ ـەوە نەبووە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە وەڵامی وەتەندوست، بروانە (ژ،١١).
وەك دەبینرێت هەر سێ کەسی بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەو کاتی تەشکیلات، بیگلەری، زەکەریایی و وەتەندوست، دروست بەپێچەوانەی شێخ و، سەبارەت بە وەلانانی شێخ دەڵێن: ١- تراکتی مامۆستایەکی دیکە نەبووە و نوسراوەی شێخ بووە بە ناوی آنك سپیدە دەمید. ٢- هەموو تەشکیلات نوسراوەکەی دیوە و زانیویانە شێخ نوسیویە. ٣- کەس ئیعتیرازی بە وەلانانی شێخ نەبووە ٤- موسلیح نوسراوەکەی شێخ ی گەیاندوەتە دەست هەندێك لە هاورێیانی و لەو بارەوە رەخنەی توندی لە شێخ بووە. ٥- موسلیح و عەتا ئیعترازیان بە وەلانانی فاتیح نەکردووە. ٦- وەلانانی موسلیح و عەتا پەیوەندی بە وەلانانی شێخ ەوە نەبووە.

## ٤-شیخ و فەرهەنگ سازی

بێگومان شیخ بەو هەموو خوێندەوارییەوە زانیاری پێویستی بەرانبەر فەرهەنگ و فەرهەنگ سازی و ئاڵوگۆری فەرهەنگی هەیە. دەزانێت کە ئاڵوگۆر لە فەرهەنگدا لە چ پرۆسەیەکی بەردەوامدا رووودەدات. چەندە کاری درێژخایەن و بەردەوام و نەفەس درێژی دەوێت. دەزانێ کۆمەڵێك فاکتەر و بنەما و هەلومەرج و کات پێویستە تا ئاڵوگۆرێکی فەرهەنگی پێك بێت. بەڵام بە بێ لەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو زانستە کۆمەڵایەتیانە و بۆ ئەوەی خۆی بکاتە سوپەرمان، کاتێك باسی ئاڵوگۆر لە سیستەمی لێدان و بەکارهێنانی زەبروزەنگ بەرانبەر خوێندکاران لە دەبیرستانی فەروخی مەریواندا دەکات سەرت دەماسێت لەو هەموو ناراستگۆییە. شیخ دەڵێت: ( ... ئەوەڵین کارێك کە من چوومەوە مەریوان پێشم گرت لە لێدانی موجەسیل. بەڵام من کردم بە شەرێك و تەواو بوو ئیتر؟ حەمەی خاکیش بۆی تیوریزە دەکات و دەڵێت هەر ئەوەیی کە پێ ئەڵێن فەرهەنگ سازی. شیخ درێژە دەدات و دەڵێت بەڵی بەڵی چوونکا من فەوقە لیسانس بووم و تەنیا من فەوقە لیسانس بووم و کەسێکی ناسراو بووم..!). دیارە ئەم ریوایەتەی شێخ لەگەل هیچ زانستێك نایەتەوە و زۆر زەحمەتە کەس بروای پێبکات و بە جیدی وەرگرێت. بەڵام هەر بۆ ئاگاداری زیاتری خوێنەران من بۆ خۆم هەر لەو دەبیرستانی فەروخی و هەر لەو کاتەدا خوێنکاری شیخ بووم. ڕاست دەکات کە شیخ دژی لێدان لە خوێنکار بوو؛ بەڵام سەرەرای نارەزایەتی ئەو، لێدان لە خوێندکار هەر تەواو نەبوو. نە تەنها لە مەریوان بەڵکوو لە شاری زۆر گەورەتریش وەك سنە و لەو ساڵانەدا لێدان لە خوێنکار ئاسایی بوو. ئەم نەقلەی شیخ م بۆ هاوکەلاسێکم (محەمەد مراد ئەمینی) گێرواە. ئەمینی ئەوەشی لێ زیاد کرد کە: دوای ریاسەتی ئەو پیاوە فاشیستە تورکەش لە دەیرستان فەروخی مەریواندا کە شیخ باسی دەکات، رەییسی دەبیرستان گۆردرا و کەسێك بە ناوی "رەحیمی" خەڵکی مەریوان بوو بە رەیسی دەبیرستان و رەحیمی بۆ خۆی و لە کەلاسی دەرسدا وەها بە خەتکێش لە ئەمینی داوە کە دەستی شکاندووە.

## ٥- شیخ و رووداوەکانی مەریوان

شیخ سەبارەت بە رووداوەکانی چەند مانگ پێش شۆرشی ئێران و ماوەی دوای شۆرشی ٥٧ لە مەریواندا و تا کاتی شەهید بوونی فوئاد هەوڵدەدات نیشان بدات کە هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی فیکری و عەمەلی لە بین ئەو و فوئاددا نەبووە. هەم خۆی و هەم دەست و پێوەندەکانی حیکمەتیستی بۆ ئەوەی خۆیان بکەنە خاوەنی بەرهەمی کارەکانی ئەو کاتەی

فوئاد و گروپەکەی، دەڵێن فوئاد کومۆنیست بوو و ئەوانیش کۆمونیست بوون هیچ جیاوازیەك نەبوو! لە بیریان دەچێت خۆ ئەمە خاڵی هاوبەش بوو لە بین شیخ و چریکەکانیشدا.
چریکەکان ئەو سەردەمە زۆر زیاتر باسی کومومۆنیست بوونی خۆیان دەکرد. ئەگەر خۆ بە کومونیست زانین پاساوە بۆ نەبوونی جیاوازی خۆ چریکەکان و ڕێکخراوی پەیکار و رەزمەندەگان و چەندین گروپی دیکەش خۆیان پێ کومونیست بوو! کەوایێت جیاوازیەك لە بین شێخ و چریکە فیدایەکانیش نەبوو!
نەخێر بەرێزان! فواد لە بیر و بۆچوون، لە هەڵبژاردنی شێوە و شکلی موبارزە، لە گرینگیدان بە شێوازی خەبات، لە ئامادە بوونی بۆ بەشداری لە موبارزەدا لە گەل شیخ فەرقی یەکجار زۆر بوو. فوئاد خۆی بە روونی و لە کۆبوونەوەکان بە ناو کونگەرەی یەکی کۆمەڵەدا باسی جیاوازی بۆچوونی خۆی و شیخ دەکات. هەر وەها فوئاد لە کۆبوونەوەی مەهابادیشدا بە روونی باسی جیاوازی گروپەکەی خۆی و گروپەکەی شیخ دەکات. با سەرنجی جیاوازیەکان لە زمانی خۆیانەوە بدین. شیخ ئینکاریی جیاوازی لەو سەردەمەدا دەکات و لەو وتوویژەدا لەگەل محەمەد خاکی و سەبارەت بە سەروبەندی شۆرشی ئێران لە مەریواندا دەڵێت: (... بەڵام هەموو کەس ئەۆ وەختە خەریکی فەعالیەت بوو. من لەگەل تەشکیلاتی کۆمەلە رابێتەیەکم نەبوو بەڵام وەها بەیەکەوە کارمان ئەکرد کە هیچ فەرقی نەبوو عەمەڵەن! یانی ئینقلاب ئێمەی دووبارە خستە سەر مەسیرێک کە ئەسلەن ئەۆ ماجەرایانە کە مەترەح بووبوو ئەسلەن مەترەح نەبوو!.... ئەۆ ماجەرایانە رۆیشت و ئێمە بەیەکۆ کارمان ئەکرد! یانی هیچ فەرقێک نەبوو لە بەینمانا! چونکا ئەۆ بەرە کە کومونیستەکانی ئەۆ شارە بووین، مەعلوم بوو ئەمانەوێ چی ئەکەین!....) هەر وەها شیخ لە وتوویژکدا و لە لاپەرەی ٢٤٨ دا لە کتێبی کاك فوئاد کێ بوو دەڵێت: (...کە فوئاد لە جەنگەی ئینقیلابی ١٣٥٧ دا،لە زیندان هاتەدەر، لە ژێر تەسیری فەزای پر شوور و شەوقی دەورانێکی ئینقیلابیدا کە هەرتکمان لە جوغرافیای سیاسی کوردستان و مەریوان شانبەشان و چاو بە چاو لە پراکتیکی شۆرشگێرانەی عەلەنیدا هەڵسوراو بووین، ئیتر بۆچوونی جیاواز و ئیختیلافی تاکتیکی کەوتبووە پەراوێزەوە...)
ئێستا با بزانین، فوئاد لە کۆبوونەوەی هاوینی ساڵی ١٣٥٨ دا و لە مەهاباد چۆن باسی جیاوازیەکان لە مەریواندا دەکات. ئەم قسانەی فوئاد لە کتێبی کاك فواد کێ بوو بڵاو کراوەتەوە. لە لاپەرەی ٣٢٠ و ٣٢١ دا دەڵێت: (...ژمارەیەک لە ڕووناکبیران کە لە کاری یەکیەتی جووتیاراندا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستیان بوو، تەسمیم ئەگرن بەعزێک لە پاسگاکان چەک کەن. ئەڕۆن ئەو کارە بۆ یەکیەتی جووتیاران ئەکەن، نەوعێک فێڵ ئەکەن. لە ڕێگای شورای شارەوە نامە بۆ ژاندارمەری و پاسگاکان ئەنووسن کە ئەوانیش خەبەریان نابێ، کە ئەو چەکانە تەحویل ئەمانە بدەن. ... لە پاسگایەک مەقاومەت ئەکەن... چەکداری دەرەبەگ دەورەیان ئەدەن. بە قسە ئەیان خەڵافێنن، یەکێکیان ئەنێرنەوە بۆ ناو شار و پاشان لە یەکیەتی جووتیاران٢٢ کەس بە تفەنگەوە ئەڕۆن، ئەوان موحاسرەیان ئەکەن بە هەر حاڵ بە زۆر دەرەبەگەکان وادار ئەکەن کە چەکەکان بێنن، ئەو چەکانە هاتەوە و لەناو خەڵکدا دابەشکرا. هەڵبەت هەر ئەوکاتە چەند ڕەوشەنفکریتر حەملەیان بەو جەرەیانە کرد کە ئەوە لە شێوەی کاری حیزبی دیموکراتە و دزییە لە شورا و لەو قسانە. ئێمە قسەمان ئەوە بوو کە ئەسڵەن وانییە. چەند دەلیلی هەیە، یەکێک حیزبی دێموکرات لە پادگانێک کە تەسلیمی شورایەک ببوو دزی کرد، لە حاڵێکدا لەمەی ئێمە دا کاملەن پێچەوانە بوو. کابرا چووە پاسگای چەک کردوە، ئەبێ و دیارە لە مەوریدێکدا پەنای بردووەتە بەر فێڵ و حیلە، لە شوێنی‌تردا مومکین بوو بکوژرێت. جگەلەوە لانیکەم حیزبی دیموکرات ڕابردووی ڕەهبەرییەکی مەعلوومی هەیە، ئەمان مەعلوومە چۆن لە ئاسمانەوە تا زەوی فەرقیان هەیە، ئەوان ئەو چەکە چۆن بە کار دەبەن و ئەمان چۆنی بەکار دێنن؟ ئاشکرا دیارە و بە بەرچاو خۆتەوە ئەیدا بە کابرای فەلا، وانییە کە بیهێنێت و مامەڵەی پێوە بکات.)
هەروەها و لە لاپەرەی ٣٢٥ دا سەبارەت بە ناردنە دەرەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران دەڵێت:( ... خولاسە قسەی ئاخریان ئەوە بوو کە پێشمەرگە بنێرینە دەرەوە. ئەو وەختە لە ناو جەرەیانی ڕەوشەنفکری مەریواندا بەو مەسەلەیە دوو بەرخورد کرا: کەسانێک

موخالفی ئەوە بوون کە پێشمەرگە بچێتە دەرەوە بەو ناوە کە ماجەراجوویيە و مەسائیلێک دێنێتە پێش و کونترۆڵ نەکراو ئەبێت و ئەبێتە هۆی دەخالەت کردنی دەوڵەت و تێک ئەشکێت و تێکشکانیشی ئەبێتە باعیس ئەوە بزووتنەوەی فەلا زیانی لێدەکەوێت و بە زەرەریانە. هەڵبەت ئەوانە لە ئەقەڵییەتی ڕەوشەنفکرانی مەریواندا بوون. وەلێ زۆرینە پێیانوابوو مادام ئەوان ئەیانەوێ بەرەو پێش بچن ئێمە ئەبێ لە گەڵیاندا بین.)

لە لاپەرەی ٣٤٠ و ٣٤١ دا دەڵێت :... ئێمەیش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو مەسەلە کە ئەو شەڕە (شەری خانەگای جوجو – نووسەر) چ تەئسیرێکی هەبووە، بەگشتی خەڵک چۆنی بەرخوردی پێدەکەن، بڕیارماندا دەعوەتێکی گشتی لە دێهاتەکان بکەین، کۆببنەوە و تەگبیرێک لە مەسەلەی یەکیەتی جووتیاران بکەین و مەخسووسەن مەسەلەی پێشمەرگە بخەین بە بارێکدا. لایەنێکی ڕەوشەنفیکری موخالیف بوون و لە دژی ئێمە تەبلیغیان ئەکرد؛ کە ئەوە ماجەراجوویيە وچەتتا چەتەیيە! دەعوەتەکەمان کرد کە نوێنەرانی ٦٢ دێ هاتبوون، جەمعێکی زۆر ... لانیکەم دووسەد کەس لەوێ کۆبوونەوە.... تا نزیک سەعات دووی دوانیوە شەو ئەو خەڵکە قسەیان کرد کە بوو بە بڕیارنامەیەک کە پێموایە گەیشتوەتە ئێرەیش [مەهاباد]. بە ناوی کۆبوونەوەی ئاوایی "ولەژێر". هەڵبەت و مەخسووسەن لەوێ ئەوە سەلمێندرا کە ئەبێ هێزی پێشمەرگە بەهێز بکرێت. ... تەجرەبەیەکی تازە، هەر لەو جەلەسەدا... وەکوو گوتم دوو جەرەیان ڕەوشەنفیکری بوو: یەکێکی ئێمە کە لە ناو پێشمەرگەکاندا بووین و عەقیدەمان بەو کارە بوو، یەکێکیش جەماعەتێکیتر کە موخالیفی ئەو کارە بوون و ئەو کارەیان بە ماجەراجوویی ئەزانی. هەڵبەت هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە کاتێک ئەو موخالەفەتانە دەستی پێکرد، ئێمە لە ناو خەڵکدا ئەو دوو بۆچوونەمان باسکرد. ...دوای ماوەیەك وتوویژ لە ناو خۆیاندا، سەرەنجام نەزەری ئەوانیان ڕەتکردەوە و بۆچوونی ئێمەیان تەئیید کرد. مەسەلەکە بووبە هۆی ئەوە بەعزێکیان کە ئەسڵەن نائاشنا بوون ئاگا ببنەوە کە ڕەوشەنفیکر هەموویان یەک پارچە نین و بۆچوونی جیاوازیان هەیە و خۆیان لەسەری قەزاوەت کەن. ...هەڵبەت پشت سەر ئەوە کە لایەنی موخالیف تێگەیشت کە هەڵەیان کردووە، هاتنە لای ئێمە وتیان گەرەکمانە کۆمەک بە جەرەیانەکە بکەین. ئەو کارمانە ئیشتباە بووە. ئێمەیش مەرجمان بۆ دانان؛ وتمان یەکە یەکە بە لای ئەو خەڵکەوە و بە لای پێشمەرگەوە ئەبێ ڕەخنە لە خۆتان بگرن. بە لای ئەو برادەرانەوە کە لە ناو شار یارمەتی یەکیەتی جووتیاران ئەدەن، ڕەخنە لە خۆتان بگرن. لەو دێهاتەیشدا کە دژ بەم جەرەیانە تەبلیغتان کردووە، بڕۆن ڕەخنە لە خۆتان بگرن کە ئێوە هەڵەتان کردووە..... ئەوەڵین جار بوو کە جەماعەتی ڕەوشەنفیکر لەلای ئەو پێشمەرگانە دانیشتن و ڕەخنەیان لە خویان گرت....)

وەك دەبینین فوئاد زۆر بە روونی و لە چەند جێگادا باس بۆچوونی جیاواز دوو گرۆپی رەوشەنفکر لە مەریواندا دەکات کە خۆی لە لایەکە و ئەوانی دیکەش لە لایەکی دیکە. حاشا هەڵنەگرە کە لایەنی دیکە نە چریکەکانن(چریکەکان هەر لە رۆژانی ئەوەڵەوە پشتیوانیان لە هێزی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران کرد و دوای چەند رۆژیش هەواڵێکیان بە ناوی، شەهاب زرێبار، هاتە لامان و تا دوایین رۆژەکانیش پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران بوو) و نە مەکتەبی قورئان و نە حیزبی دیموکرات. بەرەکەی دیکە شیخ و گروپەکەیەتی،کە بە قەولی فوئاد، بە پێشمەرگایەتی یەکیەتی جووتیارانیان دەوت ماجەراجویی و چەتتا چەتەیی!.وەك لە روونکردنەوەکەی فوئاد دەردەکەوێت کە جیاوازیەکان نەك تەنیا لە ناو رەوشەنفیکراندا بەڵکوو لە ناو خەڵکی شار و دێهاتەکانیشدا بەرمەڵا بووبوو.

**نمونەیەکی دیکە لە جیاوازی فیکری و عەمەلی ئەو دوو گروپە!**

دوای روخاندنی رژیمی شای ئێران و دروستکردنی شورای شاری مەریوان، فوئاد بە پێویستی دەزانی کە بۆ جێ خستنی دەسەڵاتداریی شورای شار و دەسەڵاتداریی خەڵك، بەشێکی بەرچاو لە کۆنە کاربەدەستانی سەرەوەی رژیمی شا کە هێشتا فرسەتی هەڵاتنیان نەبووبو، دەسبەسەر کرێن و مەحاکەمە بکرێن. فوئاد ئەم بۆچوونەی لەگەل

گروپەکەی خۆی باسکرد و هەموو پێمان باش بوو. بەڵام هەندێك کار تەنها بە بریار و ئێرادەی فوئاد و گروپەکەی نەدەکرا. هەوڵماندا شەوی دوایی و لە ماڵ حسین موستەفا سوڵتانی، نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ کەس لە رووناکبیرانی مەریوان، لەوانە شیخ و گروپەکەی کۆکەینەوە و ئەوانیش رازی کەین کە پێکەوە ئەو کارە بکەین. ئەو کۆبوونەوەمان پێك هێنا، بەڵام شیخ بۆ خۆی و بەشێك لە گروپەکەی بەردەوام موخالیفەتیان دەکرد و بە تێکدانی ئەمن و ئاسایشی شار و پێکهێنانی بێ نەزمی و ماجەراجویی دەزانی. کاتێك کە ئێمە نائومێد بووین لە کۆبوونەوەکە، دەستەیەك لەوانەی کە هاورابووین ( دوو کەسیش لە گروپی شیخ و سەرەرای هەموو موخالیفەتی شیخ لەگەلمان هاتن) و هەر ئەو شەوە نزیکەی ٢٠ کەس لەو تاوانبارانەمان دەسبەسەر کرد و لە ستادی حیفازەت زیندان کران. بەیانی ئەو شەوە هەواڵەکە دەگاتە شورای شار. بەشێك لە ئەندامانی شورای شار زۆریان پێناخۆش دەبێت کە بە بێ پرسی شورا ئەو کارەمان کردوە و ئەندامێکی شورای شار دەچیتە ستادی حیفازەت و نارەزایەتی دەردەبرێت و دەڵێت ئەگەر هەر ئێستا ئازادیان نەکەن، ئێمە چەند ئەندامی شورا هەر ئێستا وازدێنین لە ئەندامەتی شورای شار. بە هەڵکەوت فوئاد و لەو کاتەدا دەگات. فوئاد قەبوولی دەکات کە ئیشتیباه بووە کە پرس بە شورا نەکراوە و دەڵێت خۆ تازە کارەکە کراوە و با شورا مەحاکەمەیان بکات و ئەو کارە بۆ دەسەڵاتداریی شورا باشە و لەو باسانە. بەڵام ئەو ئەندامەی شورا لە سەر هەڵوێستی خۆیان پێداگری دەکات و فوئادیش لە بەر ئەوەی شورا تێك نەچێت ڕازی دەبێت کە ئازادیان بکەن و ئازاد کران.لە پەیوەندی لەگەل کۆبوونەوەیەکی وەها و جیاوازی بۆچوونی فوئاد و شیخ لە کۆبوونەوەکەدا لەگەل هەر یەکە لە محەمەد مراد ئەمینی و عەبدوڵا موستەفا سوڵتای کە هەردووکیان بەشداری کۆبوونەکە بوون پەیوەندیم گرت. هەر دووکیان جیاوازی بۆچوونی فوئاد و شیخ یان لە کۆبوونەوەکە و لە سەر ئەم بابەتە بە تەواوی پشتڕاست کردەوە.

سەبارەت بەم رووداوە و ئەو بۆچوونە جیاوازەی شیخ و فوئاد، شیخ لە کتێبی کاك فواد کێ بوو و لە لاپەرەی ٢٥١ دا دەڵێت: ( هەروەهاش باسی بۆچوونی جیاوازی من و فوئاد لە سەر دەستگیر کردنی فەرمایشی رەئیسی ئیدارە دەوڵەتیەکانی رژیمی شا دوای قیام لە شاری مەریوان بێ ئەساسە و وجوودی نەبووە....)

بەڵام مەجید حسینی ئەندامی ئەو کاتی گروپی شیخ و لە حیکمەتیستیەکانی ئەمرۆش و لە هەمان کتێبدا و لە وتووێژێکدا، لە لاپەرەی ٢١٦ دا دەڵێت: (... وتی باشە قیام کراوە، بۆچی ئەم هەموو رەئیس و بەرپرسانی شارەبانی، سەرۆکی زیندان و فەرماندەی ئەرتەش، هەمووی لەوێن ئێمە نایانگرین. وتی بۆ یەك سەعاتیش بیانگرین وەك بیرەوەری لە مێشکی خەڵکدا دەمێنێتەوە، دەڵێن کاتێك دەسەڵات لە دەست خەڵکدا بوو، کێ لە زینداندا بوو، کاتێکیش قودرەت بە دەست کۆنەپەرەستانەوە بوو، کێ لە زیندان دایە. ئیدی لێرەوە ئەوەڵێن ئیختیلاف نەزەر هاتەپێش، لە گەل جەماعەتی شیرین بەهارە و چەپ، کە جەماعەتێك موخالیف بوون، دەیان گوت شار دەشێوێت.کاك فوئاد وتی نا، ئەگەر ئەو کارە بکەین پێچەوانەکەی دەبێت...). عەبدوڵای(شیخ عەزیز)کۆنەپۆشی لەو وتووێژەدا بەشدارە و هیچ شتێك لەو بارەوە ناڵێت و مانای ئەوەیە کە ئەویش لە گەل حسینی هاو هەڵوێستە.

لێرەدا مرۆڤ دەتوانێت پرسیار بکات کە چەند نموونە، چەند بەڵگە، چەند شاهیدی زیندووی رووداوەکان پێویستە بۆ ئەوەی ئەو جیاوازیانە روون بکرێتەوە؟ چۆن دەکرێت ئەو دۆستانە ئەو بۆچوونە جیاوازانە داپۆشن و بۆچوونی خۆیان لە ژێر ناوی کومونیست بوندا بشارنەوە؟ هەر کەسێك تۆزێك سیاسەتی کردبێت دەزانێت کە بە کومونیست بوون ناتوانرێت جیاوازیەکان بشارێترەوە. کەس ناڵێت فوئاد کومونیست نەبوو یان ناسیونالیست بوو، ئاوەکە لێڵ مەکەن. بەڵام کومونیست بوونەکەی زۆر جیاواز بوو لە کومونیست بوونەکەی ئێوە. هەرچی بوو زۆر زۆر جیاواز بوو لە شیخ. فوئاد و شیخ پێش شۆرشی ئێران و لە رێکخراوەکەیاندا بۆچوونی جیاوازیان بووە،کۆبوونەوەکانی کونگەرەی یەکی کۆمەڵە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرە بۆ نیشاندانی ئەو جیاوازیانە. لە رووداوەکانی مەریوانیشدا و لە زۆر رووداودا دوو بۆچوونی جیاواز،دوو هەڵسەنگاندنی جیاواز و دوو شێوە خەباتی جیاوازی لێ کەوتوەتەوە . فوئاد

بروایەکی قوڵی هەبوو کە خەباتی سیاسی و چینایەتی و نەتەوەیی تەنیا و تەنیا لە ڕێگای بەشداری کۆمەڵانی خەڵکەوە دەتوانێت بە سەرکەوتن بگات. بە بێ بەشداری بەرینی کۆمەڵانی خەڵك هیچ کام لەو خەباتانە ناگاتە سەرکەوتن. هەروەها پێوابوو کە ڕووناکبیر، کاتێك بڕیاری خەباتی چالاکانە و لێبڕاوانەوی خۆیدا و ئامادەی هەموو زەحمەت و فیداکارییەك بوو، تەنها لە ڕێگای خۆ تێکەڵکردن و بەشداری لە خەباتی واقیعیدا و هەوڵدان بۆ ڕێکخستنیان و یارمەتی مەیدانیان دەتوانێ دەوری خۆی بنوێنێت. لە سەر ئەو بروایە فوئاد بۆخۆشی پێشەنگی ئەو شێوازە لە خەبات بوو. هەرەها سەرەڕای جیاوازیەکانی لە گەل لایەنەکانی دیکە، هەوڵیدەدا کە لە هەندێك بواردا، گروپەکەی و گروپی شیخ و چریکەکان و هەموو ڕێکخراوە مەدەنیەکان و زۆر خەڵکی دیکەش کە لە هیچ گروپێکدا نەبوون، پێکەوە و لە بەرەیەکدا خەبات و ململانێ دەسەلاتداران بکەن. دەسپێشخەریەکانی فوئاد بۆ کۆبوونەوە گشتیەکانی ڕووناکبیرانی مەریوان و بۆ سازکردنی بەرەیەکی فراوان لەو پێناوەدا بوو.
سیاسەتێك کە دوای فوئاد و لە کۆمەڵەدا کاڵتر و کاڵتر بووەوە و دوایش هەر وەلانرا.
سیاسەتێك کە ئەمرۆژانە و بە هەزاران دڵسۆزی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد هەستی پێدەکەن و لەو ڕوانگەوە یادی فوئاد دەکەن و دەڵێن جێگات خاڵییە فوئاد.
ئەمرۆ تاقمێك ئەو بۆچوونانەی فوئاد بە کومونیستی، بە سوسیالیزمی جووتیاری، بە سوسیالیزمی خەیالی و تێکەڵاوی لە ناسیونالیزم و هەرچی دەزانن گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە کە لە لایەکەوە کەس ناتوانێت حاشای لێبکات کە بۆچوونەکانی گەلێك سەرکەوتنی گەورەی بەرهەم هێنا و لە لایەکی دیکەشەوە، لەگەل بۆچوونی شێخ لەو کاتەدا و لەمرۆشدا زۆر جیاواز بوو و هەم سەد و هەشتاد دەرەجە لە گەل فەلسەفەی حیکمەتیست جیاوازیی هەیە. ئەو جیاوازیانەش لە بەرهەمی کار و خەباتەکەدا روون و ئاشکران.

**٦-شیخ و هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بۆ وتوووێژ**

دوای فەرمانی، ٢٨ ی موردادی ١٣٥٨ ی، خومەینی بۆ هێرش بۆ سەرکوردستان، شیخ بەو نەتیجە دەگات کە ئیتر شەرە و شۆخی پێ ناکرێت و دێتە دەرەوە لە شاری مەریوان و چەند ڕۆژ پێش شەهید بوونی فوئاد و لە سەرشیوی مەریوان لەگەل رۆستەمی، فوئاد دەبینن.
شیخ ئاوەها باسی کۆبوونەوەکەیان دەکات و دەڵێت: (.. فوئاد وتی ئێمە لە گەل ماموستا شێخ عێزەدین قسەمان کردووە لە مەهاباد کە لەوێ دانەنیشێ و ئەمنیەتی مەحفوز نابێت و ئەگەر بێتە دەرۆ ئێمە یارمەتی ئەدەین بۆ ئەمنیەتی...و لە ئیدامەیدا فوئاد دەڵێت ئەلعان شەرێک دەسی پێکردووە و هەموو شەرێک بەدوایا موزاکرەیەک دەبێ. لە بەر ئەوە باشتر وایە کە هەوڵ بدەین بۆ تەشکیلی هەیئەتی نمایەندگی خەلکی کورد. دوایش ئەۆ جۆرە کە فوئاد وتی خودی شێخ عێزەدین ، ... ناوی منی بردبوو چونکا من لە ساڵی ١٣٤٥ ەوە لە گەل شێخ عێزەدین ئاشناییم پەیا کردبوو... فوئاد سوالی ئەوە بوو لە ئێمە دوو نەفەرکە، وتی لە هەر دوو مەۆردەکە جوابم پێ بەنۆ. ئایا ئەم تەرحە دروسە کە ئێمە بچینە پای هەیئەتی نمایندگی بە ریاسەتی مامۆسا بۆ موزاکرە ؟ دووهەم ئایا تۆ حازری هاۆکاری مامۆستا بکەی؟ من وتم بە عەتا تۆ قسە بکە و عەتا وتی بە نەزەر من هەردووکی موسبەتە. منیش فەۆرەن وتم هەردووکی موسبەتە چون هەم هەیئەتی نمایندگی پێویستە و هەم منیش ئەتوانم ئەۆ کارە بکەم. وتی ئەگەر وایە تۆ ئەبێ بەیانی زوو لێرەوە برۆیی بۆ بانە. من بەیانیەکەی چووم و دوایی دوو سێ رۆژ لەوێ بووم...دەفتەرمان تەشکیلدا. دوایی ماوەیەك تولی کێشا تا حیزبی دیموکراتیش قەناعەتی کرد... دوایی هەیئەتی نمایەندگی بوو بە مەرجەعێك نە تەنیا بۆ کوردستان بەڵکوو بۆ باقی ئێرانیش؟)
تا ئەو جێگای من ئاگادارم ماوەیەکی کورت پێش سەروبەندی کۆچی مەریوان، گروپی شیخ فوئادیان ئاگادار کردبوو کە لە هەڵوێستەکانی خۆیان پەشیمانن و رەخنەیان لە هەڵوێستەکانی خۆیان هەیە و داوایان لە کۆمەڵە کردبوو کە وەریان گرێتەوە. فوئاد لەگەل کۆمەڵێك لە نزیکانی خۆی و پێشمەرگەکان لە مەریوان باسی ئەو هەڵوێستەی ئەوانی کرد.
لە بەر ئەوەی کە کەسایەتی ئەندامانی گروپەکەی شیخ و رۆڵیان لە ڕووداوەکانی مەریواندا و تەنانەت پەیوەندیان لە گەل ئێمە جیاواز بوو، بە نمونە کەسێکی وەك ڕۆستەمی لای ئێمە

فەرقی یەکجار زۆر بوو لەگەل شیخ، بۆیە ئێمە هاودەنگ بوین کە بە سێ مەرج قەبوڵ بکرێن.
١- رۆستەمی کە کەسایەتی چالاکی ناو شاری مەریوان بوو و لە زۆر جێگا لە ناو شاردا رەخنەگری بۆچوونەکانی یەکیەتی جووتیاران بوو، لە کۆبوونەوەی گشتی پێشمەرگەدا رەخنە لە هەڵوێستەکانی خۆیان بگرێت. ٢- مەجید حسینی کە چالاکی ئەو گروپە بوو لە دێهاتەکاندا و لەو ماوەدا و ئەوەندەی پێکرابوو دژی یەکیەتی جووتیاران کاری کردبوو، بڕواتە هەموو ئەو دێهاتانە و لە لای خەڵکی دێهات رەخنە لە بۆچوونی خۆی و هەڵوێستەکانیان بگرێت ٣- کۆمەڵە شیخ دوور بخاتەوە و رێگای نەدات بێتەوە بە کۆمەڵە.
رۆستەمی هاتە کۆبوونەوەی پێشمەرگە و زۆر بە روونی لە کۆمەڵێك لێکدانەوە و هەڵوێست و کردەوەی خۆیان رەخنەی گرت و هەموو لایەك لە رەخنەی راشکاوانە و راستگۆیانەی زۆر خۆشحاڵ بوون و بە باوەشی ئاوەڵەوە وەریان گرت. لەو رۆژە بەدواوەش لە ریزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا چالاکانە خەباتی کردووە و دەور و رۆڵی گرینگی لە کەس شاراوە نییە.( رۆستەمی لەو کۆبوونەوەیەدا و لە درێژەی خەباتیدا لە ریزەکانی کۆمەڵەدا نیشانیدا کە کەسایەتیەکی راستگۆیە و جیاوازە لە شێخ و لە هەندێکی دیکە لە ئەندامانی گروپەکەی). مەجید حسینی و بەو مەبەستە رێکەوت بەرەو دێهاتەکانی مەریوان و لە ئێمە دابرا و هەر بەو هۆیەش حسینی بەشداری هەمووی شەری سێ مانگەی یەکەم نەبوو . ئایا حسینی ئەو کارەی کرد یان نە؟ نەزانرا و دواییش قەت فرسەتی پێداچوونەوە نەبوو. سەبارەت بە شیخ، فوئاد وتی دەینێرم بۆ لای مامۆستا شێخ عێزەدین کە لە نووسینی ئیتلاعییە و شتی وەها وەك مونشی (کاتیب) یارمەتی بدات. کاتێك کە فوئاد لەگەل شیخ کۆبوونەوەی کرد و لێمان پرسی کە شیخ قەبووڵی کرد بڕوات بۆ ئەوێ؟ فوئاد وتی زۆریشی پێ خۆش بوو. رۆژی دوایش شێخ لەگەل کۆمەڵێك نەخۆش و ئاوارە بەرەو بانە رۆشت.
بۆ وەرگرتنی زانیاری لەم بارەوە پەیوەندیم بە سەرکردایەتی ئەو کاتەی کۆمەڵە کە بریتیبوون لە١-عەبدوڵا موهتەدی ٢- ساعید وەتەندوست ٣-سەید ئیبراهیم عەلی زادە ٤ موحسین رەحیمی یەوە هەر وەها شوعەیب زەکەریاییەوە کرد و ئەم پرسیارەم ئاراستە کردن کە: ئایا لە سەروبەندی پەیامی خومەینی بۆ هێرش بۆ کوردستان و تا پێش شەهید بوونی فوئاد، رێبەرانی کۆمەڵە بەرنامەیەك یان بیرۆکەیەکی وەهایان هەبووە کە هەیئەتی نمایەندەگی گەلی کورد دروست بکەن بۆ موزاکرە لەگەل رژیم؛ کە ئیحتیمالەن دوای شکستی رژیم بێتە ئاراوە و، کەس یان کەسانێکتان بۆ ئەو کارە لە نەزەردابووە، لەوانە شێخ؟ ئایا رێبەری کۆمەڵە دەیزانی کە سەرئەنجامی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی دەبێتە شکستی رژیم و بۆیەش دروستکردنی هەیئەتی نمایەندگی خەڵکی کوردی بۆ موزاکرە لە ئەولەویەتی کاری کۆمەڵەدا دانابوو؟
ئەم پێنج کەسە هەموویان لە وەڵامەکەیاندا هاودەنگن کە ئەو سیناریوی شێخ زۆر دوورە لە راستی و نە ئەو کاتە کەس بە فیکریدا دەهات کە ئەو شەرە کەی تەواو دەبێت و، نە وتوو یێژێك لەئارادا بوو و نە کەس لە سەرکردایەتی کۆمەڵەدا بیری لە دروستکردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتوویژ کردوەتەوە. نە کەسیش بۆ سازکردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتوویژ دەسنیشان کراوە.بۆ زانیاری زیاتر سەرنجی وەڵامەکانیان بدە لە ژێرنوسیکەدا. (ژ،١٠)، (ژ،١١)، (ژ،١٢)، (ژ،١٣)، (ژ،١٤)،
هەروەها پێیوەندیم بە "عەزیز ماملی" وە کرد کە ئەو کاتە بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، رەیسی دەبیرخانەی حیزب و موشاویری کومیتە مەرکەزی حیزب بووە. ماملی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا لە سەروبەندی فەرمانی خومەینی بۆ کوردستان و لە کۆتایی مانگی مورداد یان لە مانگی شەهریوەردا باسی دروست کردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتوویژ لەگەل کۆماری ئیسلامی هەبووە؟ تەکیدی کرد کە نەك لە مورداد و شهریوەر مانگدا بەڵکوو تا شکستی کۆماری ئیسلامی لە هەندێك شوێن کە زیاتر لە دوو مانگی خایاند و تا پێش گەیشتنی پەیامی کۆماری ئیسلامی کە بریتی بوو لە ئامادە بوونی بۆ وتوویژ، نە حیزبی دیموکرات لەو کاتەدا بیری لە وتوویژ دەکردەوە و نە هیچ لایەنێکش لەگەل حیزب باسی پێکهێنانی هەیئەتی

نیمایەندگی گەلی کوردی کردوە. کاتێك هەیئەتی نیمایەندگی گەلی کوردیش پێك هات.
هەموو لایەك پێك هاتن کە رەیسی هەیئەتەکە مامۆستا شێخ عیزەدین بێت و وتەبێژیش دوکتۆر عەبدولرەحمان قاسملو و نوێنەرانی کۆمەڵە و چریکەکانیش بەشداری کۆبوونەوەکە بن. هەموو وتووێژی ئەو هەیئەتەش لەگەل کۆماری ئیسلامی تەنیا یەك جار بوو،بۆ ماوەی ٤٥ دەقیقە و کۆماری ئیسلامی قەت نەگەراوە بۆ دانیشتنی جاری دووهەم.
با لێرەدا بڵێن فوئاد بە تەنیا خۆی و لە گەرانەوەی لە بانە بۆ مەریوان و لەو رێگادا بریاریداوە و بروایەکی زۆری بە شێخ بووە و لێ پرسیوە کە پێشنیاری وەهات پێ چۆنە و شێخ پێ باش بووە و لەسەر ئەوە پێك هاتوون. بەڵام کەمتر لە یەك حەوتوو دوای ئەو کۆبوونەوەیە فواد شەهید دەبێت. ئایا بۆ درێژەدانی پرۆژەیەکی وەها گرینگ پێویست نەبوو کە شێخ لەگەل رێبەرانی دیکەی کۆمەڵە قسەیەك بکات و پرسیار بکات کە فوئاد ئەوی بۆ کاری وەها راسپاردووە، ئایا کۆمەلە بەردەوامن لە بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەی وەها و شێخ بەردەوام بێت لە سەر کارەکەی یان نە؟ چۆن دەکرێت بە نوێنەرایەتی کۆمەڵە پرۆژەی دروستکردنی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دروست بکەیت بەڵام سەرکردایەتی کۆمەڵە ئاگاداری پرۆژەی وەها گرینگ نەبێ؟
جیاواز لەوەش ئایا هاوبیرانی شێخ هیچ کاتێك لە شێخ ناپرسن کە چۆن شێخ لەو کاتەدا و فەوری ڕازی بوو؟ ئەو شێخە کە بە قەولی خۆی لە دە ساڵ پێش ئەو کاتەوە مانیفیستی پێکهێنانی رێکخراوی کومونیستی کاریگەری نووسیوە، دە ساڵ لە مەریواندا و لە ناو کرێکار و زەحمەتکێشی مەریواندا کار و سیاسەتی کردوە، وەك کومونیستێکی لێهاتوو و کارامە بوەتە جێگای بروای کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی مەریوان، بروای بە ئینقیلابی بەردەوام بووە، چۆنە بە فوئاد نالێت، کوا دروستە لەم کاتەدا کە خەڵکی مەریوان کەوتوەتە بەر هێرشی جینایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی و خەڵك لە سەرلێشێوایی دایە و من بەو هەموو نفوز و لێهاتوییەوە، ئەو خەڵکە بە جێ بێلم و سەرقاڵی دروست کردنی هەیئەتی نیمایەندگی خەڵکی کورد ببم لە توژەڵە؟ ٤٥ دەقیقە موزاکرە لەگەل کۆماری ئیسلامی بە وتەبێژی حیزبی دیموکرات و بۆ خودموختاری تەداومی ئینقیلاب بوو؟
شێخ بینەرانی وتووێژەکەی ئەوەندە بە ناشارەزا دەزانێت کە پێیان دەڵێت، هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد نەك لە کوردستان بەڵکوو لە ئێرانیش بوو بە مەرجەع؟ بەڵام پێیان ناڵێت، کامە حیزب و رێکخراو و خەڵکانێك لە بەشەکانی دیکەی ئێرانەوە دەهاتن و پرسیان بە هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد دەکرد و سەبارەت بە چی بریار و هەڵوێستی ئەو هەیئەتە لە دەرەوەی کوردستان بەرێوە دەچوو؟
بە هەموو ئەو روونکردنەوانەوە و بە روونی دەردەکەوێت کە سیناریوکەی شێخ لێرەشدا دوورە لە ڕاستی و بۆ بەرگرییە لە خۆی لای هاوبیرانی و بۆ سازکردنی پێگە خەیاڵییەکەیەتی.

**٧- شێخ و جیابوونەوەی لە حیزبی کومونیستی ئێران.**

شێخ سەبارەت بە هاتنە دەرەوەی لە حیزبی کومونیستی ئێران و پەیوەست بوونی بە کومونیستی کاریگەری دەڵێت: (... لە سەردەمێکا ئیتر دیار بوو، مەسەلەی سقوتی شورەوی و ئەوانە، ئاشکرا بوو،... زەلزەلەیەک لە ناۆ جەرەیاناتی چەپا بە وجوود هات، لە ناو کۆمەلە و حیزبی کومونیستی ئیرانا، بە تەوری واقعی سێ گرایەشی تیا بوو ئیتر.گرایشێکی کومونیستی زۆر رۆشن بە تەئکید لە سەر مارکسیسمەوە ، کە عومدەتەن ئەۆ رەفێقانەی کە لە ئیتیحادی موبارزانۆ هاتبوون و شەخسی مەنسووری حێکمەت ... بەڵام لە عەینی حاڵا گرایەشی ناسیۆنالیزمی کوردیش بوو. کەسانێ بوون کە ڕازی نەبوون بە حیزبی دێموکرات ، کۆمەڵەیان بەلاوە رادیکاڵتر بوو، بەڵام مەسەلەکەیان کوردایەتی و ئەوە بوو و گرایشێکیتر بوو کە بە نەوعێک دیموکراسی تەڵەب و ئەوانە بوو، کە عومدەتەن لە تەشکیلاتی خارج بوون. ئەمانە هەر کامە ئەهدافێکیان تەعقیب ئەکرد... ساڵێ دوو ساڵ بەر لە ئنشعابەکە سەفبەندیەک بەوجود هات کە من لەۆ سەفبەندیا لەگەل ئەۆ جەرەیانە بووم کە لەگەل مەنسووری حێکمەت نەبوو. بۆ ماوەی دوو مانگێ. بەڵام دوایی ئەۆ جەرەیانە لە پلینۆمی ١٦ خودی جەرەیانەکە بە مەعنایەک قبووڵی کرد کە موخالێفەتەکەی قابلی دفاع نییە و ئیتر

مونجەر بوو بەوە کە عدەیەک ئستعفایان دا ... ئەۆ تەحەولە کە روویدا ماوەی دوو مانگێک من ئەۆ جەهەتەم هەڵبژراد بەڵام دوایی متوجە بووم کە ئەۆ جێهەتە، جێهەتێکی قابلی دفاع نییە. دوایی ئەوە ساڵێ دوو ساڵێ توولی کێشا تا گەیشت بە مەقتەعێ کە جیا بووینەوە.لەۆ جیابوونەوەدا ئیتر من هیچ تەردیدێکم نەبوو کە من لەگەل جەرەیانی کۆمونیزمی کارگەریم لە ناۆ حێزبی کۆمۆنیزمی ئێرانا. ... )

هەر وەك زۆرینەی ئەندامانی ئەو کاتی حکا ئاگادارن، شێخ لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیدا لە حکا هاتوەتە دەرەوە. بە پێ زانیاری زۆر لە شاهیدانی زیندووی ئەو رووداوە و نەوارەکانی پلۆنۆمی ١٦ حکا، لە سەروبەندی روودانی ئەو ناکۆکیانەوە و تا کاتێك شێخ لە ئوردوگای کۆمەلەدا بوو و تا نەهاتبووە سوید، شێخ یەك لە سەردەمداران و وتەبێژەکانی ئەو جەرەیانە بووە کە مەنسوری حیکمەت بە جەرەیانی ڕاست و ناسیونالیست پێناسەی دەکرد. یەك لە رەخنەکانی مەنسووری حیکمەت لە عەلیزادە و لە پلۆنۆمی شانزەدا ئەوەیە کە بۆ کەسێکی ڕاست وەك شێخ لە بەرپرسیارەتی رادیۆ کۆمەڵەدا دادەنیت، ئیتلاعییەی عیزەدین حوسەینی بڵاو کاتەوە و وتارەکانی کومۆنیستی کاریگەری وەلا بنێت؟ عەلیزادە لەوێدا و بە یەك وشەش بەرگری لە ڕاست بوون شێخ ناکات. بەهەرحاڵ دوایی کە شێخ هاتە سوید و هەستی کرد لە ژێر دەسەڵاتی کۆمەڵەدا نەماوە و حیکمەت دەستی باڵای هەیە، زۆر سەریع دەبێتە کومونیستی کاریگەری! ئاڵوگۆری فیکری لە مەرۆڤدا نە تەنها جێگای هیچ رەخنەیەك نییە بەڵکوو زۆریش ئاساییە و هەندێك جار زۆریش باشە. ئاڵوگۆری فیکری لە کەسانی سادە و ساکارەوە هەتا بیرمەندانی گەورەی جیهان پێکهاتوە و بەردەوامیش دەبێت. بەڵام چۆنیەتی ئەو ئاڵوگۆرە و هۆکارەکانی دەبێتە جێگای پرسیار. شێخ لەو وتووێژەدا دەڵێت کە هەر لە ساڵی ١٣٤٧ـەوە مەیلی بە ناسیونالیزم نەماوە و رەخنەگری بووە. خۆی وەك شاگردی دوکتۆر ئاریانپووری کۆمەڵناس لەو دەورانەدا دەناسێنێت. ساڵی ١٣٤٨ بروای بە دروست کردنی حیزبی کومونیستی کارپگەری ئێران بووە. مانیفیست دروستکردن تەشکیلات کومونیستی کاریگەری بۆ کۆمەلە نووسیوە. دوایی پرۆسەی دروستکردنی حکای دیووە. بوتە ئەندامی ئەو حیزبە. نووسراوەکانی مەنسووری حیکمەتی خوێندوەتەوە و بە کومونیستێکی راستەقینەی ناسیوووە. خۆی دەڵێت دوای هەرەس هێنانی شۆرەوی سێ جەرەیان لە حکا دا سەری هەڵدا کە لە بەرچاویدا، یەکیان گرایشی کومونیستی زۆر رۆشن مەنسووری حیکمەتە و یەکیتریان بە قەولی خۆی ناسیونالیستی کوردە. پرسیار ئەوەیە کە چۆنە شێخ بەو هەموو زانستە و بروا قوڵەی بە مارکس دوای ئەو هەموو ساڵە رەخنەگرتن لە ناسیونالیزمی کورد، دەبێتە رەخنەگری چالاکی حیکمەت و گرایشە کومونیستیە زۆر رۆشنکەی، دەبێتە یەکێک لە چالاکان و سەردەمداران و وتەبێژەکانی جەرەیانی ناسیونالیستی کورد؟ چۆنە دیسان و بە قەولی خۆی لە ماوەی کورتی دوو مانگادا بەیعەت دەکاتەوە بە حیکمەت و دیسان دەبێتەوە بە رەخنەگری ناسیونالیزمی کورد؟ لەوە گرینگتر شێوازی گەڕاندنەوەیەتی، دەڵێت ساڵێ دوو ساڵ بەر لە ئنشعابەکە سەفبەندیەک بەوجود هات کە من لەۆ سەفبەندیا لە گەل ئەۆ جەرەیانە بووم کە لەگەل مەنسووری حێکمەت نەبوو ( روی نییە بڵێت لەگەل ناسیونالیستەکان بووم). دوای چەند دەقیقە دەڵێت: ئەۆ تەحەولە کە روویدا ماوەی دوو مانگێک من ئەۆ جەهەتەم هەڵبژراد بەڵام دوایی متوجە بووم کە ئەۆ جەهەتە، جەهەتێکی قابلی دفاع نیە! ئەوەیە پەرێشان حاڵی شێخ، نە دەتوانێ ڕاستیەکان بڵێت، نە بۆی پینە دەکرێت. ڕەخنە لە خۆ لای شێخ زەحمەتە، قورسە، گێرانەوەی راستگۆیانەی رووداوەکان لای شێخ بەڵایە. ناڵێت بۆ لەگەل ناسیونالیستەکان بووم و بۆ لە گەل حیکمەتیەکان نەبووم؟شێخ خەباتی شەست ساڵەی کومونیستی خۆی دەگێرێتەوە. شەست ساڵ ژیانی کومونیستی بێ هەڵە! ناکرێت و ناگونجێت شتی وەها مەگەر ئەوەی لە جێگای باسکردن هەڵەکانی خۆت هەر وەك شێخ رووداوەکان بە هەڵە بگێریەوە. ئاوا دەکرێت بە خەڵك بڵێ کومونیستەکان درۆ ناکەن؟ سەر لێ شێواویە فیکریەکەی حیکمەتیستەکان و شێخ لە شوێنی وەهادا دەردەکەوێت.لە جێگای ئەوە بە بیری ئەمرۆ،

ڕابردوو هەڵسەنگێنێت، بیرۆکەی ئەمرۆی لە جێگەی ڕووداوەکانی ڕابردوودا دادەنێت و بۆیە، بۆشی جێ بەجێ نایێت، مەگەر بە خەیاڵ.
بە پێویستی نازانم هیچ وشەیەك لە سەر ئەمە دانم بەڵام بە دڵ بەداخەوەم بۆ ئەو هەموو پەرێشان حالیەی شێخ. خۆزگە شێخ هەر وەك "چاوە"ی شاعیر بمایەتەوە و قەت خۆی تێکەڵ سیاسەت نەکردایە. دڵنیام سەد قات خۆشەویستر دەبوو لە ئێستا. یان ئەگەر سیاسەتی دەکرد، ئەوەندە مەوقعیەت تەڵەب نەبوایە کە مەجبوور بێ ئەم هەموو خەو و خەیاڵاتە بۆ خۆی ساز بکات.
لە کۆتای ڕوونکردنەوەکانم سەبارەت بە هەڵوێستەکانی شێخ، بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە ١- ڕەخنەکانی من لە شێخ بە هیچ شێوەیەك شەرعییەت دان بە هەموو تەسمیماتی کۆمەڵە بەرانبەر بە شێخ نییە. دەتوانرێت بە دەیان نمونە نیشان بدریت کە هەڵوێست و بریارەکانی کۆمەڵە بە شێخ و زۆر کەسیتر جێگای ڕەخنەی زۆر جیدین و ئەو بۆچوونانەش خەسارەتی گەورە بوون بۆ کۆمەڵە ٢- ئەوەندەی کە ڕەخنەم لە شێخ هەیە کە خۆی دەکاتە سوپرمان و دەیەوێت ئەمرۆکە و بە خەیاڵ پێگە و مەوقعیەت بۆ خۆی ساز بکات ، ئەوەندەش ڕەخنەم لەو کەسانە هەیە کە  فوئاد، یان هەر کەسێکی دیکە دەکەنە سوپرمان و خۆیانی پێ هەڵداوسن و نانی پێوە دەخۆن. ٣- لە ڕوانگەی منەوە، هەلومەرجێکی تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێك هات، لە ناو هەزاران چالاکی سیاسی و تێکۆشەردا بە هەموو فیداکاری و ماندویی نەناسیی و دڵسۆزییەوە خەلکانێك بە هەندێك هۆکار و لێهاتووی خۆیان جێگایەکی تایبەتیان پەیدا کرد. نە کەس دەتوانێت بیانهێنێتە خوارەوە و نە کەسیش دەتوانێ لەو جێگا و پێگەی خۆیانە بیانباتە سەرتر. ٤- بە هەموو ڕێز و ئیحترامێکەوە بۆ ئەو کەسانە کە پێگە و ڕۆڵی گرینگ و تایبەتیان بووە هیچ کامەیان بێ کەم و کوری نەبوون. هیچ کەس مافی ئەوەی نییە پێش بە ڕەخنەگرتن لەو کەسایەتیانە بگرێت. هیچ ڕەخنەیەکیش لەوان زەرەیەك لە هەست و خۆشەویستی و ئیحترام بە ئەوان و بەرز نرخاندنی ڕۆڵی واقعیان  کەم ناکاتەوە.

## بەشی سێهەم،
## هەندێك ڕوونکردنەوە بۆ هاوبیرانی حیکمەتیستی شێخ.

**یەکەم،** لە چوارچێوەی ئەو باسەی یەکیەتی جووتیارانەدا، هەندێك لەو دۆستانە دەڵێن: ئێمە موخالیفی دروست کردنی یەکیەتی جووتیاران، یان چەکدارکردنی جووتیاران و شورای دێهاتەکان نەبووین.  ئێمە بەس بۆ ماوەی مانگ و نیوێك موخالفی دروستکردنی هێزی چەکدار و پەلە پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران بووین و دوای ئەو مانگ و نیوەش، پەیوەست بووین بە یەکیەتی جووتیارانەوە ( هەڵبەت یەکێک لەم گروپە و لە سەروبەندی ئەم نووسینەدا لە ڕەخنەکەی ئەو کاتەشیان پەشیمانە و ڕەخنەش لەوانە دەگرێت کە پەلە پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیارانیان دروست کردوە و بەو بۆنەوە شاریان بەجێ هێشتووە!). دەڵێن. یەکیەتی جووتیارانی مەریوان لە ناو شاری مەریوان دروست بوو و لە هیچ دێهاتێکەوە یارمەتی نەدەدرا و هەر شار یارمەتی دەکرد.  هەروەها دەڵێن، لەو ماوەشدا و سەرەرای موخالیفەتی خۆمان و لە چەند شوێن ڕوشتوین بۆ یارمەتیدانی یەکیەتی جووتیاران.
لەو پەیوەندیەدا لە دۆستان دەپرسم، ئێوە کە لە کاری هاوبەشدا، بۆ دروست کردنی ئەو یەکیەتی جووتیارانە نەبوون کە دروست کرا و موخالیف دروستکردنی یەکیەتی جووتیاران نەبوون، خۆتان چیتان کرد کە جووتیارانی مەریوان ڕێکبخەن و بتوانن چالاکییەك لەو بوارەدا دروست بکەن؟ کامە بوو ئەو ڕێکخراوە جووتیاری یان زەحمەتکێشییە کە ئێوە دروستان کرد و بەرهەمی کارەکەی خۆتان چۆن نیشان دەدەن؟ دەکرێت چەند نمونە لە چالاکیەکانی ئەو ڕێکخستنانەتان باس بکەن؟
ئێوە کە بە قەولی خۆتان دە ساڵ پێش شۆرشی ئێران ڕێکخراو بوون و پێگەیەکی گەورەتان لە مەریواندا هەبوو و موافقی چەکدار کردنی خەڵکی زەحمەتکێشی لادێ و شورای دێهاتەکان بوون. ئەگەر وابوو، لەو هەلومەرجەی شۆرشی ئێراندا، دەستان بە سەر کامە پاسگا و

پایەگادا گرت و خەڵکی کامە لادێتان چەکدار کرد؟ کامانەن شورای ئەو دێهاتەی کە ئێوە چەکدارتان کرد؟
ئێوە کە بە قەولی خۆتان فەرماندەی ستادی حیفازەتی شار بوون و ئەو هەموو چەك و موهیماتەش لەو ستادەدا بوو، خەڵکی کامە ناوچەتان پێ چەکدار کرد؟
ئێوە کە بە قەولی خۆتان و دوای مانگ و نیوێك، پەیوەست بوون بە یەکیەتی جووتیارانەوە، دەتوانن بڵێن کە پێش فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بە کوردستان، کامانەتان هاتنە ریزی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیارانەوە؟
لەبیرتان چوەتەوە کە یەك تاکە کەس لە ئێوە و پێش فەرمانی خومەینی نەهاتوونەتە ریزی پێشمەرگەوە، تەنانەت هەندێکتان دوای فەرمانی خومەینی، بەو هێزە پەیوەست نەبوون و لە شەری سێ مانگەدا نەهاتنە ریزی پێشمەرگەوە و بەشداریتان لە شەری سێ مانگەدا نەکردوە؟ یەك لەو ئەندامانەی ئێوە کە ئەمرۆژانە لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا خۆی کردوەتە سوپەرمان و بێحورمەتی بە هەموو کەس دەکات، باشترە بیری خۆی بخاتەوە کە چۆن ئەو کاتەی پێشمەرگەی کۆمەڵە هاتەوە شار ، کۆبوونەوەی بۆ ئەو کەسانە وەك جەنابی دانا کە لە شەری سێمانگەدا خۆیان شاردەوە و جەنابیشی بە کزی و ملکەچیی و شەرمەزارییەوە و لەو کۆبوونەوەدا، رەخنەی لە خۆی دەگرت کە چۆن ورەی لە دەستداوە و خۆی شاردوەتەوە و داوای دەکرد لێ خۆش بن. من یەك لەو بەرپرسانەی کۆمەڵە بووم کە بەشداری بەرێوەبردنی ئەو کۆبوونەوە بووم و ئەگەر پێخۆش بێت، تەنانەت دەتوانم هەندێك لە قسەکانی بخەمەوە بیری. ترساندن و بەشداری نەکردن لە شەردا نە تاوانە و نە جێگای رەخنەیە. لەوەش گرینگتر سیاسەت نەکردن بە گشتی نە تاوانە و نە جێگای رەخنە. بەڵام خۆ بە چالاکی سیاسی ناساندن و سەرەرای هەموو دروشمەکان و قەوڵ و قەرارت بە کۆمەڵێك خەڵك، روخابیت و خۆ شاریتەوە و دوایی لە گێرانەوەی رووداوەکەدا خۆت بکەیتە سوپەرمان و تەوهین بەو خەڵکانە بکەیت کە لەو هەلوومەرجەدا و بەو پەری لێبردوییەوە سینگیان دابووە بەر گولە، بێ ئەخلاقی تەواو و شەرمەزارییەکی گەورەیە! ئەوەندەی کە ئەو کات شەرمەزاریی بوو کە سەرەرای ئەو هەموو دروشمە زەرق و بەرقدارە، پشتت لە هەواڵەکانت کرد و خۆت شاردەوە، سەد ئەوەندە شەرمەزارییە کە ئێستا لە گێرانەوەی رووداوەکاندا خۆت بکەیتە خاوەن دەسکەوتی خەڵکانی دیکە. بەراستی چۆن مرۆڤ دەتوانێت ئەوەندە بێ شەرم بێت و بە خەڵکیش بڵێت کومونیستە و کومونیستەکان راستگۆن و درۆناکەن؟
دوور نییە بڵێن رێکخراوە دیموکراتییە جووتیاری یان زەحمەتکێشییەکەی ئێوە نهێنی بوو! ئەگەر هەر دروشم و دیعایا بڵاو دەکەنەوە، بۆچی ئەونە محافیزەکارانە دیعایا دەکەن؟ کاتێك بەڵگە و فاکت لای ئێوە تەنیا قسەی خۆتانە، بۆ ناڵێن مانگرتنی کرێکارانی کومپانیای نەوت کاری ئێمە بوو؟ بۆ ناڵێن مەجلسی ئێران ئێمە تەقاندمانەوە؟ بۆ ناڵێن شۆرشی ئێران بە رێبەرایەتی گروپە کومونیستیەکانی ئێمە بە سەرکەوتن گەیشت؟ خۆ دەکرێت ناوی دەیان شەهیدی ئەو شوێنانە ببەن و بڵێن ئەوانەش هەستەی ئێمە بوون! ئەوە نییە ئەڵێن لە ساڵی ١٣٤٧ تەوە، تەواوی رێبەرایەتی موبارزاتی مەریوانمان لە مەدرەسەی فەروخییەوە دەکرد! ( لە بیریشتان دەچێت کە لەو ساڵەدا جگە لە شێخ و رۆستەمی ئەوانی ترتان تەمەنتان ژێر ١٥ و ١٦ ساڵ بوو). ئەوە نییە ناوبەناو لەگەل ئەم شەهید و ئەو شەهید خۆتان دەکەنە هەستە و گروپ! کێ ئەتوانێ بڵێ ئێوە راست ناکەن؟ هەر کەس دەنگی لێوەهات، لەو مودێلەی خۆتان کەڵك وەرگرن و دەسبەجێ بلێن ئەوە جاشە، دووی خوردادیە، خاتەمی چییە، ناسیونالیستە!
دەڵێن یەکیەتی جووتیاران لە شاری مەریوان دروست بوو! بەڕاستی دەکرێت ئاوەها مێژوو چەواشە بکرێت؟ ئێوە خۆ بەشدار نەبوون لە دروست کردنیدا، ئەو زانیاریەتان لە کوێوە دەسکەوتووە؟ ئەگەر بروتان بە قسەکانی فوئاد هەیە، بروانە قسەکانی فوئاد لە لاپەرەی ٣١٨ تا ٣٢٠ لە کتێبی کاك فوئاد کێ بوو . لەوێدا بە وردی چۆنیەتی دروست بوونی یەکیەتی جووتیاران دەگێرێتەوە کە چۆن لە لایەن جووتیارانی دێهاتەکان و بە بەشداری تەنها چەند روناکبیرەوە دروست بوو. بۆ ئاگاداری ئێوە و دوایی دەیان کۆبوونەوەی چەند کەس لە گ٢ لەگەل دۆست و لایەنگران و جووتیارانی چالاك کۆمەڵێك لە دێهاتی مەریوان و، دوای ئەو

کۆبوونەوەی چەند لە دێهاتەکان، یەکەمین کۆبوونەوەی یەکیەتی جووتیاران، بۆ ڕاگەیاندنی ئاشکرای ئەو ڕێکخراوەیە، لە ئاوایی "نەنە" و بە بەشداری چالاکانێك لە نۆ تا یازدە دێهاتەوە دروست بوو.یەکەمین بەیان و ڕاگەیاندی پێکهێنانی یەکیەتی جووتیارانی مەریوان هەر لە مزگەوتی ئاوایی نەنە نووسراو و دێری یەکەمی بەیانەکەش بە ئایەتێکی قورئان دەستی پێدەکرد، لە بەر ئەوەیکە یەك لە نووسەرانی بەیانەکە مەلایەك بوو بە ناوی، م. م. ن. گ٢ ئەو بەیانەیان لە ژمارەیەکی زۆردا چاپ کرد و بڵاویان کردەوە، چونکە لای ئەوان دروست بوونی ڕێکخراوەکە و ڕاگەیاندنی لە هەموو شتێکی دیکە گرینگتر بوو. گرینگە ئەوەش بزانرێت کە نەیاران و ناحەزانی فوئاد، هەوڵیان داوە نووسینی ئەو ئایەتەی قوران بە کاری فوئاد پێناسە بکەن، لە کاتێکدا فوئاد نە خۆی لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بوو و نە ڕۆحیشی لە نووسینی ئەو ئاگادارییە خەبەری هەبوو.

دەشڵێن لە هیچ کاتێکدا جووتیاران دێهاتەکانی مەریوان نەدەهاتنە کۆمەکیان! بۆچی ئێوە لەگەل ئێمە بوون کە بزانن کێ دێتە لامان و کێ نایەت؟ دەسگای ئەمنی و ئاسایشتان هەبوو و نەفەرتان بە نهێنی لای ئێمە کاری دەکرد؟ ئەی ئەو زانیاریەتان لە کوێوە دەسکەوتوە؟ ئێوە ئاگاتان لەوە نییە کە هەندێك جار کە ئێمە دەچوینە دێهاتێك بۆ کۆبوونە، زیاتر لە ڕێژەی چەکدارەکانی خۆمان، جووتیاری چەکداری دێهاتەکانی دیکە بەشداری کۆبوونەوەکەیان دەکرد و ئەو پشتیوانی و بەشداریە گەرمەی خەڵکی ناوچەکە، خەوی لە چاو کۆنەپەرستاندا پەراندبوو، و ئێوەش لە سایەی ئەو هێزەدا لە ئەمن و ئاسایشدا بوون و ئێستاش دەتانەوێت هەموو ماندوو بوونی خەڵکانی دیکە بە ناوی خۆتانەوە تۆمار بکەن. هەندێك بەڵگە و شاهید بۆ ئەو ئیدیعا بێ بنەمایانەتان کۆکەنەوە!

دەڵێن سەرەرای موخالیفەتی خۆمان لە سەر چوونە دەرەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران، هەر کات شتێکمان بیستووە چووین بۆ کۆمەکیان! من لە ڕۆژی یەکەمەوە لە گەل ئەو دەستە پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران بووم و یەك تاقە ڕۆژیش بە جێم نەهێشتوە و یەك کەس لە ئێوەشم نەدیوە کە بێتە کۆمەك. تەنیا کەسێك لە ئێوە داوای لە شەهید حسین پیر خێران کردوە کە لەگەل خۆی بیهێنێت و چاوی بە ئێمە بکەوێت، شەهید موسا شێخ الیسلامی بووە و یەك ڕۆژ لە کورەی میانە ئێمەی دیوە و لەوێش ڕایگەیاند کە لە لایەن خۆیەوە هاتوە و خۆی پێ خۆش بووە. ئەویش کاتێك بووە کە شەری خانەگای جوجو تەواو بووە و دوو ڕۆژیش دوای تەواو بوونی شەر هاتوەتە لای ئێمە.

بەڵام پرسیاری زۆر جیدی لەو بارەوە ئەوەیە ئێوە خاوەنی چ سیاسەت و پرنسیپێك بوون کە لە لایەك گروپێك بە "ماجەرا جوو" و تەنانەت "چەتە" بزانن و دێ بە دێ دژیان قسە دەکەن، بەڵام لە هەر لایەك ئەو ماجەراجوانە تووشی تەقەش بن، "دوازدە سوارەی مەریوان"ی خۆتان بنێرن بۆ یارمەتیدان ماجەراجوو و چەتەکان؟ باشە ئەگەر جارێك ئەو هێزە یارمەتیدەرەی ئێوە تووشی شەرێك بوایە و چەند شەهیدی بدایە، چۆن ڕوونکردنەوەتان بۆ خەڵکی شار و دێ دەدا؟ بە چ مەنتقێکی سیاسی؟ بە قسە و بیر و باوەر لە دژیان شتێکتان بڵاو دەکردەوە و بە کردەوە دەچوون جەریانێکی ماجەراجوییتان تەقویەت دەکرد و حەزتان دەکرد ماجەراجوەکان سەرکەون؟ ئەوە سیاسەتی کومونیستی ئێوە بوو؟ کومونیستەکان هەر چی موخالیفی ئانارشیزم و ماجەراجوەکان بن، بەڵام هەر پشتیان چۆڵ ناکەن و دەچنە سەنگەرەکانیانەوە؟ دەڵێن فواد و ئەو کۆمەڵە کەسەی لەگەلی بوون لە جەولەیەکدا دامابوون و نەیان دەزانی چۆن بچنە ناو ئاوای گێلیکەران و خەریك بوو لە لای ئێوارەوە تووشی شەرێك بن، بەڵام ئێوە فریایان کەوتن و نەجاتتان دان! کورد دەڵێت "لە جیێ شابازان کۆر کۆرە وازان". ئەو فوئادەی کە دەیان کۆبوونەوەی بۆ ئێوە دەگرت کە بەڵکوو حالیتان بکات و حاڵی نەدەبوون، ئەو فوئادەی لە مەریوان، نەوسوو، پاوە، سنە ،سەقز ،بانە ، بۆکان و مەهاباد قسەی بۆ خەڵك دەکرد، لە گێلیکەرانی سەرشیوو دامابوو و ئێوە نەجاتتاندا؟ ئینسافتان هەیە کە ئاوەها باسی ڕووداوەکان دەکەن؟ بەڕاستی خۆ بەزل زانین تا ئەو ڕادەیە؟ دەزانن کاتێك مرۆڤ لە گێرانەوەی ڕوداوەکاندا ئەوەندە بێئینساف و ناراستگۆ وناعادل بێت،گومانێکی زۆر پەیدا دەبێت لە هەموو دروشمە عەدالەتخوازیەکانی ؟

واز له جووتیار بێنین، چوون ئێوه هەر له ساڵی ٤٧ تەوه برواتان به ڕێکخراوی کۆمونیستی کرێکاری بووه و شارتان به مەرکەزی قودرەت زانیوه و برواتان به چالاکی له ناو چینی کرێکاردا هەبووه ( هەڵبەت مرۆڤ نازانێ ئەی بۆ روتان له شارەکان نەدەکرد و بوون به موعەلیم له، بەردەرەشە، کاڵ، گوێزەکوێرە، ولەژێر، کەڵەوێنجه، گله و سەوڵاوا؟)، ئەڵێن هەموو خەڵك چاوی له سیاسەت و ڕێنوێنی ئێوه بووه، ئێوەش لایەنگری شۆرشی بەردەوام بوون. ڕاستی له گروپه نۆ کەسییەکەی خۆتان و دوای ده ساڵ کاری کومونیستی له مەریواندا و له ناو کرێکاراندا چەند له ئەندامەکانتان کرێکار بوو؟ باسی ئەندامی ژن با هەر نەکەین. جیاواز له گروپەکەی خۆتان ئەی بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی شاری مەریوانتان ڕێك نەدەخست و بۆ بەرگری له خۆیان چەکدارتان نەدەکردن، بۆ بەردەوامی شۆرشەکەتان؟ بۆ ڕێکخراوێکی کرێکاریتان له مەریواندا دروست نەدەکرد؟ دەزانن تەنیا ڕێکخراوی کرێکارانی ئەوکاتی مەریوان ( اتحادیه کارگران) و تەنیا یەك ئەندامی کرێکاری هەبوو و ئەویش کرێکارێکی بێ لایەن بوو؟ بڕوانه ( ژ،٨) . دەزانن ئەو مەقەرەی ستادی حەفازەتی مەریوان، که ناوتان ناوه مەقەری ستادی ئینقیلاب، چەنده ئەسلەحەی تیدا بوو؟ دەزانن تەوای ئەو چەك و موهیماتەی لەوێ بوو، جگه له بەشێکی،( که یەکیەتی جووتیاران و سەرەرای موخالیفەتی ئێوه، گواستییەوه بۆ مەقەرەکەی خۆی و لەوێشەوه و به دزیەوه گواستییەوه بۆ دێهات و، لێشتان کردین به هەرا که ئێمه دزیمان کردوه،) هەمووی له سەر تەوافقی شورای شار و پادیگان تەحویلی ژاندرمه درایەوه و کەوتەوه دەست کۆماری ئیسلامی؟ دەزانن کێ نەیهێشت یەکیەتی جووتیاران هەموو چەك و موهیماته ببات بۆ مەقەرەکەی خۆی؟
وا باسی رابردوو دەکەن که ئێوەش تەوەهومتان بەرانبەر کۆماری ئیسلامی نەبوو و پێتان وابوو که رژیم هێرش دەکاته سەر کوردستان؟ ئاماده بوون خەڵك ڕێکخەن بۆ بەرگری له دەسکەوتەکانیان! ئەگەر وابوو ئەی ئێوەی رئیس و هەمەکارەی ستاد، نەتان دەتوانی ٢٠ سەندوق لەو فیشەکانه بگوێزنەوه که رۆژانی دوایی بەکاری ببێنن؟ نەتان دەتوانیی لەو هەموو هێز و نفوز و توانایەتان کەڵك وەرگرن و لانیکەم تەقەمەنی فریای سنه بخەن له شەری نەورۆزی ١٣٥٨ دا؟ نەتاندەزانی پێویستیانه؟ پەیوەندیتان کرد؟ یان پێتان وابوو ماجەراجوییه؟ ئەوانەی ئێوه که دوای چۆڵ کردنی شار پەیوەست بوون به کۆمەڵەوه جگه له چەکی سەرشانتان چ تان تەحویلی کۆمەڵەدا؟
دەڵێن یەکیەتی جووتیاران گرینگ نەبوو، ستادی حیفازەت، که ئێستا به ستادی ئینقیلاب و ستادی کومونیستەکان ناوی دەبەن گرینگ بوو. ستادیش له سەر شانی ئێوه بوو. دەڵێن کاتێك ئەو گروپەش به ناوی پێشمەرگەی جووتیارانەوه چونه دەرەوه، هەموو ئەرکی ئیدارەی شار کەوته سەر شانی ئێوه!
ئێوه ئاگاداری رۆژ و مانگ و ساڵی شۆرشی ئێران هەن؟ شۆرش ئێران له ٢٢ ی بەهمەنی ١٣٥٧دا رژیمی شای رووخاند. به پێ ئەو مێژووه ستادی حیفازەت له کۆتایی بەهمەن و دەسپێکی ئەسفەندا پێك هاتووه و، لەو کاتەوه  تا دەسپێکی خورددادی ١٣٥٨ هەموو ئێمه و ئێوه له شاردا بووین، جگه لەوانەی که ماموستای دێهات بوون و دوای سێزدەبەدەری مانگی فەروەردینی ١٣٥٨ ەوه تا کۆتایی خوردادی ١٣٥٨چوونەوه دێهاتەکان. خۆشتان دەزانن که له گروپه نۆ کەسییەکەی ئێوه شەش یان حەوت کەستان مامۆستای دێهات بوون و چوونەوه سەر کار و ئیشی خۆتان. ئەگەر وایه چۆن ئێوه روونی دەکەنەوه که له لایەك زۆربەی ئێوه به رۆژ ماموستای دێهات بوون و تەواوی ئەرکی شاری مەریوانیش له ئەستۆی ئێوه بوو؟ تەنها به رۆستەمی و شێخ؟ ( ئەوانەی گ٢ که چوونه دەرەوه وەك پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران، له دەسپێکی خورددادەوه چوونه دەرەوه و ٢٣ ی تیر هاتنەوه شار تا چۆڵ کردنی شار به تەواوی، هەروەها تەنها ٦ یان ٧ کەس لەو گ٢ چونەته دەرەوه، ئەوانی دیکەیان چی؟ بڕوانه لیستەی گ٢ له، ژ٢)
له لایەکی دیکەوه، ئەگەر ئەو پرسیارەتان ئاراسته بکرێت که، چوونه دەرەوەی ٦ یان ٧ کەس له شارێکدا که چەند، ده هەزار دانیشتوی هەیه، بۆ فشار دەخاته سەر شانی ئێوه؟ خەتای ئەو حەوت کەسه بێ ڕێگەیه، یان لێنەهاتویی و ناکارامەیی ئێوه له ڕێکخستنی خەڵکی

شارێکدا بۆ بەرگری لە خۆی؟ هەروەها دەڵێن: ئێوە دەسەلاتداری شار بوون، شار مەرکەزی قودرەت بوو، ئەی خێر بوو هەر بە فەرمانی خومەینی بۆ هێرش بە کوردستان و، بە بێ ڕێکخستنی هیچ بەرگریەکی هێزی شارەکەتان، شارتان بەجێ هێشت و برێکتان بەو ماجەراجو و چەتانە پەیوەست بوون و برێکیشتان دوای گرتنەوەی شارەکان و بە ڕەخنە لە خۆتانەوە هاتنەوە بۆ لای ماجەراجوەکان؟ ئێوە بەو هەموو نفوزەوە و لەو کاتەدا کە بە قەولی ئێوە هەموو خەڵکیش چەکدار بوون و لە گەڵتان بوون، بۆ هاتن بۆ لای ئەو گروپە هەژار و بێ دەم و زمان و کەم ئەزموونە؟ هاتبوون ئێمە بپارێزن؟ فێری پێشمەرگایەتیمان بکەن؟ چۆن وازتان لە بیروڕای کومونیستی خۆتان هێنا و چوونە لای گروپێك کە بڕوای بە خەباتی جووتیاران هەبوو؟
پرسیارێکی گرینگیتر ئەوەیە کە ئایا کاتێك ئێوە بە تەواوی بە کۆمەڵە پەیوەست بوون،بەرهەمی کاری دە ساڵی سیاسی و نهێنی ڕێکخراوەکەی خۆتان لە شاری مەریواندا بە کۆمەڵە ناساند؟ یان هەر بە ناوی "شیرین بەهارە"وە و خۆتان ڕێبەریتان دەکرد؟ دەزانن من و تا ئەو کاتەی لە مەریواندا بووم بەشداری ئەو کۆبوونەوانە بووم کە لە مەریوان دەکرا و ئاگادار بووم کە لە باری ڕێکخراوەییەوە چیمان هەیە و چیمان نییە؟ ڕێکخراوی نهێنیتان پەیوەست کرد بە کۆمەڵەوە؟ چەندە هێز و لایەنگرتان پەیوەست کرد بە کۆمەڵەوە؟
دەڵێن خۆپیشاندانی ٢٣ ی تیر تەنها گروپی ئێوە ڕێکتان خستووە! دەپرسم بە چ ناوێکەوە بانگهێشتی خەڵکی شار و دێتان دەکرد؟ بە ناوی شیرین بەهارەوە؟ مامۆستا شێخ عێزەدین یان موفتیزادە یان سدیقی کەمانگەر بوون کە بە ناوی خۆتانەوە بانگهێشتی خەڵك بکەن؟ دەزانن کە لە مەریواندا قەت فوئادیش بە ناوی خۆیەوە بانگهێشتی خۆپیشاندانی نەکردووە؟ هەروها لە پەنجا چالاکی گ٢ و لە ڕۆژانی پێش ٢٣ ی تیردا، تەنها کەمتر لە هەشت چالاکی پێشمەرگەی یەکیەتی جووتیاران بوون. ئەوانی دیکەیان هیچ دەور و نەقشێکیان لە ڕێکخستنی ئەو خۆپیشاندانەدا نەبوو؟ هەندێك بیر بکەنەوە، ئەو خۆپیشاندانە بە ناوی شورای شار و ڕێکخراوەکانی دیکەوە بانگهێشت کرا و، هەموو ڕێکخراوەکان بەشداربوون تێیدا.
دەڵێن: دوای پەیوەست بوونتان بە کۆمەڵەوە و لە مەریواندا و لە ناو کۆمەڵەدا دەوری گرینگتان بووە. دوای شەری سێ مانگە و بە ڕۆشتنەوەی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ناو شارەکان، شاری مەریوان لە ڕێگای مەسئەولینەوە ئێدارە دەکرا!
دوورنییە لەبیرتان چوویێتەوە کە دوای شەهید بوونی فوئاد، عوسمان ڕەوشەن توودە مەسئولی کومیتەی ناوچەی مەریوان بووە و لە کونفەرانسی پێنجدا و لە بەهاری ١٣٥٩ دا عوسمان لادراوە و عەبدوڵای دارابی لە کونفەرانسدا کرایە مەسئولی ناوچەی مەریوان و تا لە شار هاتوینەتە دەر هیچکام لە ئێوە نە ئەندام و بەرئەندامی کۆمەڵە بوون و نە ئەندامی کومیتەی ناوچەی مەریوان. جیاواز لەوەش وەك خۆتان دەزانن لەو کاتەوە کە ئێوە بە کۆمەڵە پەیوەست بوون و تا دروستکردنی حیزبی کومونیستی ئێران، کۆمەڵێك ئاڵوگۆری زۆر گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەیی و بەرنامەیی بە سەر کۆمەڵەدا هات. ئەو ئاڵووگۆرە سیاسی و ڕێکخراوەییە لە کونگەرەی دووی کۆمەڵە، کونفەرانسی پێنج و شەش، کونگەرەی سێ کۆمەڵە و لە کونگەرەی دامەزراندنی حیزبی کومونیستی ئێراندا ڕەنگدانەوەی زۆر گەورەی هەبوو و کۆمەڵێك سیاسەت و بەرنامە و ڕێبازی تازە پەسەند کراوە. هەموو لایەك بە چاك یان بە خراپ باسی ئەو ئاڵوگۆرە گرینگانە دەکەن. پرسیار ئەوەیە کە یەك تاکە کەس لە گروپی ئێوە بانگهێشتی ئەو کونفەرانس و کونگەرانە کراون؟ کامەتان؟ ئەگەر بانگهێشت نەکراون یان نوێنەر نەبوون،بۆ؟ ئەندامی کۆمەڵە نەبوون؟ ڕێبەرایەتی کۆمەڵە غەدری لێدەکردن یان هەستی بە ڕۆڵی گرینگی ئێوە نەدەکرد؟ لە هەر دوو حاڵدا و ئەگەر وابوو، بۆ بێ دەنگ بوون؟ نەتاندەتوانی بە شێوەی کومونیستی خۆتان دیفاغ لە پێویستی بەشداری خۆتان بکەن،تا لەو ڕێگاوە فرسەتتان هەبێت کە ڕۆڵی کاریگەری خۆتان لەو پرۆسەدا بگێرن و بێ ڕۆل نەبن لەو پرۆسەیەدا؟
دووهەم، سەبارەت بە مەقەری مەکتەبی قوران، هەندێك لە ئێوە ئاڵۆز بوون کە گوایە ئەوە مەقەری مەکتەبی قورئان نەبووە و مەقەری سپای پاسداران بووە و هەموو ئەوانەش لە وێ

بوون پاسدار بوون و کارتی پاسداریان لە گیرفاندا بووە. هەر وەها دەڵێن کۆماری ئیسلامی خۆی وتویە ئەوانە پاسدار بوون!
لێرەدا جارێکی دیکە سەرنجتان بۆ ئەم چەند خاڵە رادەکێشم!
١- ئەو مەقەرە، مەقەری مەکتەبی قورئان بووە. مەکتەبی قوران سەر بە ئەحمەدی موفتیزادە بوون. ئەحمەدی موفتیزادە لایەنگری دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیسلامی بوو لە کوردستان. ئەوەندەی پێدەکرا دژایەتی کومونیستەکان و چەپەکان و هێزی سیکولاری دەکرد. دۆستی قیادە موەقەت بوو. حەشاردەری هێزی عەشایەر و دەرەبەگەکان بوو لە کوردستان. یەکجار زۆر گەشبین بوو بە خومەینی و کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی چەکداری دەکردن. سەرەرای هەموو ئەوانە و لەو کاتەدا لە شورای ١١ نەفەرەی شاری سنە، ٨ کەس لە ئەندامانی شورا، لە لیستی ئەحمەدی موفتیزادە بوون. لە شورای شاری مەریوانیشدا، شێخ برایم مەردۆخی تا رۆژی ٢٣ ی مانگی تیر، ئەندامی شورای شاری مەریوان بوو. بۆیە بە لایەنگرانی موفتیزادە و لەو کاتەدا ناتوانرێت بڵێت پاسداری کۆماری ئیسلامی ئێران بوون.
٢- دڵنیام کە هەموو ئەوانەی ئەو رۆژەی لە مەقەرەکەدا بوون پاسدار نەبوون. بە نمونە کەس ناتوانێت بڵێت کە کەسانێکیان وەك محەمەد ئەمین نیکخواە، محەمەد ساڵح رەشیدی و حسین حەیدەری پاسدار بوون و کارتی پاسداریان لە گیرفاندا بووە.
٣- پرۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی سەرچاوەیەکی گونجاو نییە، بۆ ئەوەی ئەو گروپە پاسدار بوون. کۆماری ئیسلامی بۆ هاندانی خەلکانێك دژی ئێمە لە شێوازی کاریگەرتر دەگەرا. بۆیە ئەوانەی وەك پاسدار پێناسە دەکرد و دەیوت کە هێرش کراوەتە سەر پاسداران و بەهانەی ساز دەکرد بۆ داگیرکردنی شاری مەریوان. بلاوکردنەوەی شەری لایەنگران موفتیزادە و ئێمە کاریگەری ئەوتۆی بۆ کۆماری ئیسلامی نەبوو، بۆ هاندان خەڵك ئێران دژی ئێمە. لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر پرۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی لاتان بایەخی هەیە، بیر لەوە بکەنەوە کە چ پرۆپاگەندەیەکی دژی ئێمە دەکرد!
٤- لە وتووێژی هاوبەشی عەبدوڵای کۆنەپۆشی و مەجید حسینی و لە کتێبی کاك فواد کێ بوو و لە لاپەرەی ٢١٧ ەدا و لە بەرچاوی مەجیددا، کۆنەپۆشی دەڵێت: جەماعەتی مەکتەب قورئان و مورتەجەعین ساواکیان کردبوو بە بنکەی خۆیان و هێزی چەکداریان تێدا دانابوو...
باشە خێرە مەجید حسینی لەوێ هیچ ناڵێت؟ بۆ یەك لە ئێوە، بە یەك وشەش سەبارەت بەو نەزەرەی کۆنەپۆشی هیچ ناڵێن؟ بەڵام ئەگەر کەسێك لە فیرقەی خۆتان نەبێت و، هەمان قسە بکات، ئەو هەرا و هەنگامە ساز دەکەن؟
٥- بۆ ئاگاداریتان و بە پێ ئەو زانیارانەی لەبەردەستدان کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەك ئەحمەدی موفتیزادەی بەکار هێنا، بەڵام بروای بەویش نەکرد ودوای ماوەیەك و موفتیزادەشی لە کار وەلانا و تا رۆژەکانی نزیك مەرگی زیندانی کرد. لە دوای مەرگی موفتیزادەش لایەنگرانی موفتیزادە چالاکی خۆیان بووە و هەیە، ئاگایان لە یەکە و خۆشیان وەك موخالیفی رژیم دەناسێنن و سەرەرای مەیل و رەغبەتی ئێمە و زۆر بە داخەوە ئەگەر سەرهەڵدانێك رووبدات، دوور نییە هێزێکی بەرچاوی خەلکیش لە خۆیان کۆکەنەوە و، هیچ مەرجیش نییە بە ناوی لایەنگرانی موفتیزادەوە بێت. حەز و ئارەزوی ئێمە شتێکە و دونیای واقعی شتێکی دیکە. پێناسە کردنی لایەنگرانی موفتیزادە وەك بەشێك لە سپای پاسداری ئێران لەو کاتەدا ساکارترین هەڵسەنگاندنە لە بەرەی موفتیزادە و، تێکەڵاوی و ناکوکیەکانیان لە گەل کۆماری ئیسلامی ئێران.
سێهەم، سەبارەت بە چەککردنی مەقەری مەکتەبی قورئان لە رۆژی ٢٣ ی تیردا. شێخ و سێ لە دۆستانی و هەر یەکە ریوایەتی خۆی هەیە. شێخ لە وتووێژەکەی لە گەل خاکی، هیچ باسی بەرنامەی پێشوو بۆ چەککردن ناکات و ئەڵێت ئێمە خۆپیشاندانمان رێکخست و عیدەیەك لە خەڵك رۆشتن ئیعترازیان پێکردن و وتیان ئەوە چیە؟ ئەوانیش تەقەیان کرد و سێ کەسیان شەهید کرد و خەڵکیش چەکیان کردن. یەکتان دەڵێت پێش ٢٣ ێ تیر کۆبوونەوەتان

کردوە و تەرحی ئامادەتان هەبووە و بریار بووە کە ئەو مەقەرە چەك بکەین. دوانی تریشتان بۆچوونی لەو بەینەتان هەیە.
ئەوەی کە من لە بەرنامەیەکی تەلەویزیونیدا باسمکرد و ئێوەی ئاڵۆز کردوە زۆر نزیکە لەو ریوایەتەی شێخ و لە بارەی ئەو رووداوەوە باسی کردوە. منیش تەکیدم کرد کە هیچ بەرنامەیەکی پێشومان بۆ چەککردنی ئەو مەقەرە نەبووە. بۆ روونکردنەوەی زیاتر لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵ بە پێویست دەزانم.
١- پێش ئەوەی  فوئاد بچیتە سەفەر و تا ئەو جێگای من ئاگاداری سیاسەت و لێکدانەوەی ئەو کاتی کۆمەڵە و  فوئاد بووم، فوئاد بۆ ئێمەی پێشمەرگەی باس کردبێت، ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر لە بەهانەدایە کە هێرش بکاتە سەر کوردستان. لای ئێمە روون بوو کە سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە هیچ بەهانەیەك بە دەستەوە نەدەین و تا دەتوانین ئەو شەرە دوا بخەین ، ئەم شەرە هەر چی دوا بخرێت بە قازانجمانە و دیارە پێچەوانەکەشی بە زەرەرمانە. کەوایە لە ژێر تیشکی لێکدانەوە و سیاسەتێکی وەهادا بە کامە مەنتیق ئێمە دەبێت بچینە سەر مەقەرێك بۆ چەککردنی، بە تایبەت کاتێك کە بە قەولی ئێوە، تابلۆی سپای پاسدارانی لە سەر نووسرابێت؟ خۆ ناکرێت لە لایەك بڵێین هیچ بەهانەیەك بە دەستەوە نەدەین و لە لایەك و بە رۆژی روون بچینە سەر مەقەری سپای پاسدارن چەکی بکەین! بۆیە هەر دۆستێك کە ئەو کاتە لە گەل کۆمەلە بووە و باسی شتی وەها بکات کە، ئێمە بەرنامەمان بووە ئەو مەقەرە چەك بکەین یان بە مەبەستێکی تایبەت ئەو چەواشەکارییە دەکات یان بە قەت نوکە دەرزییەك و ئەو کاتە لە سیاسەتی کۆمەڵە و  فوئاد حاڵی نەبووە. ئەگەر هەر کەسە و لە هەر گروپ و لایەنی دیکەش بەرنامەی وەهای بووە، بێ گومان سیاسەتێکی زۆر هەلە و چەوت و زەرەرمەندی بووە و فریوکارانە ویستویە ئێمە و خەڵکی مەریوان تووشی شەرێکی نەخوازراو بکات. سیاسەتێك کە لە لایەك رشتن  خوێنی سێ کەس  بە ناحەق لێکەوتەوە و ئاسانکاری کرد کە زۆر زوتر پیلانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ داگیرکردنی مەریوان جێ بە جێ بکرێت.
٢  وەك دەزانرێت لە کاتێکدا کە چەکدارانی ئەو مەقەرە لە ئامادەگی تەوادا بوون و  هەموویان چووبونە سەنگەرەوە، لە ماوەی دوو تا سێ کاتژمێردا ئێمە توانیمان مەقەرەکەیان بگرین. کەوابوو ئەگەر ئەوانەی کە بەرنامەی چەککردنیان هەبووە و هەموو ئێمەیان ئاگادار و ڕازی بکردایەت، بە شناسایی مەقەرەکەیان و کۆکردنەوەی زانیاری پێویست و بە تەرحێکی ئامادەکراو  و لە کاتێکی تایبەتیدا دەتوانرا زۆر بە ئاسانتر چەك بکرێن. دووریش نەبوو کە خوێنی هیچ کەس نەرژێت. بۆیە لە باری نیزامیشەوە ئەوانەی کە بەرنامەی وەهایان دارشتووە، ئەگەر بەرنامەیەکی وەها بووبێت،  زۆر ساویکە و ناشارەزا و نەزان بوون و ئەگەر مەحکەمەیەکیش هەبێت لانیکەم جێگای خۆیەتی وەك تاوانباری خوێنی بە ناحەق رژاوی ئەو سێ گیانبەختکردوە مەحاکەمە بکرێن، جیاواز لەو خەیانەتەی لەگەل خەڵکی شار و هەموو ئێمە کردویانە.
٣- بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەم بارەوە لەگەل نوێنەرانی ئەو کاتەی رێکخراوەکانی مەریوان پەیوەندیم کرتووە و پرسیومە کە ئایا پێش ٢٣ ی تیر کۆبوونەوەیەك لە شاردا کراوە کە باسی چەك کردنی ئەو مەقەرە بکرێت و بریاری لە سەر درابێت؟ هەموو ئەندامانی ئەو رێکخراوانە کە لێرەدا ناویان دەبەم، بە کۆی دەنگ دەڵێن کە لە کۆبوونەوەیەکی وەهادا بەشداریمان نەکردوە کە بریاری وەهای تێدا درابێت .

- شورای ئەو کاتی شاری مەریوان ١- شێخ عوسمان خالیدی ٢- بابە عەلی مێهرپەروە. ٣- مەحمود ئاشتیانی ( ئاشتیانی هاوکات ئەندامی شورا و بەرپرسی حیزبی دیموکراتیش بووە و دەڵێت: ئیمە وەك حیزبی دیموکرات هەر خۆپیشاندانەکەشمان بایکۆت کردوە و بەشداریمان نەکردوە و ئاگاشمان لە بەرنامەی وەها نەبووە.)
- ئەنداماني كانونی دانش ئاموزان و دانشجویانی مەریوان: ١- جەعفەر موستەفا سوڵتانی ٢- عارف نادری ٣- حشمەت موستەفا سوڵتانی ٤-دەلیلە

روستەمی. (دەلیلە رۆستەمی دەڵێت: شەوی ٢٢ لە سەر ٢٣ ی تیر کاك عەتای رۆستەمی برای هاتوەتە ماڵو و باس خۆپیشاندانی موسالیمەت ئامیزی بەیانی بو کردوین و تەئکیدی تایبەتی لە سەر موسالیمەت ئامیز بوونی کردوەتەوە. بە پێ ئەو زانیاریانەی دەلیلەی رۆستەمی، عەتای رۆستەمیش یان ئاگاداری بەرنامەی وەها نەبووە یان ئەو زانیارییەی باس نەکردووە)

- ئەندامانی رێکخراوی یەکیەتی داواکارانی مافی گەلی کورد: ١- رەشید مەولودی (مامۆستا سیامەند) ٢- فەریدوون موحەمەدی ٣ س.چ ( ئەم ئەندامەیان بە منی راگەیاند کە لە کۆبوونەوەکەدا بووم بۆ رێکخستنی خۆپێشاندانی موسالیمەت ئامیز و پێشنیاریشم کردووە کە هەر نەچینە پێش ئەو مەقەرە باشترە، نەوەك رووداوێکی نەخوازراو پێش بێت. بەڵام پێشنیارەکەم قەبووڵ نەکرا)-
- – ئەندامانی یەکیەتی ژنانی مەریوان: ١- مەلەکە موستەفا سۆڵتانی ٢- فەراسەت قاسم نژاد ٣- شەرافەت قاسم نژاد ٤- تەڵعەت خالیدی
- ئەندامی بەرێوەبەری رێکخراوی پیشگام: ١- غوڵام زەنگەنە دەلێت نە تەنها بریاری چەك کردنی مەقەر نەبووە بەڵکوو بۆ بەشداری چەکدارانەی یەکیەتی جوتیارانیش لە خۆپیشاندانەکەدا موخالیف بووین.
- ئەندامی یەکیەتی کرێکاران، غوڵام قاسم نژاد
- پێشمەرگە و لایەنگرانی یەکیەتی جووتیاران جگە لە نوسەر، ١- شەهاب زرێبار ٢- رەشید ئەحمەدی ٣ محەمەد مراد ئەمینی ٤ عەبدوڵا موستەفا سوڵتانی ٥ مەنسوور قەشقایی ٦ عەبدوڵای کۆنەپۆشی( دلێر) ٧ حامد کۆنەپۆشی ٨ ئەحمەد ساسانی ٩ ناسێح خالیدی

ئایا ئەم هەموو شاهیدە زیندوەی ئەو رووداوە بەس نین بۆ بێ بنەما بوون ئەو ئیدیعایە کە گۆیا بەرنامەیەکی دارێژراو هەبووە بۆ چەککردنی ئەو مەقەرە؟

لە کۆتایی ئەم بەشەشدا بە پێویستی دەزانم بەو دۆستانە بڵێم کە:

**یەکەم،** بۆ چەند چرکەیەك چاو لە لیستی ئەو دۆستانە بکەن کە ناویان وەك گ٢ هێنراوە. هەموویان هاوتەمەنی ئێوەن. زۆربەیان هەر لە هەمان نەوەی رووناکبیرانی ئەو دەورانەی ئێوەن. بەشداری چالاکانەیان کردووە لە خەبات و ململانێ سیاسیدا، خۆشەویست و جێگای بروای خەڵك بوون. جیاواز لە گ٢، لایەنەکانی دیکەش وەك چریکە فیداییەکان. رۆڵی عەبدوڵرەزا کەریمی و، چالاکی تەهمورس ئەکبەری، شەهاب زرێبار، غولام زەنگەنە، سەدیق ئەمجەدی و دەیان کەسی دیکەش چۆن دەکرێت لەبەر چاو نەگرن. هەروەها کەسانێك وەك لایەنگرانی رێکخراوی دیکەش یان ئەوانەی کە لەو کاتەدا لایەنگری هیچ رێکخراوێك نەبوون و بەشداری چالاکیەکانیان دەکرد. هەوڵ مەدەن کە هەموو شت بە ناوی خۆتانەوە بنوسن. لە لایەکی دیکەشەوە ناکرێت کەسێك لە ململانێی خەڵکی داسێراندا و لە پێش مەحکەمەی مەریواندا، بە تاوانی گۆپالبەدەست بوونی سەعید بەگ، بەر شەپ درابێت و ئەمرۆ خۆی وەك خەباتکار و نوێنەری خەڵکی داسێران لەو کاتەدا نیشان بدات. چالاکانی داسێرانی زیندوون و شاهیدی ئەو رووداوەن و بۆ زۆر کەسیان گێراوەتەوە.

**دووهەم،** بەرێوە بردنی شار و دێهاتی مەریوان لەو کاتەدا لە رێگای رێکخراوە مەدەنی و چەکداریەکانەوە بوو. لیستەی زۆربەی بەرێوەبەران و چالاکانی ئەو رێکخراوانە لە ژێر نووسەکاندا دەبینن. سەرنج بدەن کە ئەندامانی ئەو رێکخراوانە چەند کەسیان ئەندام و لایەنگری ئێوە بوون؟ چەند کەسیان لە ژێر کاریگەری سیاسەتی ئێوەدا بوون؟ مرۆڤ دەبێت بەڵگە یان شاهیدی زیندوی هەبێت. ئیدیعای هیچ کام لە ئێمە بە تەنها نابێتە بەڵگە.

**سێهەم،** دڵنیا بن کە من نە لە بەش دەگەرێم و نە لە پێگە سازکردن بۆ خۆم ، نە هیچ شتی شەخسیم لە گەل ئێوە هەیە. دوای پەیوەستن بوونی ئێوە بە کۆمەڵە ساڵانێك لە کۆمەڵەدا پێکەوە کارمان کردووە و شاهیدی بەشداری و خۆ ماندوو کردنی هەموو ئێوەم لەو خەباتە هاوبەشەدا و رێزی تەواو هەیە بۆ ئەو خەبات و خۆماندوکردنەی هەموو لایەك.

ئاگاداری رۆڵی یەك بە یەکی ئێوەم لە کۆمەڵەدا و ئەو مێژووە بە کەس پاك ناکرێتەوە. دەیان جار لە لایەن دۆستانی نزیکی خۆمەوە کەوتوومەتە ژێر زەختەوە کە بیرەوەری بنووسم، بەڵام هەموو جارێك لای خۆم دەڵێم ، من چ کارێکی وەهام کردوە و چ رۆڵێکی وەهام بووە کە بیرەوەری بنووسم، بۆیە هیچ کاتێك و تا ئەمرۆ رازی نەبووم بەو کارە. ئەوەش لێرەدا و ئەم دێرانەم نووسیوە، لە لایەك زوڵم و غەدری ئێوە لە کۆمەڵێك بەشدار و چالاکانی ئەو سەردەمە هانیدام،کە بەرپەرچی هەندێك لە قسەکانتان بدەمەوە، لە لایەکی تریش بۆ ئەوەی کە خوێنەر ئاگاداری ریوایەتی دیکەش لەوەی ئێوە دەیڵێن ببێت. دەتوانن من وەك پێشمەرگەیەکی سادە حیساب بکەن بە سەدان کەم و کورییەوە یان تەنانەت تەنها وەك شایەت حاڵێکی رووداوەکان. بەڵام پێویستە گوێ بگرن لە قسەکان و هەندێك بیری لێ بکەنەوە، دڵنیابن یارمەتیتان دەکات.

**بەشی چوارەم، بەشی کۆتایی**

هەموو بەشدارانی بزوتنەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو نەوەی نوێیەش کە سەرقاڵی سیاسەت و زانست و لێکۆڵینەوەن، ئاگادارن کە سەرەرای تێکۆشان و فیداکاریی زۆر و رەنجێکی فراوان، بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان، ساڵەکانی کۆتایی حەفتاکان و دەسپێکی هەشتاکان و سەرەرای هەموو دەسکەوتەکانی و ئەزمونەکانی، هەرەسی هێنا و شکستی خوارد. لە لایەکی دیکەشەوە هەست و داخوازیە رەواکانی گەلی کورد بەردەوامە. بۆیە پێویستە هۆکاری ئەو هەرەس‌هێنان و سەرنەکەوتنە روون بێتەوە. دەسکەوتەکانی ئەو شۆرشە بەرز بنرخێنرێت و کەڵکی لێ وەربگیردرێت و هەڵەکانی دەسنیشان بکرێت و خۆی لێ بپارێزرێت. بۆ هەر کام لە ئێمە کە لەو رووداوانەدا بەشدار بووین و لەم ماوەی زیاتر لە سی ساڵەدا کارێکی ئەوتۆمان لە بواری پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێکی زانستیانەی پێنەکراوە یان پێ ناکرێت، لانیکەم دەتوانین راستگۆیانە رەوتی رووداوەکان بگێرینەوە و کەرەستەیەکی باش بخەینە بەردەست ئەوانەی کە مەیل و توانای ئەو کارەیان هەیە. ئامادەکردنی کەرەستەیەکی وەها خزمەتێکی گەورەیە بەو پرۆژەیە. ئامانجی ئەم نووسراوەیە بەرپەرچ دانەوەی هەنێك زانیاری ناراست و ئاماژەکردنێکی کورت بوو بە هەندێك رووداو، لە روانگەیەکی دیکەوە، لە خزمەت پرۆژەیەکی وەهادا. هیوادارم بەشدارانی دیکەی رووداوەکان، یارمەتی دەر بن، لە دەربرینی را و بۆچونیان، بۆ ئامادەکردنی کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی وەها، بۆ خزمەتکردنی ئەو پرۆژەیە.

سەرکەوتوو بن،

تاهیر خالیدی، سوید، ٢٠١٧\٩\١٥

**کۆتایی**

**ژێرنوس و بەڵگەنامە.**

**(ژ،١)، گ١**

کەسانی دیاری ئەو بەرەی شێخ  کە بە "شیرین بەهارە" دەناسران ئەمانە بوون. ١- فاتیح شێخ الایسلامی ٢- عەتا رۆستەمی ٣- موسا شێخ الایسلامی ٤- مەجید حسینی ٥- رەئوف کۆنەپۆشی ٦- نەسان نەودنیان ٧- عەبدوڵلا نەودنیان ٨- ئەسەد نەودنیان ٩- هومایون گودازگەر.

ناوی ئەم گروپە لە لایەن مەجید حسینی ەوە و لە بەرنامەی تەلوڤیزینیدا باس کراوە.

حسینی یان کەسانی دیکەیان بە روونی ناوی ئەو رووناکبیرانی دیکەیان نەبردووە کە لە دەوری خۆیان کۆیان کردوەتەوە و سیاسەتێکی هاوبەشیان بەرێوە بردووە.

**( ژ،٢)، گ٢**

بەرەی دووهەم،  بریتی بوون لە ١- سەید حسین پیر خزری ٢- ئەمین موستەفا سوڵتانی ٣- عەبدوڵلا موستەفا سوڵتانی ٤- عەبدوڵلا دارابی ٥- عەبدوڵلا  کۆنەپۆشی (عەبدولا شێخ

عەزیز) ٦- محەمەد مراد ئەمینی ٧- عوسمان رەوشەن تودە ٨- فەروخ کاوە ٩- مەنسوور قەشقایی ١٠- حەسەن شەعبانی ١١ تاهیر خالیدی. (ئەم گروپەش زۆرتر بە گروپی چپە دەناسران، ناوی خوازیاری خۆیان نەبوو و بە تەنزەوە وایان پێ دەوتن). یەکگرتنی ئەم گروپە تاریخێکی روونی نیە. دوو دوو و سێ سێ یەکی گرتەوە و دوایی بووبوونە بەرەیەك. کام لەمانە پێشتر ئەندامی کۆمەڵە بووە یان پەیوەندی رێکخراوەیی بووە بە کۆمەڵەوە، ئەو کات دیار نەبوو بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئەمین و مەلەکە موستەفا سوڵتانی و حسین پیرخزری زۆر پێشتر لە گەڵ تەشکیلات (کۆمەڵە) پەیوەندیان بووە. ئەم گروپە بە دەگمەن هەر یازدە کەسەکەی کۆدەبوونەوە. زۆرتری کۆبوونەوەکانمان چەن کەسی بوو و دوایی ئەوانی دیکەش ئاگادار دەکرانەوە. هیچ کام لەمانە بەرپرسی کەسی دیکە نەبوو. خاڵی هاوبەشی ئەم گروپە بۆ کۆبوونەوە لە گەل یەك و جیاوازی لە گەل ئەو بەرەی دیکە ئەوە بوو کە ئێمە ئەوانمان بە گروپێکی موحافیزەکار دەناسی بە تایبەت شێخ و، پێمان وابوو کە شێخ جگە لە قسە کردن کردەوەی نیە. هیچکاممان پەیوەندیمان لە گەل شێخ نەبوو. بەڵام هەموو ئەندامانی گروپەکەی ئەوانمان وەك یەك چاو لێ نەدەکرد و لەگەل هەندێکیان پەیوەندیمان باش و دۆستانە بوو و هاوکاری یەکیشمان دەکرد و دانیشتن و بیرورا گۆرینەوەش هەبوو. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك لە چالاکانی دیکەی مەریوان لە پەیوەندیەکی چروپردا بوون لەگەل ئەم گروپەی ئێمە و هەر کامەیان لە گەل یەك یان چەند کەس لە ئیمە سەرقاڵی کاری هاوبەش بوون.
زۆربەیان خۆیان بە تەوای بەم بەرەوە دەبەستەوە و ئێمەش ئەوانمان بە تەواوی لە خۆمان دەزانی بەڵام قەت نەدەهاتنە کۆبونەوەی ئێمەوە. بۆ نمونە ئەوانەی کە زۆر نزیکتر بوون بریتین بوون لە: ١- مەلەکە موستەفا سوڵتانی ٢- نەسرین زەکەریایی ٣- فەریدە زەکەریایی ٤- گولرێز قوبادی ٥- ناهید موحەمەدی ٦- تەلعەت خالیدی ٧- چیمەن دارابی ٨- نەسرین دارابی ٩- عێزەت دارابی ١٠- غەفار غولام ویسی ١١- شەمێ حەکیمی ١٢- سەید ئەحمەد پیر خزری ١٣- د. خ ١٤- شەهلا قەشقایی ١٤- سوبیە بابا حاجیان ١٥- ناسێح خالیدی ١٦-ماجد موستەفا سوڵتانی١٧ جەعفەر موستەفا سوڵتانی ١٨- حشمەت موستەفا سوڵتانی ١٩- رەزا موستەفا سوڵتانی ٢٠- حسین موستەفا سوڵتانی ٢١- حەمەی نوری ٢٢-عارف ئەحمەدی نیا ٢٣- هوشمەند رەوشەن تودە ٢٤- ئەحمەد موستەفا سوڵتانی ٢٥- حەسەن خالیدی. ٢٦- مەعسوم خالیدی. ٢٧ م. ش. ٢٨ غوڵام قاسم نەژاد. ٢٩ رزگار شێخ الیسلامی، ٣٠ ئەمجەد مستەفا سوڵتانی، ٣١ناسر مستەفا سوڵتانی ٣٢ فاتمە موحەمەدی هەر وەها و هەندێك دواتریش و دوایی نەورۆزی ١٣٥٨ چالاکانی دیکەش خۆیان لەم بەرەیە نزیك دەکردەوە، بە نموونە١ ناسر رۆستەمی،٢ ساڵح سەرداری ٣ ئەحمەد ئەمیری ٤ فەریدوون موحەمەدی ٥ قاسم موحەمەدی ٦ ئەحمەد نیکجوو ٧ ئەحمەد ساسانی. ٨ محەمەد راستی ٩ محەمەد ئاسایش ١٠مەحمود سلیمانی. ١١عەلی نیکخاە ١٢ ئەحمەد تارك ١٣ حەسەن مەنوچهری. ١٤ حەمەعەلی بەهمەنی. بێگومان چالاکی و رۆل و پێگەی ئەندامانی ئەم بەرەیە وەك یەك نەبوو. بە نمونە سەید حسین پیرخزری یەك لە کەسایەتی ناسراو و خۆشەویستی خەڵکی نژمار و سەرنژمار و خەڵکی کۆماسی و کەڵاتەرزان، پێگەیەکی زۆر بەرچاوی بوو. پیرخزری سالها لەو بەشانەدا کاری کردبوو. عەبدوڵلا دارابی کەسایەتی ناسراوی خەڵکی داسێران و گاگل و هەندێك دێهاتی مەریوان بوو. ئەمین موستەفا سوڵتانی خۆشەویستی خەڵکی ئەڵمانە، چۆر، نەنە، مرگ، شارانی بوو. عەبدوڵلا کۆنەپۆشی لە رەشەدێ و چاوگ و سەڵەسی پێگەی تایبەتی هەبوو. محەمەد مرادی ئەمینی لە داسێران و لەنجاوا و هەندێك دێهاتی سەرشیو چالاك و خۆشەویست بوو. مەنسوری قەشقای و حەسن شەعبانی لە کۆماسی و کەڵاتەرزان زۆر چالاك بوون.
لەکچەکان : مەلەکە موستەفا سوڵتانی، گوڵرێز قوبادی، ناهید موحەمەدی، فاتمە محەمەدی، نەسرین و فەریدە زەکەریایی، شەهلا قەشقایی، تەڵعەت خالیدی، چیمەن و نەسرین دارابی ، لە دێهاتەکان و بەشێکیان لە ناو شاردا دەوری تایبەتیان هەبوو. دیارە بە ئازاد بوونی فوئاد و گەرانەوەی بۆ مەریوان و دوای ماوەیەکی کورت و بە کردەوە، فوئاد بووە کەسی یەکەمی ئەم گروپە و ئەم گروپەی کردە بەشێك لە رێکخراوی کۆمەڵە.

بۆ ناسینی ناوی ئەم گروپە لە گەل مەنسوور قەشقایی، فەروخ کاوە، محەمەد مراد ئەمینی، عەبدوڵا موستەفا سوڵتانی و مەلەکە موستەفا سوڵتانی پەیدەندیم گرتووە و لە زانیاری ئەوان کەڵکم وەرگرتووە.

**(ژ،٣)**

**سیتادی حیفازەت**

ئەم نزیکەی پەنجا و هەشت کەسەی خوارەوە تەنیا بەشێك بوون لەو خەڵکانەی کە بەشداری کار و چالاکی ستادی حیفازەتی مەریوانیان دەکرد. ئەمانە و لە سەروبەندی دامەزراندنی ستادی حیفازەتدا بە ئەندامی هیچ کام لەو سێ گروپە نەدەناسران. هەر وەها زیاتر لە نیوەی ئەم لیستە و ئەو کات نە چەپ بوون و نە کومۆنیست. ئەوانە بریتی بوون لە ١ تۆفیق عەلی مەریوانی و کەریم حاجی کە خۆیان گروپێکی ٧ تا ٨ کەسی بوون لە خزم و کەسی خۆیان. ٢ فایق روستەمی، ٣ نیعمەت رەشیدی،٤ ئەمین بالکی، ٥ حسینە زیتە،٦ سوبحان نێیی،٧ عەبە باوە، ٨ سەعید ئاشنا، ٩ سید سدیق هیدایەتی، ١٠ دەروێش ساڵح، ١١ فایق عەزیزی، ١٢ سدیق ئەمجەدی، ١٣ مەحمود سلێمانی ١٤ ئەحمەد سلێمانی، ١٥ مەجید عەزیزی، ١٦ ناسر رۆستەمی، ١٧ جەهانبەخش روستەمی،١٨ بەهمەن سوڵتانی، ١٩ حەمەمین عەبە ق. ٢٠ عەبە ش. ٢١ کەریم نیکپەی ٢٢ مەجید س.٢٣ نیعمەت باغەبانی ٢٤ فەریدون موحەمەدی ٢٥ جەبار عەزیزی ٢٦ ئەمجەد مینویی ٢٧ غولام جۆشکار ٢٨ مەنسوور فەتاحی ٢٩ ناسر فەتاحی ٣٠ رەزا ناسری ٣١ تەیمور ناسری ٣٢ حسین نادری ٣٣ عارف نادری ٣٤ محەمەد ئاسایش ٣٥ ئەنوەر پویا ٣٦ عەلی پویا ٣٧ سەلام ئیزەدی ٣٨ حسین ئیزەدی ٣٩ قاسم موحەمەدی ٤٠ عومەر نادری ٤١ عەلی ج. س ٤٢ شەهاب زرێبار ٤٣ ئەحمەد نیکجو، ٤٤ سالح سەرداری ٤٥ عەلی ئەکبەر. س ٤٦ ئەحمەد ساسانی ٤٧ ساڵح ك. ٤٨ نەعمەت ئەمیری ٤٩ ئەرسەلان خوردەبینان ٥٠ محەمەد راستی و دەها کەسی دیکە.

( بۆ دڵنیای تەواو، ئەم ناوانەم یەك بە یەك بۆ چوار کەس لەوانەی خۆیان بەشدار بوون لە ستادی حیفازەتدا خوێندوەتەوە و هەر چوار کەسیان تئکیدیان کردەوە کە هەموو ئەمانە و زۆر کەسی دیکەش بەشدار بوون. ئەم چوار کەسە بریتین لە ١ نیعمەت باغەبانی ٢ محەمەد ئاسایش ٣ ئەحمەد ساسانی ٤ ناسێح خالیدی، )

**(ژ،٤)**

شورای شاری مەریوان ئەمانە بوون:

یەك تاقە کەسیشیان کرێکار نەبوون. ١- شێخ عوسمان خالیدی ( دوکانداری دەوڵەمەندی شار) ٢- فوئاد موستەفا سوڵتانی ( لە بنەماڵەی ئاغای ئەڵمانە، ئەندازیاری کارەبا و بێکار) ٣- ئەبو کەریمی (دەبیری دەبیرستان) ٤- سەعید دارابی (جوتیاری خاوەن زەوی داسێران) ٥- حاجی حەمەمین داسێران (جوتیاری خاوەن زەوی داسێران) ٦- سەید مەحموود شیخ الاسلامی (وردە مالکی سێف و کارمەندی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان) ٧- مەحمود ئاشتیانی (لە بنەماڵەی دەوڵەمەندی گاگل و کارمەندی رادیوتەلەویزیونی مەریوان) ٨- بابە عەلی میهرپەروەر (کارمەند و ماوەیەك رەیسی ئیدارەی فێرکردن و بارهێنانی مەریوان) ٩- حاجی ئەمین بەگ رۆستەمی (ئاغا و زەمیندار و یەك لە دەوڵەمەندەکانی مەریوان) ١٠- حاجی حەمە ساڵح بەگ حەیدەری (ئاغا و دوکاندار و دەوڵەمەندی مەریوان) ١١- شێخ ئیبرایم مەردۆخی (لە بنەماڵەی مامناوەندی و نوێنەری مەکتەبی قورئان) ١٢- مەلا رەشید (سەر شیوی، لە چینی مام ناوەندی) ١٣- سەید تۆفێق مینویی (دوکانداری دەوڵەمەندی مەریوان).

لە شورای شاری مەریواندا، ئەم چوار کەسە لە دۆستان و نزیکانی فوئاد و گ٢ بوون. ١ شێخ عوسمان خالیدی ٢ سەعید دارابی ٣ حاجی حەمەمین داسێران ٤ مەحمود شێخ الیسلامی.

ناوی ئەندامانی شورای شارم لە شێخ عوسمان خالیدی وەرگرتووە و لە گەل بابە عەلی میهرپەروە و مەحموودی ئاشتیانیش پەیوەندیم گرتووە. میهرپەروە ناوی هەموویانی لە بیر نەماوە ، بەڵام ئاشتیانی هەموو ناوەکانی تەئید دەکرد.

**( ژ،٥)**

چالاکانی یەکیەتی ژنانی :

١-ناهید مەحەمەدی ٢ مەلەکە موستەفا سوڵتانی ٣ تەڵعەت خالیدی ٤ فەراسەت قاسم نژاد ٥ شەهلا قەشقایی ٦ مەعسوم خالیدی ٧ فاتمە موحەمەدی ٨ نەسرین د. ٩ شەمسی سلێمانی ١٠ بەهجەت خالیدی ١١ چیمەن دارابی ١٢ خ. ١٣ ئامین رەوشەن تودە ١٤ ئایشێ ر. ١٥ شەرافەت قاسم نژاد ١٦ دەلیلە رۆستەمی ١٧ چیمەن روستەمی ١٨ مهری گودازگەر

لەم هەجدە کەسەش چواردەی یەکەمیان لە چالاکانی گ٢ بوون. شەرافەت قاسم نژاد بە لایەنگری چریکە فیدایەکان دەناسرا. دەلیلە رۆستەمی بۆ خۆی دەڵێت کە قەت کاری رێکخراوی لە گەل گ١ نەکردوە.

ناوی ئەم چالاکانەم لە مەلکە و تەلعەت و فەراسەت و شەرافەت وەرگرتووە.

**( ژ،٦)**

چالاکانی رێکخراوی خوێندکاران ( کانون محصلین و دانشجویان)

١ عارف نادری ٢ حسین نادری ٣ جەعفەر سولتانی ٤ دەلیلە روستەمی ٥ ناسر عەلەوی نەسەب ٦ ع. خ ٧ حشمەت سوڵتانی ٨ پرشنگ ئەمجەدی ٩ مونیرە رەشیدی ١٠ عارف ح. ١١ نەعمەت نەودنیان ١٢ هەیبەت نەودنیان.

لەم دوانزە کەسەش هەشت چالاکیان لە گ٢، دوو کەسی کۆتایی لە گ١

زانیاری سەبارەت بە ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە لە، عارف نادری، دەلیلە رۆستەمی، حشمەت سوڵتانی وەرگیراوە

**( ژ،٧)**

دامەرزێنەرانی یەکیەتی داواکارانی مافی گەلی کورد

١-فوئاد موستەفاسوڵتانی ٢ فاتێح شێخ ٣ س. چ. ٤ رەشید مەولودی ٥ فەریدون موحەمەدی ٦ ف. ز ٧ محەمەد ن. ٨ عەلی ن. ٩ حسین پیرخزری ١٠ عەلی قوتبی ١١ سەدیق ئەمجەدی

لەم یازدەکەسە، هەشت کەسیان لە چالاکان و نزیکانی گ٢ بوون.

ناوی ئەندامانی ئەم رێکخراوەیە لە لایەن، رەشید مەولودی، فەریدون موحەمەدی و س.چ. ئەئید کراوە، هەڵبەت هەر سێ کیان هاورا نین کە فاتێح شێخ لە دامەزراندنی دا بووە، بەڵام هاوران لە سەر ئەوەی کە چالاکی ئەو رێکخراوە نەبووە.

**( ژ،٨)**

یەکیەتی کرێکاران ( اتحادیە کرێکاران)

١ غولام قاسم نژاد، ٢ عوسمان رەوشەن توودە ٣ عەتا رۆستەمی ٤ حاتەم ك.م.م

بە پێ زانیارەکانی غولام قاسم نژاد کە ئەو کات سەندووقداری ئەم ئیتیحادیە بووە، ئەم رێکخراوە بە پێ پێشنیاری فوئاد و بە بەشداری ئەم چەند کەسە و لە مزگەوتی هەژارە پێك هاتووە. یەك لە کار و چالاکیە گەورەکانی بریتی بووە لە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ کرێکارانی بێکار. غولام دەڵێت بۆ خۆی گەراوە و لە بیریە کە ٦٣ هەزار تمەن یارمەتی کۆ کردوەتەوە بۆ کرێکارانی بێکار و دەڵێت کە زۆربەی ئەوانەی کە یارمەتیان دەدا موعەلیمەکان بوون. غوڵام دەڵێت کە تا ئەو جێگاش لەبیریە پێشنیهادی ئەو سەندوقە، فوئاد کردوییە و خۆشی لە یەکەمین کەسەکان بووە کە یارمەتی داوە.

لەم چوار کەسە، دوو کەسی یەکەم لە چالاکانی گ٢ و روستەمی گ١ و کەسی چوارەمیش و بە پێ زانیاریەکانی غولام تەنها کرێکاری رێکخراوەکە بووە و سەر بە هیچ لایەنێك نەبووە.

**(ژ،٩)**

**ئەوانەی پێشنووسی نوسراوەکەم بۆ ناردوون بریتین لە:**
١-فەروخ کاوە ٢-عەبدوڵلا موستەفا سوڵتانی ٣-محەمەد مراد ئەمینی ٤ -مەنسوور قەشقایی ٥ -مەلەکە موستەفا سوڵتانی ٦-دەلیلە رۆستەمی ٧- رەزا موستەفاسوڵتانی ٨ – شەهاب زرێبار ٩ – حسین ئیزەدی ١٠ – عارف نادری
لەم دۆستانەم داواکردووە کە ئەگەر زانیارێکی هەڵە لەم نوسراوەدا دەبینن تکایە ئاگادارم بکەن. هەموو ئەم دۆستانە و دوای خوێندنەوەی نوسراوەکە بە تەلەفون یان بە نوسراوە وەڵامیان دامەوە و لە سەرنج و زانیاری و تێبینیەکانی خۆیان ئاگاداریان کردمەوە. بە سپاسێکی زۆر لە هەموو ئەم دۆستانە هەوڵمداوە کە ئەوەندەی بکرێت لە زانیاریەکانیان کەڵك وەرگرم.
جیاواز لەم بەرێزانە، نوسراوەکەم بۆ سێ کەسی دیکەش ناردووە کە بەشداری رووداوەکانی مەریوان نەبوون بەڵام ویستوومە سەرنجیان سەبارەت بە شێوازی نوسینەکە وەرگرم.
سپاسی رێنوێنییە بەنرخەکانی ئەو دۆستانەش دەکەم.
**( ژ،١٠)**

**پرسیار لە شوعەیب زەکەریایی**

( زەکەریایی خۆی پێخۆشە تەنها وەکو ئەندام و پێشمەرگەی لەمێژینەی کۆمەڵە پێناسە بکرێت. بەڵام ئەوانەی زانیاریان سەبارەت بە کۆمەڵە هەیە دەزانن کە زەکەریایی یەکێك لە گەورەترین کەسایەتی رەهبەری ئەو کاتەی کۆمەڵە بووە و ئەگەر سەردەمێك لە کومیتەی رێبەریشدا نەبوویێت، کومیتەی رێبەری کۆمەڵە دایم هەوڵیداوە سەرنج و بۆچوونی سەبارەت بە سیاسەتەکانی کۆمەلە لە بەر چاو بگرێت)
پرسیار١ : ئایا کاك موسلێح ئاگادار نەبوو کە کاك فاتێح شتی وەهای نوسیوە، آنك سپیدە دەمید، بۆ خۆی لەو بارەوە رەخنەی لە کاك فاتێح نەبوو؟
وەڵام: تا ئەو جێگەی کە من بیستوومە (یانێ ناتوانم بڵێم لە سەدا سەد وا بووە)، ئەو نووسراوە ئەوەڵ جار کاك موسلێح لەگەڵ خۆی هێناویە و نیشانی بەعزێک لە هاورێیانی لە تاران داوە و وتووشیە کە کاك فاتێح نووسیویە و رەخنەشی لە کارەکەی کاک فاتێح بووە.
پرسیار ٢: ئایا کاك موسلێح و کاك عەتا بە هۆکاری ئیعتراز بە وەلانانی کاك فاتێح وەلا نران؟
وەڵام ـ نەخێر؛ من شتی وام نەبیستوە و پچڕانی ئیرتباتی تەشکیلاتی کاک عەتا و کاک موسلێح پەیوەندیێکی بە ئێعترازی(ئێحتماڵی)ئەوان بە وەلانانی کاک فاتێحەوە نەبوە. کاک عەتا خۆی وردەوردە لە "تشکیلات" دوور کەوتەوە و کاک موسلێحیش ماوەیێک دوای هاتنەدەری لە زیندان بوو کە وەلا نرا(هەڵسەنگاندنی هاورێیانی پەیوەندیدار لەگەڵ ئەوا ئەوە بوو کە مومکینە ئەگەر جارێکی تر لە داهاتوودا دەسگیر بکرێ توانایی راوەستان لەبەرانبەر زەبر و ئەشکەنجەی ساواکی نەبێ).
لێرەدا بە پێویستی ئەزانم سەرنجتان بۆ بەشی ٣ نووسراوەی "تاریخ بازندە" رابکێشم کە من لەوێێدا چڕوپڕتر لە سەر ئەم بابەتانە دواوم و لە هەمان کاتدا روونیشم کردوەتەوە کە بۆچی بە پێچەوانەی ویستی دەروونی خۆم ناچار بووم لەم بارەوە قسە بکەم.
پرسیار ٣: ئایا لە سەروبەندی پەیامی خومەینی بۆ هێرش بۆ کوردستان و تا پێش شەهید بوونی کاك فواد، رێبەرانی کۆمەڵە بەرنامەیەك یان بیرۆکەیەکی وەهایان هەبووە کە هەیئەتی نمایەندەگی گەلی کورد دروست بکەن، بۆ موزاکرات لە گەل رژیم کە ئیحتیمالەن دوای شکستی رژیم بێتە ئاراوە و، کەس یان کەسانێکتان بۆ ئەو کارە لە نەزەردابووە ، لەوانە کاك فاتێح شێخ؟ ئایا رێبەری کۆمەڵە دەیزانی کە سەرئەنجامی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی دەبێتە شکستی رژیم و بۆیەش دروستکردنی هەیئەتی نمایەندگی خەڵکی کوردی بۆ موزاکرە لە ئەولەویەتی کاری کۆمەڵەدا دانابوو؟
وەڵام ـ نەخێر؛ تا پێش شکست رژیم ئیسلامی و پەیامی خومەینی بۆ ئاگربەس و وتووێژ، هیچ قسەوباسێک لە نێو بەرپرسانی کۆمەڵە لەسەر پێکهێنانی هەیئەتی نمایەندەگی خەڵکی کورد لە ئارادا نەبووە و نەش ئەکرا ببێ(چوونکوو هیچکەس نەیدەتوانی بزانێ ئاکامی ئەو شەڕە بە کوێ دەگات).

**( ژ،١١)**

## پرسیار لە ساعید وەتەندوست

پرسیار ١: ئایا موسلیح ئاگادار نەبوو کە فاتیح شتی وەهای نووسیوە، آنك سپیده دەمید؟ بۆ خۆی لەو بارەوە رەخنەی لە فاتیح نەبوو؟

وەڵام : هەتا ئەو جێگا کە من وەبیرم دێت ئەو نووسراوە کە ئاماژەی پێدراوە (آنک سپیده دمید) بەدەستی گشت هاوڕێیانی ئەو کاتە گەیشتبوو . لەبیرمە ڕەخنەی ئەوکات لە بۆچوون و کار و شێوە ژیانی کاک فاتیح بەو نووسراوەوە دەستی پێنەکرد، کە خۆشی ئاماژەی پێکردوە. بەڵکوو زووتر و بەتایبەت لە کۆبوونەوەکانی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٤٩ کە زۆربەی هاوڕێیانی ئەو کاتی کۆمەڵە تێیدا بەشدار بوون باسیان لێ کرا. زۆربەی بەشدار بوانیش هاورا بوون لەو بارەوە .... لە هەمووو ئەو پرۆسەیەدا کاک موسلیح یەکێک بوو لە هەڵسووراوترین هاوڕێیانی ئەوکاتی "تشکیلات". بەتایبەت گوزارشەکانی ئەو لە کار و ... بۆچوون ی کاک فاتیح زۆر ڕەخنەئامێز و تەنانەت توندیش بوون.

پرسیار ٢ : ئایا موسلیح و عەتا بە هۆکاری ئیعتراز بە وەلانانی فاتیح وەلا نران؟

وەڵام: هەرگیز نەمبیستوە کەسێک لە هاوڕێیانی ئەو کاتە ڕەخنەو ئێعترازیان بە دوور خستنەوەی کاک فاتیح بووبێت! لە بیریشم نەماوە کە دوورخستنەوەی کاک موسلیح لە دوای کاک فاتیح چەندی خایاندبێت!

بۆ کاک عەتاش من خۆم پێوەندی ڕاستەوخۆم لەگەڵ نەبوو بەڵام بە گوزارش بیستوومە خۆی لە کارکردن لەگەڵ "تشکیلات" دووری کردوە و ئەوە کاریگەری بوە لەسەر بڕیاری "تشکیلات"!

پرسیار ٣: ئایا لە سەروبەندی پەیامی خومەینی بۆ هێرش بۆ کوردستان و تا پێش شەهید بوونی کاك فواد، رێبەرانی کۆمەڵە بەرنامەیەك یان بیرۆکەیەکی وەهایان هەبووە کە هەیئەتی نمایەندەگی گەلی کورد دروست بکەن، بۆ موزاکرات لە گەل رژیم کە ئیحتیمالەن دوای شکستی رژیم بێتە ئاراوە و، کەس یان کەسانێکتان بۆ ئەو کارە لە نەزەردابووە ، لەوانە کاك فاتێح شێخ؟ ئایا رێبەری کۆمەڵە دەیزانی کە سەرئەنجامی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی دەبێتە شکستی رژیم و بۆیەش دروستکردنی هەیئەتی نمایەندگی خەڵکی کوردی بۆ موزاکرە لە ئەولەویەتی کاری کۆمەڵەدا دانابوو؟

وەڵام: هەتا ئاخرین ساتەکان کە لەگەڵ کاک فواد پێوەندی ڕاستەوخۆم بوە، واتە ئەو کاتەی کە لە بانەوە بۆ مەریوان بەڕێ کەوت ( سەرەتاکانی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨) نە لە کاک فواد ، نە لە هیچکام لە هاوڕێیانی "کومیتەی ئیجرایی" ئەوکاتی کۆمەڵە و نە لە کەسیترم نەمبیستووە باسی "هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد " کرابێت . ئەو بیرۆکەیە دواتر واتە لەو فەترەیەدا کە پێی ئەوترێت "شەڕی سێ مانگە" هاتوەتە ئاراوە کە مەسەلەی وتووێژ لەگەڵ ڕێژیمی جمهوری اسلامی لە ئارادا بوو. هەروەها نەمبیستووە کەسێک بۆ پێکهێنانی ئەو هەیئەتە دیاری کرابێت.

٢٠١٧\٨\١٦

**( ژ،١٢)**

## پرسیار لە عەبدوڵلا موهتەدی

پرسیار: ئایا لە سەروبەندی پەیامی خومەینی بۆ هێرش بۆ کوردستان و تا پێش شەهید بوونی کاك فواد، رێبەرانی کۆمەڵە بەرنامەیەك یان بیرۆکەیەکی وەهایان هەبووە کە هەیئەتی نمایەندەگی گەلی کورد دروست بکەن، بۆ موزاکرات لە گەل رژیم کە ئیحتیمالەن دوای شکستی رژیم بێتە ئاراوە و، کەس یان کەسانێکتان بۆ ئەو کارە لە نەزەردابووە ، لەوانە کاك فاتێح شێخ؟ ئایا رێبەری کۆمەڵە دەیزانی کە سەرئەنجامی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی دەبێتە شکستی رژیم و بۆیەش دروستکردنی هەیئەتی نمایەندگی خەڵکی کوردی بۆ موزاکرە لە ئەولەویەتی کاری کۆمەڵەدا دانابوو؟

وەڵامی من بەو پرسیارە ئەوەیە: ١ـمن بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری کۆبوونەویەکی ئاوا لە نێوان کاک فوئاد و کاک عەتای رۆستەمی لەگەڵ کاک فاتح نیم کە تیایدا باسی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و پێک هێنانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد و دانانی کاک فاتیح

وەکوو نوێنەری کۆمەڵە لەو هەیئەتەدا کرابێت. دواتریش هەرگیز لە کۆمەڵەدا شتی وام نەبیستوە.٢ـبەڵام من لەکۆبوونەوەیەکدا بووم لەگەڵ کاک فوئاد وکاک فاتیح کە لەوێدا کاک فوئاد داوای لە کاک فاتیح کرد کە بچێتە دەفتەری مامۆستا و منیش هەر ئەو نەزەرم تەئید کرد و بە هەردوکمان ئەو پێشنیارەمان پێ کرد. ئەویش وتی بە مەرجێک قبووڵی دەکەم کە ئەوە مەئموریەتی کۆمەڵە بێت، دەنا حەز دەکەم لەناو کۆمەڵە کار بکەم و دوورم مەخەنەوە. بۆ ئاگاداری کاک فاتیح تازە خەریک بوو لە کۆمەڵە وەردەگیرایەوە و پێی خۆش نەبوو دوور کەوێتەوە.٣ـتۆزێکم پێ سەیرە کاک فوئاد تەنیا چەند رۆژ دوای فەرمانی هێرشی خۆمەینی و لە کاتێکدا کە بە هیچ شێوەیەک باسی ئاگر بەست و وتوویژ لە ئارادا نەبوو و هێرشی تاران لەسەرەتا دا بوو و رژیم هیچ شکستێکی نەخواردبوو تا باسێک لە گفتوگۆ بکا، چۆن کاک فوئاد باسێکی وای هێناوتەوە گۆڕێ. ئینجا چۆن بەبێ پرس و تەگبیر لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو کاتی کۆمەڵە پڕیارێکی وادەدا. ئەگەریش هەموو ئەو پرسیارە بێ وەڵامانەش جواب درانەوە، بۆ کاک فاتیح وەکوو نوێنەری کۆمەڵە بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دادەنێ کە تازە لە کۆمەڵە وەرگیرابووەوە و بۆ کەسێک لە کۆمەڵە ئەو مەئموریەتە گرینگ و هەستیارەی نادرێتێ، کە دەشزانین دواتر کۆمەڵە هەر وای کرد. ئەمە بوو وەڵامی من ، شاد و سەرکەوتوو بن.

١٢\٨\٢٠١٧

**( ژ،١٣)**

## پرسیار لە موحسین ڕەحیمی

پرسیار: ئایا لە سەروبەندی پەیامی خومەینی بۆ هێرش بۆ کوردستان و تا پێش شەهید بوونی کاك فواد، ڕێبەرانی کۆمەڵە بەرنامەیەك یان بیرۆکەیەکی وەهایان هەبووە کە هەیئەتی نمایەندەگی گەلی کورد دروست بکەن، بۆ موزاکرات لەگەل رژیم کە ئیحتیمالەن دوای شکستی رژیم بێتە ئاراوە و، کەس یان کەسانێکتان بۆ ئەو کارە لە نەزەردابووە ، لەوانە کاك فاتێح شێخ؟ ئایا ڕێبەری کۆمەڵە دەیزانی کە سەرئەنجامی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی دەبێتە شکستی رژیم و بۆیەش دروستکردنی هەیئەتی نمایەندگی خەڵکی کوردی بۆ موزاکرە لە ئەولەویەتی کاری کۆمەڵەدا دانابوو؟

وەڵام: هەر وەك بە قسەش بۆم باس کردی، ئەوەندەی من لە بیرم بێ باسی ئەوە کرا کە کاك فاتیح دەتوانیە لەم قۆناغەدا یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ مامۆستا شێخ عیزەتدین ، و لەم رێگاوە بۆ شۆرش.-بەڵام ئەو دەم بەحسی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد نەبوو و ئەوایلی هێرشی هێزی ج.ا بۆ کوردستان بوو. من هەر ئەوەندەم لە بیرە. بە سپاسەوە.

موحسین رەحیمی٢٠١٧\٨\١٥

**( ژ،١٤)**

## پرسیار لە سەید ئیبراهیم عەلیزادە

پرسیار: ئایا لە سەروبەندی پەیامی خومەینی بۆ هێرش بۆ کوردستان و تا پێش شەهید بوونی کاك فواد، ڕێبەرانی کۆمەڵە بەرنامەیەك یان بیرۆکەیەکی وەهایان هەبووە کە هەیئەتی نمایەندەگی گەلی کورد دروست بکەن، بۆ موزاکرات لەگەل رژیم کە ئیحتیمالەن دوای شکستی رژیم بێتە ئاراوە و، کەس یان کەسانێکتان بۆ ئەو کارە لە نەزەردابووە ، لەوانە کاك فاتێح شێخ؟ ئایا ڕێبەری کۆمەڵە دەیزانی کە سەرئەنجامی ئەو هێرشەی کۆماری ئیسلامی دەبێتە شکستی رژیم و بۆیەش دروستکردنی هەیئەتی نمایەندگی خەڵکی کوردی بۆ موزاکرە لە ئەولەویەتی کاری کۆمەڵەدا دانابوو؟

کاك تاهیری بەریز

سلاوێکی گەرم، سەبارەت بە پرسیارەکەت ئەوەیکە بیرم بکەویتەوە بۆتانی دەنۆسم.

هەڵبەت حیسابی چوونە سەری تەمەن و لاواز بوونی حافزەش بکەن:

کاتێك کە هێرشی کۆماری ئێسلامی هاتە قۆناغی ئەمڕۆ و سبەی و کەم و زۆر هێرشێکی سەراسەری و هەمەلایەنە مسۆگەر بوو، سەرکردایەتی ئەو کاتەی کۆمەڵە دوو بەڵگەنامەی ئامادە کرد، یەکیان بۆ بڵاوکردنەوەی عەلەنی بوو، ناوی ئەو بەڵگەنامەیە کە بە فارسی نووسرا بوو، "خلق کرد در بوته آزمایش" بوو. لەو بەڵگەنامەیەدا هیچ شتێکی غەیری

بانگەوازی جەماوەری خەڵك بۆ موقاوەمەت تێدا نەبوو. فەرمان درا بوو کە جەماوەری خەڵك پێویستە بەهەموو وەسیلەێك، بە چەك، بە دار، بە بەرد و ...کوردستان لە ژێر پێی کونەپەڕەستانی دەسەڵاتداردا بکەن بە ئاگر. وشەێکی وای تێیدا نەبوو کە خەڵك لە خەبات سارد کاتەوە. هەموو هەر هاندان و ڕێنیشاندان بوو. بێ گومان قسەێکیش لە موزاکرە نە بە سەراحەت و نە بە ئێشارە، نەبوو.
بەڵگەنامەی دووەهەم، نەخشەڕێگاێکی دیاریکراو بوو بۆ ڕێنوێنی هاوڕێیانمان کە کۆمەڵێك خاڵی زۆر وردی سەبارەت بە چۆنیەتی هیدایەت و بەڕێوەبردنی ئەو بانگەوازەی سەرەوەی تێدا بوو. تیروتەسەل بوو و ئێمە لە ناوچەی رەبەت و سەردەشت وەکوو نامیلکەێك چاپمان کرد کە لە ژمارەێکی مەحدوددا درا بە هاوڕێیان. زۆر بەداخەوە ئەم بەڵگەنامەیەش ئێستا دیار نەماوە. بەڵام دڵنیام لەوەی کە کۆمەڵێك ئەزموونی موقاوەمەتی جیهانی رزگاریخوازانەی تێدا هاتبوو. لەوێشدا قسەیەك لە گفتوگۆ لەگەڵ رژیم و "هەئیەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد" و بابەتی لەم چەشنە نەهاتبوو. سەرکردایەتی ئەو کاتی کۆمەڵە بەناوچەکاندا بڵاو ببونەوە و ئامادەکاری بۆ موقاوەمەتیان دەکرد. کە وایە مەجاڵی کوبونەوە و هاوفکری گشتی نەبوو.
بەڵام دەزانم کە ئێمە هیچ هەڵویستێکی دیکەمان جگە لەوەیکە لەم دوو بەڵگەنامەیەدا هاتبوو، نەبوو.
لەکاتی کوبوونەوەی بەرپرسانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە شاری بانە، من لەشاری سەردەشت بووم. ئاگاداری ئەو کوبوونەوەیش بووم. ئەوەندەی لەبیرم بێت لەم کوبوونەوەیەدا بەهیچ شێوەێك لەشێوەکان، مەسەلەی گفتوگۆ لەگەڵ رژیم نە زەمینەی هەبوو و نە لەو بارودۆخەدا دەشیتوانی بێتە گۆرێ. تا ئەو جێگایەی کە بە تەسەوری ئێمە لە خەبات و موقاوەمەتی چەکداری دەگەڕێتەوە، خۆشتان دەزانن کە ئێمە لە ناخی بۆچۆنی خۆماندا، خۆمان بۆ شەرێکی درێژخایەن ئامادە دەکرد. لەکوبوونەوەکانی بانەدا، ئەساسەن قسە لەسەر هاوئاهەنگی بۆ موقاوەمەت بوو. قسە لەسەر چۆنیەتی دابینکردنی کەرەستەی پێویست بۆ شەر بوو. هەر ئەو کات ئێمە لەسەردەشت لەگەڵ حیزبی دیموکرات و چریکە فیدایەکان خەریکی گفتوگۆ بووین لەسەر ئەوەیکە کە چەك و تەقەمەنی پێویست کە لە بەردەستدا بوو چۆنی دابەش بکەین. لەبیرمە مامە غەنی کە نوێنەری حیزبی دیموکرات بوو، پێشنیاری کرد کە ئەنبارەکانمان با هاوبەش بێت. ئێمەش بە شوخی پێمان وت باشە با هاوبەش بێت بەڵام نیگهبانەکانی کێ بن، کێشە ئەوەیە!
مەسەلەی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتوویژ کاتێك هاتە گۆرێ کە لەڵایەن بەعزە جیناحێکی ناوخۆی رژیمەوە، نیشانەگەلێك دەرکەوت کە پەیامەکانی لەئەساسدا بۆ حیزبی دیموکرات دەهات. لەبیرمە کە صادق زیباکەلام بە ئاگاداری چەمران و موافەقەتی خومەینی بو ئەو مەبەستە بە نهێنی سەفەری مەهابادی کرد بوو، لەو سەفەرەدا بەڕواڵەت حیزبی دێموکرات ئەسیری کرد بوو، کە ماوەیەك دواتر ئازادی کرد. دواجار مەعلووم بوو کە نەك ئەسیر بەڵکوو ڕاسپاردە بووە. جگە لەوە نیشانەگەلێکی تریش بوو. لەهەمووان گرینگتر سەرەتاکانی شکستی نیزامی رژیمیش دەرکەوتبوو. ئیمە هەستمان بەو جم و جۆلە کردبوو کە لەوانەیە دوور لە چاوی ئیمە سازشیک لە گورێ دابیت. قسەی ئێمە ئەوە بوو کە ئەگەر باسی ئاگربەس دەکرێت، ئەوە بەبێ پەسەندکردن و رەزامەندی کۆمەڵە مومکین نایێت.
من نازانم کە یەکەم کەس کێ بوو کە پێشنیاری پێکهێنانی هەئیەتی نوێنەرایەتی گەلی کوردی کرد، بێ گومان ئەو لایەنە حێزبی دیموکرات نەبوو. لەوانەیە پێشنیارەکە لەلایەن مامۆستا شێخ عیزەالدین و یان ئەندامانی دەفتەرەکەیەوە هات بێت. ئەوەی گرینگە لەلایەن کۆمەڵەوە بە هێند وەرگیرا و کەوتینە شوێنی. باقی ڕووداوەکانیش کەم و زۆر روونن و پەیوەندیان بەپرسیارەکەی ئێوەوە نێیە.
سەبارەت بەوەی کە کاك فوئاد چی بە کاك فاتح و کاك عەتا وتووە، من هیچ مەعلوماتێکم نێیە. ئەو کاتە تا ئەو جێگایەی لەبیرم بێت، کاک فوئاد و کاک ساعید وەتەندوست و کاک عەبدولای موهتەدی لەبانە بوون و لەگفتوگۆەکاندا بەشدار بوون. هەروەها دەزانم کە ئەم گفتۆگۆیانە هیچ ئاکامێکی بە کردەوەیان لێ نەکەوتەوە.

هێوادارم ئەم کورتەیە وەکوو وڵامی من بە پرسیارەکە کەڵکی هەبێت بۆتان.
ئیبراهیم عەلیزادە
11/08/2017